سابیر بەکر بۆکانی

تاوانبار و سزا



تاوانبار و سزا

سابیر بەکر بۆکانی
ماستەر لە سایکۆلۆژیای کەسێتیو دروستی دەروونـدا

سلێمانی / 2002

ناوی کتێب: تاوانبارو سزا

ناوی نووسەر: سابیر بەکر بۆکانی

بابەت: لێکۆڵینەوەی دەروونی

تایپو هەڵەچن: خودی نووسەر

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عبدالرحمن

تیراژ: **350** دانە

ژمارەی سپاردن : **420** ی **2002**

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (194)

www.sardam.org

برام ... كاميل

ئەی بێ تاوانترین شەهید:

ئەم دیارییە بۆ تۆ

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشكەش..	3
ناوەڕۆك..	5
پێشەكی..	11
بەشی یەكەم : تاواناسیو تیۆرەكانی	15
- سەرەتایەكی گشتی	17
- تاواناسی وەك چەمك وبابەت...........................	20
- تاوان چیه؟...	24
- تاوان وئاكار..	25
- ئەو زیانانەی بۆ تاوان دەگەڕێنەوە........................	26
- خەسڵەتەكانی تاوان......................................	27
- تیۆرەكانی شیكردنەوەی ڕەفتاری تاوانكاری.............	30
- تیوری لۆمبرۆزۆ:...	30
-پوختەی تیورەكەی لۆمبرۆزۆ..................................	31
-تاوانبار بەزگماك	34
- تاوانباری شێت..	34
- تاوانباری سۆزاوی...	35

- تاوانبار بەڕێکەوت... 36

- تاوانبار بە خوونەریت.................................... 36

-هەڵسەنگاندنی تیورەکەی لۆمبرۆز 37

- تیوری فسیۆلۆژی 40

- کوێرەگلاندەکان و تاوان................................ 40

-تاوان و کەمئەندامی ونەخۆشی... 42

-تاوان وتەمەن... 43

- تاوان ورەگەز... 45

- تاوان ونەژاد.. 46

- تیوری زگماك (بۆماوە)................................ 48

- لێکۆڵینەوەی خێزانە تاوانبارەکان.......................... 50

- توێژینەوەی ئاماریی بەراوردکاریی بۆ تاوانەکانی
باوان ومنداڵەکانیان 54

- توێژینەوەی کرۆمۆسۆمە سێکسیە زیادەکان.............. 57

- تیوری شیکردنەوەی دەروونی............................ 61

- ئەو Id 61

-من Ego 62

- منی باڵا Super Ego... 64

- میکانیزمی فێڵە بەرگریەکان............................ 66

- ڕاڤەکردنی ڕەفتاری تاوانکاری لە تیۆری شیکردنەوەی دەروونیدا..69

- هەڵسەنگاندنی تیورەکەی فرۆید لەتاواندا......................... 72

- قوتابخانەی کۆمەڵایەتی لەتاواندا............................ 74

- تیوری ئابوری.. 76

- هەژاری........................... 77
- ناجێگیری ئابووری............... 79
- قوتابخانەی مارکسیزم (ڕەوتی سیاسی).................. 81
- تیۆری فاکتەرە سروشتیيەکان (جوگرافیای تاوان).........84
- تیوری لاسایی کردنەوە (تارد)............................... 89
- یاساکانی تیورەکەی تارد......... 90
- چەمکە تەواوکارییەکانی تیوری لاسایی کردنەوە............... 92
- هەڵسەنگاندنی تیورەکەی تارد............................ 95
- پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی یەکەم......................... 97
بەشی دووەم: زانستی سزادان وچاککردنی تاوانباران 105
- سەرەتایەك لە زانستی سزادان وچاککردنی تاوانباران..... 107
- پەرەسەندنی سیستمی بەندیخانەکان لەسەردەمی نوێدا... 108
- سزا لەسەردەمی کۆنەوە بۆ چەرخی نوێ...................110
- بنەمای سزادان لەهزری نوێدا............................ 112
- قوتابخانەی ڕۆتینی... 112
- قوتابخانەی ڕۆتینی نوێ.. 116
- قوتابخانەی واقیعی.. 118
- لەنێوان ڕێبازی ڕۆتینی وواقیعیدا.......................... 120
- تیوری گراماتیکا (بزوتنەوەی داکۆکی کۆمەلأیەتی)...... 121
- ناساندنی زانستی سزادان................................ 123
- پێناسەی زانستی سزادان................................... 123
- زانستی سزادان ویاسای سزاکان.............................. 123

-خەسڵەتەکانی سزاکان	124
- بنەمای شەرعیەتی سزا..........	124
- بنەمای قەزائی سزا.............	125
- بنەمای کەسێتی سزا.........................	125
- بنەمای تاکێتی سزا............................	126
- جۆرەکانی سزاکان................................	126
- سزای جەستەیی...................................	126
- سزای زەوت کردنی ئازادی.......................	127
- سزای دارایی..	128
- ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن..................	131
- جۆرەکانی دامەزراوە سزاییەکان.........	133
- دامەزراوە داخراوەکان............................	133
- دامەزراوە کراوەکان................................	133
- دامەزراوە نیمچە کراوەکان......................	135
- چەرخە هەمە جۆرەکانی پەرەسەندنی سزا....	136
- سەرهەڵدانی بزاڤی چاککردن..............	138
- سیستمی دامەزراوەی ئەلمێرای چاککردن.......	138
- سیستمی ئێرلەندی چاککردن..................	140
- سیستمی بۆرستاڵی چاککردن...................	140
- سیستمی چاودێریکردن........................	141
- سیستمی بەندیخانەکان...................	142
- سیستمی کۆمەڵی..................................	142
- سیستمی تەنهایی..........	143

- سیستمی تێکەلاْو	145
- سیستمی پلەدار	146
- سیستمی چاککردن..............................	148
- ڕەفتارو مامەڵە کردنی سزایی...........	149
- مامەڵە کردن لەنێو دامەزراوەکاندا......	149
- پشکنین...............................	150
- پۆلێن کردن......................................	151
- فێرکردن وپاکژ کردنەوە...............................	152
- کارکردن.......................................	155
- چاودێری تەندروستی.............................	158
- چاودێری کۆمەلاْیەتی.............................	160
- مامەڵە کردن لەدەرەوەی دامەزراوە سزایی یەکاندا...	164
- هەڵپەساردنی سزای سەپێنراو...........................	165
- مەرجەکانی هەڵپەساردنی سزا..............................	166
-شوێنەوارەکانی هەڵپەساردنی سزا............................	167
- تاقیکردنەوە...............................	170
- بەراورد لەنێوان تاقیکردنەوەو هەڵپەساردنی سزادا......	171
- وێنەکانی تاقیکردنەوە...............................	172
- مەرجەکانی تاقیکردنەوە...............................	173
- پاڕۆڵ..	176
- پێناسەی پاڕۆڵ...............................	176
- بەراوردکردنی پاڕۆڵ لەگەڵ تاقیکردنەوەدا.........	177
- شوێنەوارەکانی پاڕۆڵ...............................	178

- ئازادكردنی مەرجدار............................... 180

- بەراوردكردنی ئازادكردنی مەرجدار بەسیستمی پارۆڵ...... 181

- كۆڵەكە بنچینەییەكانی سیستمی ئازادكردنی مەرجدار.... 183

- مەرجەكانی ئازادكردنی مەرجدار............................... 185

- سودەكانی ئازادكردنی مەرجدار............................... 186

- چاوخشاندنەوەی دادگا بەسەر بڕیاری ئازادكردنی مەرجداردا..188

- ئەو حاڵەتانەی ئازادكردنی مەرجدار نایانگرێتەوە........ 189

- پەراوێز و سەرچاوەكانی بەشی دووەم............ 190

پێشـــــەكـــــی

تـاوان وەك گرفتێكی كۆمەڵایـەتی وسیمایەكی دزێـوی ژیـانی ڕۆژانـەی كۆمـەڵ، بـەدرێژایی مێـژوو ئـەوەندەی پێنـەكراوە پرۆسـەی پەرەسـەندن وپێشكەوتنی مرۆڤایـەتی پـەكبخات وكـاروانی بەمـەدەنی بوونـی كۆمـەڵگا بوەسـتێنێت، ئـەم دیاردەیـە لەتـەواوی كۆمەڵگـەكاندا بەسـەرەتایی وشارسـتانی‌یەوە بـەكۆن وهاوچەرخی‌یـەوە، بوونـی هـەبووە و لەسـەدان وهەزاران ڕەنگ و وێنەی جیاجیادا خۆی نوێ كردۆتـەوە وبـۆ ساتەوەختێك بەرۆكی مرۆڤایەتی بەرنـەداوە. ڕەنگە لێكدانـەوە فەلسەفی‌یەكان وچیرۆكە ئایینی‌یـەكان وتێڕامـانی بیریـاران، هەریەكـە بـەجیاوازی بـاگراوندی ئـایدیۆلۆژی خۆیـەوە ئـەوەندەی پێكرابێت سەرەتایەك بـۆ ئـەم ڕەفتـارەی مـرۆڤ بخـەملێنێ وبیبەسـتێتەوە بەسـەردەم وقۆنـاغێكی مێژوویـی دیـاریكراوەوە، بـەڵام ئاسـتەم ومەحاڵـە بـەوردی ئـەو سـەردەم وقۆناغـەی ئایندەی ژیانی مرۆڤ دەستنیشان بكرێت كەتیایدا دیاردەی تاوان و ڕەفتاری ناكۆمەڵایـەتی مـرۆڤ نـەمێنێت و، هـەموو پێـوەرە یاسـایی و كۆمەڵایەتی‌یـەكانی تـەواوی مرۆڤایـەتی یـەكبگرن وهـاوڕابن لەسـەر دیـاری كردنـی چەمكـەكانی خـێرو شـەڕو ئـیرۆس وسـاناتۆس وتـاوان وناتـاوان وڕەفتاری كۆمەڵایـەتی‌و ناكۆمەڵایـەتی. ململانـێی نێـوان ئـەم هاوكێشـەیەی ژیان بێ سەرەتاو كۆتایی‌یەو نابڕێتەوە.

پێم وایە ئەم سەرمەدی‌یەی تاوان کردن وابەستەیە بەئاڵۆزیو فرە ڕەهەندی وڕیشەداری خودی دیاردەکەوەو، لەهەموو بوارەکانی ئیکۆلۆژی وکۆمەڵایەتیو سیاسی وکارگێڕی وئابووریو... تاد، دا خۆی دەبینێتەوە ودەبینرێت و، هەموو فاکتەرە سایکۆلۆژیو تەندروستیو زگماکی وسیاسی وئابوری...تاد، سەرچاوە گەلێکن بۆ خولقاندن وسەرهەڵدانی تاوان وبەردەوامی پێدانیو هێشتنەوەی تاوانباران بە پێودانگە یاساییو ئاکاریی‌یەکان.

زۆرێك لەو تاوانانەی ڕۆژانە کراون ودێنە کردن کەس پێیان نازانێتو بکەرو بەرکاری تاوانەکە ئاشکرا نابن، هەندێکیشیان پێدەزانرێنو دەردەکەون تۆمەتبار یان بکەری تاوانەکە نادۆزرێتەوەو ئاشکرا نابێت، بەشێك لەو تاوانبارانەی ئاشکرا دەبن ؛ هەڵدێن وخۆقوتار دەکەن وبەشێکیشیان ئەستۆ پاکی دەسەلمێنن وتاوانەکانیان بەسەردا ساغ نابێتەوە، بەشێکی کەم لە بکەری ڕاستەقینەی تاوانەکان دادگایی دەکرێن ودەخرێنە نێو زیندانەوە، زۆرێك لەوانەی نێو زیندان قوربانی نەخۆشی عەقڵیو، باری دەروونی پەشێوو، فریوخواردووی بەدکاران و، گرفتاری پەروەردەی نادروست وژینگەی پڕلەتاوانکارین یان بەدبەختی داب ونەریتی ڕزیون و، هەشیانە بەرستەمی پۆلیس دادگا ودادوەر کەوتوون. ئەوە ساویلکەیی‌یە ئەگەر پێمان وابێت بەگرتن وبەندکردنیان ئیدی کۆمەڵ لە تاوان پاك دەبێتەوە یان ئەوانەی دەری زیندان فریشتەن وبەهیچ جۆرێك گەردی تاوان لە گەردنیان نەنیشتووە وبێ تاوانن. لەلایەکی تریشەوە نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کەتاوانبار هەرچی‌یەکی کردبێت و بکەری هەرتاوانێك بێت، بەتاوانباری لەدایك نەبووە وڕەنگە لەبارو ڕەوشێکی ترو لەپرۆسەی چاککردنەوەدا مرۆڤێکی ئاسایی نا تاوانباری لێدەربچێت.

خوێنەری بەڕێز.....

ئاگایی وتێگەیشتن لە چەمکەکانی تاوانناسی و، تیۆرەکانی لێکدانەوەی کەسێتی تاوانبارو، زانستی سزادان وقۆناغە جیاجیاکانی پەرەسەندنی سزاو زیندان وچاککردنی تاوانباران، وەك هەر کایەیەکی تری مەعریفە، بەپێویستیەکی حەتمی دادەنرێت بۆ بەرقەرارکردنی کۆمەڵی مەدەنی و، بۆ فراوانکردنی ئاسۆی هۆشیاریو ڕووناکبیریمان و، زیاتر لەوەش بۆ حوکمدانی عەقلانی وزانستی ولۆژیکی بەسەر تاوان وتاوانباراندا، بۆ مامەڵەکردنێکی شارستانی لەگەڵ ئەو چەمکانەدا کەدەکەونە نێو بابەتەکانی زانستی تاوان وسزاوە، هاوکاتیش بۆ ئەوەی لەگەڵ فەلسەفەی سزاو ڕەوتە پێشکەوتووەکانی بواری چاککردنی تاوانباراندا ڕێ بکەین ویەکبگرینەوە لەگەڵیاندا ولەخۆڕا نەکەوینە ستایش یان سەرزەنشتی دەزگا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەتاوان وتاوانبارەوە.

سابیر بەکر بۆکانی

2002/8/5

سلێمانی

بەشی یەکەم

تاواننـاسیو تیورەکانی

سەرەتایەکی گشتی

ئەگەر بەدوای سەرهەڵدانی زانستیانەی تاواناسیدا بگەڕێن و بمانەوێت خاڵی دەستپێکی ئەم زانستە دیاری بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، لەودەمە بەدواوە تیورو دیدو بۆ چوون و بوارەکانی پراکتیزەی ئەم زانستە بەپەرە سەندنێکی بەردەوامدا ڕۆشتوون و هەتا ئەمڕۆ لە سوڕی پێکهاتن و گەشەدان، لەم پێناوەدا دەکرێت بڵێین تاواناسی خۆی لەخۆیدا بریتییە لەمێژووی تیۆرەکانی تاوانکاری.

زانستی تاوان هاوشێوەی ئەو زانستانەی کە مرۆڤیان کردووە بەسەنتەری توێژینەوەکانیان، مێژوویەکی نوێی هەیەو، لەوکاتانەوە پەرەی سەندووە کەشێوازو میتۆدە زانستییەکان بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتەکانی ژیاندا، هاتوونەتە بوون وگەشەیان کردووە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو مێژووە بدەین کەهەندێ لایەنی ئەم زانستە ڕۆشن دەکەنەوە. بۆ نموونە لە گوفتاری فەیلەسوفەکانی وەك سوکرات و ئەفلاتون وئەرستۆدا، هەندێك هێماو ئاماژە بەدی دەکرێن کەتاوانکاری دەگەڕێننەوە بۆ سایکۆلۆژیای مرۆڤی لادەر و دەیبەستنەوە بەناتەواوی ڕەوشت و جەستەوە، بەواتا کەمئەندامی جەستەیی و بەدڕەوشتی سەرچاوەی ئەو تاوانانەن کە دێنەکردن (1).

ساڵی 1586 دیلابۆرتا لە کتێبی ((زانستی تاوان))دا دەڵێت: تاوان پەیوەندی بە ڕوخسارو نێوچاوان و چاوی مرۆڤەوە هەیە.

ئەو تیۆرو ڕێبازە زانستییانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە تاواناسیدا پەیدابوون، هەوڵ و توێژینەوەی وردی زانستی بوون بۆ

گەڕان بە دوای هۆکارەکانی تاوانکاری و پێکهاتەی ئەو ڕەفتارانەدا کەلە سنورەکانی تاواندا دەسوڕێنەوە. ئەو دیدو بۆچوونە جیاوازانە هەر یەکەیان هزرو ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتیان لە پشتەوەیە و بنەما تیۆرییەکەی خۆیان لەسەر داڕشتووە. هەندێکیان لە لێکدانەوەی ڕەفتاری تاوانکاریدا فاکتەرە زگماکی و بۆماوەییە فسیۆلۆجییەکان بەبناغە دادەنێن وەك قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژیای ئیتالی، گەرچی چەند بیریارێکی سەربەو قوتابخانەیە باس لە هاوبەشیکردنی فاکتەرە کۆمەلایەتییەکانیش دەکەن، بەلام بە شێوەیەکی گشتی ڕەفتاری تاوانکاری دەگەڕێننەوە بۆ فاکتەرە بۆماوەییەکان (2).

بەشێکیتر لەو تیورانە قوتابخانەی بایۆلۆژییان پێکهێناوەو تەنها فاکتەرە بایۆلۆژییەکان بە هەند وەردەگرن. ئەم قوتابخانەیەش لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە هۆی پێشکەوتنی توێژینەوەکان لە زانستی گلاندەکان و کاریگەری گلاندەکان لەسەر هەلچوونەکانی کەسێتیو، کاریگەری کیمیای جەستەی مرۆڤ لەسەر هاوسەنگی هێزە دەماری و دەروونی و فسیۆلۆژییەکان، تەشەنەیان سەندو بلاوبوونەوە. بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتاری تاوانکارییان دەگەڕاندەوە بۆ پەشێوی لە گلاندەکانی جەستەدا.

هەندێك تیۆری تر بە ئاقاری فاکتەرە عەقلییەکاندا دەڕۆشتن و هۆیەکانی تاوانکارییان دەبەستەوە بە لاوازی هێزە عەقلییەکانی مرۆڤەوە کە بەرئەنجامی نەخۆشی یان ناتەواوی یان پەشێوین لە کۆئەندامی عەقلی و دەماری مرۆڤدا.

چەند تیۆرێکی تریش قوتابخانەی سایکۆلۆژییان پێکهێناوە و، بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری تاوانکاریش ئاماژە بە پەشێوییەکانی نێو کۆئەندامی دەروونی مرۆڤ دەکەن کە ئەوانیش بەرئەنجامی تێکچوون و لادان بوون لە غەریزە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤدا.

پێویســـــته بگوترێـــت پێشـــــكەوتنی توێژینـــــەوەكانی زانســـــتە كۆمەڵایەتی‌یـەكان و بەتایبـەتیش لەگـەڵ سـەرهەڵدانی كۆمەڵناسـی‌دا وەك زانسـتێكی سـەربەخۆ لـە نیـوەی یەكـەمی سـەدەی نۆزدەهـــەمدا، ئیـــدی بیركردنەوەی زاناكان ڕوویان كردە كێشە كۆمەڵایەتی‌یەكان كە تاوان یـەكێك بوو لە و كێشـانە، توێـژەران بەگشـتی و زانـای هەڵكـەوتووی ئامـار(كۆتلیـت) ســـەلماندیان كـــە ڕەفتـــاری تاوانكـــاری دیاردەیـــەكی كۆمەڵایەتی‌یـــە و هۆكارەكانیشی لە هەناوی ئەو كۆمەڵگایـەوە سـەرچاوە دەگـرن كـە تاوانەكـە تیایدا دێتە كردن (3).

تاواننـاســی بـۆ یەكـەمجار لـە ئـەمریكادا دەركـەوت و وەك خوێندنـــی زانكۆیـــش لـــە بەشـــەكانی كۆمەڵناســـی‌دا دەخوێنـــدرا و هـــەتا ئـــەمڕۆش هەرتایبەتـە بـەو بەشـەوە. بـەڵام لـە وڵاتـەكانی ئـەورووپادا توێژینـەوەكانی تاوانناسی لەو پەیمانگایانەدا دەخوێندرێـن كـە سـەر بـە كۆلێجـەكانی یاسـاو مافن (4).

ئەمڕۆ تاوانناسی شوێنێكی مەزن و پڕ بایەخی لـە مـەیدانی توێژینـەوە كۆمەڵایەتی‌یەكاندا داگیر كردووە و، بریتی‌یـە لـەو زانستەی لـە دیاردەكـانی تاوانكاری دەكۆڵێتـەوەو لـە هـەوڵی دۆزینـەوەو ناسـینی فاكتـەرەكانی تـاوان كردندایە تاكو زۆرترین هۆكار كۆنترۆڵ بكرێت و هەموو ڕێگاو كەرەسەیەك بگیرێتـــە بـــەر بـــۆ بـــەرەنگار بوونـــەوەی و ڕزگـــار كردنـــی دامـــەزراوە كۆمەڵایەتی‌یـــەكان لـــە زیـــان و شـــەڕانگێزی‌یەكانی ڕەفتـــاری تاوانكـــاری و، ســـەبارەت بـــە تاكەكەســـانیش دورخســـتنەوەی كارەســـات و نەهامـــەتی دەگرێتەوە (5).

تاواناسی وەك چەمك و بابەت

له پێناسه كردنی تاواناسیدا دكرێت بڵێین: بریتیـیـه لـەو زانستەی لـه تاوان و سزا و ڕێگا چارەسازییەكانیتر دەكۆڵێتەوەو بەم پێیه ئامـانجی ئـەم لقـەی زانست پەیوەسـته بەیـەكێك لەلایەنـەكانی ڕەفتـاری تاكەكـەس لـه كۆمـەڵدا، ڕەفتـارێك كـۆك و تـەبا بێـت لەگـەڵ بنـەما یاسـایی و ئاكارییەكاندا (6).

ئەو بوارانەش كه توێژینەوەكانی تاواناسی دەیانگرێتـەوە تەنـها بریتـی نییه له وەسف كردنی ڕەفتاری مرۆڤایەتی وەك خۆگونجاندن یان نـەگونجان لەگەڵ بنـەما یاسایی و ئاكارییـەكاندا، بـەلكو بوارەكـانی لێكۆڵینـەوەكانی تاواناسـی قوڵـتر و هەمەلایـەنترو خـۆی لـه شـیكردنەوەی سـەرجەم فاكتەرەكانی پێكهێنەری تاواندا دەبینێتەوە، ئینجا ئەو لایەنە كەسێتی بێت واتـا بكـەری تاوانەكه بێـت یـاخود لایـەنی مـاددی پەیوەسـت بـه خـودی تاوانەكـەوە بێـت، ئەمـەش لـەو ڕوانگەیـەوە كـه تـاوان دیاردەیـەكی كۆمەڵایەتیـیە و زیـان بـه كۆمـەڵ و تاكەكانی دەگەیـەنێت. ئەمـه لەلایـەك، لەلایـەكیترەوە توێژینـەوەكانی ئـەم زانسـته ڕەفتـاری تاوانكـاری و، فاكتەرەكانی خولقاندنی دەگرێتەوە، ئینجـا ئـەو فاكتەرانـه كۆمەڵایـەتی بـن یاخود تاكەكەسی بن كه دەبنه هۆی ئاڕاستەكردنی ڕەفتاری تاوانكاری (7).

فاكتەره كۆمەڵایەتییـەكان لـه فراوانـترین مانایانـدا ئـابوری و سیاسـی و كەلتوری و بـارو زروفـی ژینگـەیین، ئـەم لایەنانـەش تایبـەتن بـه تاواناسـی تیۆرییەوە Theoritical Griminology. بـەڵام فاكتـەره كەسـییەكان تایبـەتن بـه خـودی تاكەكەسـەكەوە وەك لایەنـه عـەقڵی و سـایكۆلۆژی و بـایۆلۆژی و

فسیۆلۆژیەکان، گەرچی ئەم لایەنانە بۆ خۆیان بابەیەتی تویژینەوەی زانستەکانی ترن بەلآم تاواناسی قەوارەی خۆی لە بۆتەی ئەو لایەنانەدا دەبینێتەوە ئینجا ئەو لایەنانە لە کاتی بەکارهێنانیان بەیەکەوە یان بەجیا لە مەیدانی پراکتیکیدا، تاواناسی پراکتیکی Aplied Griminlogy پێك دەهێنن (8).

مادام تاوان یەکێکە لە دیاردە کۆمەلآیەتیەکان، بۆیە لە ڕاڤە کردن و شیکار و لێکدانەوەیدا(بەشێوەیەکی زانستی) دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی سەرجەم فاکتەرە کۆمەلآیەتی و تاکەکەسیەکان، چونکە تاوان لە سروشت و وێنە هەمەجۆرەکانیدا جگە لە کارلێك کردن و ئاوێتە بوونی تاکەکەس لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەلآیەتیەکایدا، هیچیتر نییەو، تەنها ئەو دوو پۆلە فاکتەرە ڕەفتاری مرۆڤ ئاراستە دەکەن و دەینەخشێنن، ئینجا ئەگەر ڕەفتاری مرۆڤەکە دژو ناکۆك بێت لەگەڵ سیستمی کۆمەلگاو بنەمایاساییەکانیدا ئەوا پێیدەوترێت ((ڕەفتاری تاوانکاری)) بەلآم ئەگەر کۆك و تەبابێت لەگەڵیاندا و دژیان نەوەستێت، پێی دەوترێت ((ڕەفتاری کۆمەلآیەتی)) (9).

تاواناسی بەو پێیەی ڕەفتاری تاوانکاری بە دیاردەیەکی ترسناك هەژمار دەکات کە هەڕەشە لە کۆمەلگاو تاکەکانی ناوی دەکات، بۆیە ئەو مافەش بە کۆمەڵ دەدات لە پێناو زامن کردنی ئاسایش و ئارامی و پاراستنی قەوارەکەیدا، داکۆکی لە خۆی بکات و بەرەنگاری ببێتەوە. ئەم داکۆکی کردنەش چەند شێوەیەك بەخۆوە دەگرێت و هەندێجار بەکەرەستەی گشتی دەیکات بۆئەوەی سیستمی کۆمەلآیەتی چاك بکاتەوە، وەك کەرەسەکانی نەهێشتنی بێکاری و، بلآوکردنەوەی خوێندەواریو، دابین

کردنی ژیان لەرێی چاکسازی ئابورییەوە یان لەرێی پاراستنی مافی تاکە کەسانەوە ئەویش بەچاککردنی سیستمی سیاسیو....تاد.

لە هەندێ حاڵەتی تردا بەکەرەستەی تایبەتی دەیکات کە ئاراستە دەکرێن بۆ رەفتاری خودی تاوانبارەکە، ئەویش بەگرتنە بەری کەرەسەی تەکنیکی وەها کەبتوانێت توێژینەوە بۆ تاوانبارەکە بکات و هۆیەکانی لادان و تاوانەکەی بدۆزێتەوە و پاشان هەوڵ بدات ئەو هۆیانە بنە بڕبکات و کەسەکە بهێنێتەوە سەر رێگەی راست و دوری بخاتەوە لەجیهانی تاوان .**(10)**

لێرەدا بەمەبەستی رونکردنەوەی زیاتر چەند پێناسەیەکی تاوانناسی دەخەینە روو، ناکرێت وابەستە بین بەپێناسەیەکی دیاری کراوەوە چونکە هەتا ئەمرۆ پسپۆرو شارازایانی بوارەکە لەسەر پێناسەیەکی ووردو هەمە لایەنەی ئەم زانستە رێکنەکەوتوون، تاوانناسی بریتی لە:-

- لەزانستی هۆیەکانی تاوان کردن.
- لەو زانستەی گرنگی بەلێکۆڵینەوەی تاوان دەدات لەرێی توێژینەوە لە تاوانبار لەلایەنەکانی: سایکۆلۆژیو، ژینگەی کاریگەرو، ئامادەباشییە بۆماوەیییەکان و ئەو حاڵەتانەی پاڵنەرن بۆ کردنی تاوانەکەی.
- پسپۆرە ئەڵمانییەکان دەڵێن ئەو زانستەیە لەدیاردە سروشتیو حەقیقییەکان دەکۆڵێتەوە کەدەبنە هۆی گەلاڵەکردنی تاوان، هەروەها لەو کەرەسانەش دەکۆڵێتەوە کە قەلاچۆی دەکەن و بەسەریدا زاڵ دەبن.
- پسپۆرە ئیتالییەکان بەم جۆرە پێناسەی دەکەن: لقێکی زانستەو گرنگی بەتاوان دەدات لەسەر ئەو بناغەیەی کەگوایە تاوان راستییەکی واقیعیە نەك راستییەکی یاسایی بێت، بۆیە دەبێت بەدوای هۆکارەکانیدا

بگەڕێین و تاپێمان دەکرێت هەوڵبدەین بۆ بنەبڕکردنی ئەو هۆکارانەی کەتاوان دروست دەکەن (11).

• نیسیگۆڕۆ دەڵێت: ئەو زانستەیە کەسەرجەم لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەتاوان و تاوانبار وژینگە وهۆیەکانی تاوانکردن و خۆپاراستن و سەرکوت کردنی تاوان لەخۆدەگرێت.

• کۆنگرەی نێو دەوڵەتی دووەمی تاوان لەساڵی 1950 کەلە شاری پاریس بەستراوە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: بریتی‌یە لە توێژینەوەی زانستی بۆ دیاردەی تاوان و بابەتەکەشی بریتی‌یە لەلێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی دیاردەی تاوان و ڕێگاکانی چارەسەر کردنی (12).

• زانستی تاوان بەچەمکی نوێش بریتی‌یە: لەو زانستەی لەڕەفتاری شەڕانگێزی دژ بەکۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، بەرووبەڕووبونەوەی ئەو ڕەفتارە لەڕێی گەڕاندنەوەیەوە بۆ فاکتەرە حەقیقیەکانی (13).

بەمەبەستی ڕوونکردنەوە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا ئاماژە بۆ بابەتەکانی تاوانناسی بکەین:-

- ئەو تاوانانەی دێنە کردن.
- ئەوکەسانەی پیّی هەڵدەستن.
- وەسفی یاسایی تاوانە هەمەجۆرەکان (14)، (15).

ئەمانە سەرجەم ئەو بابەتانەبوون کە جیّی بایەخی تاوانناسین، ئینجا مادام تاوان بەڵگەیە بۆ ڕەفتاری تاوانکاری کەواتە پێویستە بزانین تاوان چی‌یە؟

تاوان چىیە؟

دەكرێت بڵێین چەمكی تاوان بەسێ قۆناغی گرنگدا تێپەڕیوە كە بریتین لە:

- **قۆناغی ئایینی:** تاوان بەچەمكی ئایینی دەستدرێژی كردنێكی ڕاستەوخۆو ڕاشكاوانەیە بۆ سەر خواوەندەكان و، دەرچونێكی ترسناكە لەوبیرو باوەڕانەی لە ئاسمانەوە هاتونەتە خوارەوە. ئینجا لەبەر ئەوەی خواوەندەكان تاكە پاسەوانن بۆ خێروچاكەی گروپ و بەرژەوەندیەكانیان، بۆیە هەموو لادانێك لەو بنەمایانەی كە هێزە ئاسمانیەكان نەخشاندوویانن، بە مەترسیەكی مەبەستدار بۆ خێرو بەرژەوەندی گروپ هەژمار دەكرێت.

- **قۆناغی یاسایی:** كاتێك دەوڵەت وەك دامەزراوێكی كۆمەلأیەتی، كاروباری چاودێریكردنی بەرژەوەندی كۆمەڵی لەئەستۆ گرت، ئیتر تاوان ئەو بنەمایەی وەرگرت كە مەترسیەكەو هەڕەشە لەبەرژەوەندی دەوڵەت دەكات وسەرپێچی كردنە لەویاساو سیستمانەی كە دایڕشتبوون. لێرەوە چەمكی ئایینی گواسترایەوە بۆچەمكی یاسایی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەمكە ئایینیەكە لە مێشكی خەڵكیدا بەهەڵپەسێراوی مایەوەو، چەمكە یاساییەكەش سیمایەكی ئایینی پێوە دیاربوو، خەڵكی بەهەمان تێڕوانینی خواوەندەكانەوە تەماشای فەرمانڕەواكانیان دەكرد.

- **قۆناغی كۆمەلأیەتی:** چەمكی تاوان هەتا سەدەی بیستەم لەنێوان هەردوو قۆناغەكەی پێشووتردا لە هاتوچون و هەڵبەزو دابەزدابوو تائەو كاتەی زانستە كۆمەلأیەتیەكان چەمكێكی نوێیان هێنایە ئاراوە وەك زانستەكانی كۆمەڵناسی و سایكۆلۆژیاو مرۆڤناسی، ئەو تێڕوانینە

نوێیەیکۆمەڵناسی هێنایە کایەوە -سەبارەت بەچەمکی تاوان- بەشۆڕشێکی عەقڵی مەزن هەژمار دەکرێت و سەرکەوتنێکی کەم هاوتا بوو لەمێژووی تاوانناسیدا چونکە بەدیدێکی زانستی‌یەوە بۆ تاوانباری دەڕوانی وئامانجی چاککردنی تاوانبارو کارکردن بوو بۆ گۆڕینی ڕەوشەکەی (16).

تاوان و ئاکار:

تاوان لەڕووی یاسایی‌یەوە بریتی‌یە لەسەرجەم ئەو کردەوانەی لەگەڵ بڕیارو حوکمەکانی یاسای سزاکاندا یەکناگرنەوە. یاسای سزاکانیش ئەو یاسایانەیە کەکردەوە نادرووست و ناڕەواکان و بڕی سزاکانیان لە خۆدەگرێت ودەستنیشانی دەکات. مادام تاوان لەسروشت و پێکهاتەیدا ڕەفتارێکی دژ بەکۆمەڵگایە، بۆیە دەزگاو دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌یەکانیش یاسایان داڕشتوە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی پێی هەڵدەستن.ئەم پێناسەیە بەتەواوەتی گشتی و کۆگرنیە، چونکە تاوان هەموو ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە کەدژ بەبنەماکانی ئاکارن، واتا تاوان کارێکی نائاکاری‌یە وخەڵکی دوور دەکەونەوە لێی (17).

هەموو کردەوەیەکی تاوانکاری خۆی لە خۆیدا دژ بەبنەماکانی ئاکارە بەڵام مەرج نییە هەموو کردەوەیەکی دژ بەبنەماکانی ئاکار بەتاوان هەژماربکرێت. تاوان لەیاسای سزاکاندا دەستنیشانکراوە وهەرکاتێك کردەوەیەکی لەو جۆرە یەکێك لەدەقەکانی یاسای سزاکانی بەسەردا بچەسپێ ئەوا بەتاوان دادەنرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەندێك کاری نائاکاری کە خەڵکی لێی دوور دەکەونەوە بەتاوان دانانرێت هەرلەبەرئەوەی

یاسا بەندێکی بۆ دانەڕشتووە. کەواتە دەکرێت بڵێین بازنەو ڕەهەندەکانی ئاکار فراوانترە لەبازنەو ڕەهەندەکانی یاسا چونکە:

- کاری نائاکاری لەتێڕوانینی کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.
- کاری نائاکاری بەپێوەرەکانی کۆمەڵگایەك جیایە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تردا.
- کاری نائاکاری لەلای ئەوانەش کەبەنائاکاری دادەنێن پلەی جیاوازی هەیە وهەموویان وەکویەك تەماشای ناکەن.
- کاری نائاکاری لەزەمانێکەوە بۆ زەمانێکیتر گۆڕانکاری بەسەردا دێت (18).

بۆیە ناکرێت بەدەر لەرەهەندەکانیکات و شوێن کاری نائاکاری وتاوان دەستنیشان بکەین و پێویستە بەپێی پێوەرەکانی کۆمەڵگاو بنەما کۆمەڵایەتییەکان وەسف بکرێن.

ئەو زیانانەی بۆ تاوان دەگەڕێتەوە:

تاوان نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییەو ڕەگ و ڕیشەی لەتەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا داکوتاوە. ئەوتاوانانەی ڕۆژانە دێنەکردن زەحمەتە ئاماری دروستیان بۆبکرێت و، ڕۆژانە هەزاران تاوانبار سزایان بەسەردا دەسەپێنرێت. گومانی تێدا نیە شوێن پێهەلگرتنیتاوانباران و دادگاییکردن و سزادانیان، ساڵانە داهاتێکی زۆریان بۆخەرج دەکرێ. بۆئەم مەبەستە هەندێك زانای تاوان لەچەند دەوڵەتێکی دنیادا هەوڵیان داوە، ئاماری ئەو تێچونانە بکەن کە ساڵانە تەرخان دەکرێت، بۆنموونە لە ئەمەریکا زانایەکی وەك (سمس) لەساڵی 1928-1929 تێکڕای ئەو بڕەپارەیەی کەبۆ قەڵاچۆکردنی تاوان سەرف کراوە، دیاری کردووە و بەم شێوەیە

خستویەتی‌یە ڕوو: چوار ملیار دۆلار سالانە بۆ زیانە ڕاستەوخۆکانی تاوان و، پێنج تا شەش ملیار دۆلار بۆزیانە ناڕاستەوخۆکانی وەك خەرجی پۆلیس و زیندان و دادگاکان، کەواتە کۆی گشتی تێچونەکان لەوسالەدا نزیکەی (10)ملیار دۆلاربووە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.ئەمە وجگە لەوزیانە مەعنەویانەی کەهەڕەشەیان لەژیانی ئاسایی هاولاتی‌یان کردووە وەك ترس و دلەڕاوکێ‌و نەبوونی ئاسایش (19).

خەسلەتەکانی تاوان:

ئەو دەقانەی لەنێو چوار چێوەی بەندە یاسایی‌یەکاندان بەتەنها پێناسەی تاوانەکانی وەك دزی‌و کوشتن...تاد دەکەن، بەلام پسپۆڕو شارەزایانی یاسا چەندین بنەمای گشتی‌یان کورت و پوخت کردۆتەوە کەبەسەر هەموو جۆرە تاوانێکدا دەچەسپێن، ئەو بنەماو پرانسیپانەش لەگەلْ خەسلەتەکانی یاساکانی تاواندا تەباو گونجاون وبەشێوەیەکی وورد نیشانە گشتی‌یەکانی بابەتی دەقە یاسایی‌یەکە دەستنیشان دەکەن. لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین.

هیچ ڕەفتارێکی دیاری کراو بەتاوان هەژمار ناکرێت ئەگەر ئەم ڕەگەزانەی لەخۆ نەگرتبێت:-

1- بەرلەوەی هەر ڕەفتارێك بەتاوان دابنرێت پێویستە ڕوخسارێکی دەرەکی زیانبەخشی هەبێت، واتا تاوان زیان بەبەرژەوەندی کۆمەلایەتی دەگەیەنێت. بەتەنها حالەتێکی فیکری یان هەلچوونی کەوا لە کەسێك بکەن بیر لەتاوان بکاتەوە بەس نیەو بەتاوان هەژمار ناکرێت ئەگەر هاتوو لەپێش کردنی تاوانەکەیدا بیرکردنەوەکەی بگۆڕێت وڕاستی بکاتەوەو،

کەسەکەش بە تاوانبار دانانرێت ئەگەر مەبەست ومەرامی تاوانکاری لەپشت کردەوەکەیەوە نەبێت.

2- پێویستە ئەو زیانەی لە ڕەفتارێك دەکەوێتەوە لەڕووی یاساییەوە تابۆ (التحريم) کرابێت ولەیاسای سزاکاندا پێناسەو سنوربەندی بۆکرابێت. ڕەفتاری دژ بەکۆمەڵ بەتاوان هەژمار ناکرێت ئەگەر یاسا تابۆی نەکردبێت ودەبێت یاسایەك بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوزیانە دەستنیشان بکات.

3-دەبێت ڕەفتارێك هەبێت -نێگەتیف یان پۆزەتیف، مەبەستدار یان بێمەبەست- کەببێتە هۆی ڕودانی زیان. خۆئەگەر کەسێك لەڕوی مادیەوە ڕقی لەوە بێت تفەنگ بتەقێنێت یان فشار بخاتە سەر پەلەپیتکەی تفەنگ، ئەوا بەبکەری تاوانی کوشتن دانانرێت تەنانەت ئەگەر لەئەنجامی دەرچوونی گوللەی تفەنگەکەشەوە کەسێك کوژرابێت.

- پێویستە پەیوەندی وتێهەڵکێش بوون لەنێوان ڕەفتارەکەو، مەبەستی تاوانکردندا بوونی هەبێت بۆ نموونە: پۆلیسێك بەمەبەستی گرتنی تۆمەتبارێك دەچێتە ماڵێکەوە وتاوانێکی لەدەست دەقەومێت - لەکاتێکدا لەناو ماڵەکەدایە وفرمانی گرتنی تۆمەتبارەکەی پێیە- لەم حاڵەتەدا بەتاوانبار دانانرێت چونکە بەمەبەستی تاوانکردن نەچۆتە ناو ماڵەکەوە. تاوانەکەو ئەومەبەستەی پۆلیسەکە هەیبووە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکتریەوە نەبووە.

- پێویستە یاسا سزاکەی دیاری کردبێت و، تەنها ئەوەندە بەس نیە کەیاسا زیانەکە دیاری بکات، بەڵکو لەوەش زیاتر دەبێت دەقێکی یاسایی لەئارادا بێت کەهەڕەشەی سزادانی لە خۆگرتبێت بۆ هەموو ئەوکەسانەی بەئیرادەی تەواوی خۆیانەوە سەرپێچی دەکەن لەودەقە یاساییە.

6-پێویستە مەبەستی تاوانکردن لەئارادا بێت. لەم بارەیەوە (هۆل) دەڵێت هەندێك لەپیاوانی یاسا (مەبەست و هاندەر) تێکەڵ بەیەکتری دەکەن، مەبەست کارێکی ئیرادییە و دەبێتە هۆی گەیاندنمان بە ئەنجامێك، بەڵام هاندەر: هۆکارو پاڵنەرە بۆ گەیشتنە ئەنجام. مەبەستی تاوانکاری بەوەی یەکەمیان بەرجەستە دەبێت نەك دووەم. بۆ نموونە ئەوکەسانەی لەکاتی ڕەفتارێکی نادروست و تابۆدا لەڕووی یاساییەوە، بەشێت هەژمار بکرێن ئەوا ناچنە خانەی تاوانبارانەوە چونکە مەبەستی تاوانکردنیان نەبووە (20).

تیورەکانی شیکردنەوەی ڕەفتاری تاوانکاری

تیوری لومبرۆزۆ

لومـبرۆزۆ بـەناوبانگترین زانـای ئەنسرۆپۆلۆژیای تاوانـە ودامەزرێنــەری قوتابخانـــەی ئیتالیـــە لەلێکدانـــەوەی ڕەفتـــاری تاوانکـــاریدا ســـیمایەکی زانستیانەیان بەتاوانناسی بەخشی.

لومـــبرۆزۆ ســـاڵی 1836لەشـــاری بافیـــای ئیتالیـــا لـــەدایك بـــووە ودوای تـەواوکردنی خوێندنـی پزیشکی لـە زانکـۆ، بـووە بـە پزیشکی سـەربازی لـە سوپادا و دواتریش بەمامۆستای پزیشکی شـەرعی لـەزانکۆی تۆرینـۆ وئینجا مامۆستا لە نەخۆشیە عەقڵیەکاندا لەشاری تۆرین. کاتێك لەسوپادا پزیشك بـووە زۆربـەی کاتـە بێئیشـیەکانی خـۆی لـە توێکردنـی (تشریح) تـەرمی سەربارەکاندا بەسەر دەبرد. لە ئـەنجامی توێژینەوەکانیـەوە بـۆی دەرکـەوت کەسەربازە ڕەفتارچاك و ڕاستگۆکان، جەستەیان جیـاواز بـووە لـە جەسـتەی ســەربازە خــراپ و شــەڕانگێزەکان. جیاوازیەکـەش لـەو خــاڵ و نیشـــانەو وێنانەدا بوون کەلەسەر پێستی خۆیان کوتابویانن بەتایبەتیش ئەو نـەخش و وێنانەی دژ بەبنەماکانی ئاداب و ڕەوشـت بـوون، بـەڵام سـەربازە ڕەوشـت بـەرزو ڕاسـتگۆکان بـەهیچ جۆرێك ئـەو وێنانـە بـە جەسـتەیانەوە بوونیـان نـــەبووە. ئـــەم تێبینـــی و ســـەرنجانە ســـەرەتایەك بـــوون بـــۆ توێژینـــەوەی تاوانبـــاران لەلایـــەنی ئەنســـروپۆلۆژیەوە وەك ڕێبـــازو قوتابخانەیـــەکی سەربەخۆ (21).

لێرەوە لومبرۆزۆ لەنەخۆشخانەی عەقڵی (شێتخانە) دا دەستی کرد بە توێکاری تەرمی نەخۆشەکان بەتایبەتیش توێژینەوە لەسەر ئێسك وکەللەسەرو کێشی دەماغیان، بە میتۆدێکی بابەتیو ئەزمونگەری. دواجار لە بەندیخانەکاندا دەستی دایە توێژینەوە لەسەر زیندانیەکان وتوێکردنی تەرمی تاوانباران. لەدوای ئەم توێژینەوە وردوزانستیانە، لومبرۆزۆ تیورەکەی دارشت و دەستی کرد بەبلاوکردنەوەی ووتارو کتێبەکانی لەو بوارەداو، کتێبە بەناوبانگەکەی لەدوای دوانزە ساڵ لە توێژینەوەی زانستی لەساڵی 1876دا لەژێر ناوی مرۆڤی تاوانبار The Criminal Man بەچاپ گەیاند. چاپی دووەمی ئەم کتێبە کەهەندێك ووتاری بۆ زیاد کردبوو ناوبانگێکی زیاتری بەکتێبەکەیدا (22).

پوختەی تیورەکەی لۆمبرۆزۆ

دوای ئەوەی لۆمبرۆزۆ پشکنینی پزیشکی بۆ ژمارەیەك تاوانباری نێو بەندیخانەکان ئەنجامدا کەژمارەیان نزیکەی (5907) تاوانبار بوو، وچەندین پێوانەی جەستەیی (بەتایبەتی بۆ کەللەسەر) بۆکردن لەئاکامدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تاوانبار لە خەسڵەتە جەستەییەکانیدا جیاوازی هەیە لەگەڵ کەسانی ئاسایی ناتاوانباردا، وەك خەسڵەتەکانی بچوکی کەللەسەر (لەلای دزەکان) هەروەها کەللەسەریان گەلێك بەرزیو نزمیو هەڵتۆقین وچرچ ولۆچی تێدایە کەحیای دەکەنەوە لەکەللە سەری مرۆڤی ئاسایی. هەروەها لەنێوان کەللەسەری تاوانباران و هەندێك ئاژەڵدا چەندین لێکچونی فسیولۆژی هەیە وەك: فراوانی دەم و پانی گوێچکەو بەرینی چاڵی فرمێسکی هەردووچاوو ڕوانینی تیژو کونکەرو، لاربوونەوەی نێو چاوان بۆ

پشتەوەی سەر بەشێوەیەك بەشی خوارەوەی سەر لەگەڵ بەشەكانی تریدا نارێك و نەگونجاوبێت، هەروەها بەرزبوونەوەی ئێسكی ڕوومەت و، لووتی كشاو وكەمێك لاربۆخوارەوە لەشێوەی كەواندا واتا لوتی خوار بەلایەكدا (ڕاست یان چەپ) و فراوانی كونی لوت و، ددانەكانی پێشەوە ناڕێزو نارێك و، دەستی درێژو لەپی دەست و پێ كوڕ (23).

ئەوكەسانەی تاوانی كوشتن ئەنجام ئەدەن دەستیان ئەستورو گەورەیە بەلأم دزو گیرفانبڕ دەستیان باریك و لاوازە و پەنجەكانیان درێژە. لەڕوخساری تاوانباری نێرینەدا (پیاو) مووبە كەمی بەدی دەكرێت و لەلای ژنانی تاوانباریش موو لەبەشەكانی دەموچاویاندا بەزۆری دەبینرێت. هەروەها هێڵەكانی لەولەپی دەستیان تاك تاكن و بەیەكەوە نەنوساون و، لەسەر ڕووی پێستیان خاڵیكوتراو هەیەو، هەردوو بەری دەموچاویان (واتا لای ڕاست و لای چەپ) نارێك و ناهاوسەنگە. ئەمانە گرنگترین ئەو خەسڵەتە جەستەیانەبوون كە لومبرۆزۆ لە توێژینەوەكانیەوە پێی گەیشتبوو (24).

بەلأم خەسڵەتی ڕەفتاری تاوانباران بریتییە لەكەمی هەست كردن بەئازارو ژان بەبەراوردكردن لەگەڵ كەسانی ئاساییدا، هەروەها سۆزو بەزەیی مرۆڤایەتیان نیە و، تەمەڵ و سستن و، حەزلە شەڕەدەكەن و ئارەزوویان لە ئەتك كردن و مەی نۆشین و كاری بەدڕەوشتییەو، زۆر تووڕە و لەخۆباییو خۆبەزل زانن وحەزیان لەتۆڵە سەندنەوەو بەدكارییە وهەرگیز سەرزەنشتی خۆیان ناكەن و هەستی لێپرسراوێتیان نییە و لەڕوی عەقڵیشەوە لەو ئاستە بێ عەقڵترن كەخەڵكی هەستی پێدەكەن (25).

لومبرۆزۆ توێژینەوەکانی بەمە کۆتـایی پێدەهێنێت: تاوانبـاران پۆلێکن لـەو مرۆڤانــەی کەئــەو نیشـانە جەسـتەییانەیان پێوەدیـارەو لــەچارەیان نوسـراوە تـاوان بکـەن، بۆیـە هیـچ سـودێك لـەگۆڕینی ژینگـەو بـارو ڕەوشـی کۆمەلآیــــەتیاندا نییـــە وبــــەهیچ شــێوەیەك کاریــــان تێنـــــاکرێت و لەتاوان دوور ناخرێنەوە.

تــاوان جگــە لــە دیاردەیــــەکی سروشـــتی هیچیتـــر نییـــە، ئەمـــە ئەودەستەواژەیەیە کە لۆمبرۆزۆ لـە کۆتـایی کتێبـی (مرۆڤـی تاوانبـار)دا نووسـیویەتی. دوای کۆتـایی هێنــان بەتیورەکــەی بــۆ خســتنەڕوی ئــەو فاکتەرانــەی لـە پشـتی تیورەکەیــەوەن، لومــبرۆزۆ پرســیارێك دادەڕێــژێ ودەپرسێت: بناغـەو ئەسڵی ئـەم مرۆڤـە تاوانبارانـە دەگەڕێتــەوە بۆکـوێ؟ لـەوەڵامی ئـەم پرسیارە جەوهەریـەدا دەڵێـت: مرۆڤـی سـەرەتایی بۆخـۆی دڕنـدە بـووە و لەگـەڵ تێپـەڕبوونی زەمـەندا خەسـڵەتە ئاکـاری وپێـوەرە ئەدەبییەکانی وەرگرتووە، بەلآم تاوانبار هەرمرۆڤە دڕندە سەرەتاییەکەیە و کتوپـڕ ئـەو نیشانەو خەسـڵەتانەی تیـا دەردەکـەوێت کەلـەباپیرە کۆنـە دڕندەکــانیدا هــەبوون، ئـــەم تیوریزەیەشـــی ناونـــاوە لێکەوتنــــەوەی بۆماوەیی (26).

لۆمـبرۆزۆ لەسـەرەتادا تاوانبـارانی بەسـەر سـێ گروپـدا دابەشـکردبوو کـەبریتی بـوون لـە: تاوانبــار بــەزگماك و، تاوانبـاری شـێت و تاوانبـــاری سـۆزاوی ، بـەلآم لــەکۆتایدا دوودەسـتەی تـری بۆئیزافـە کـردن ئـەوانیش تاوانبار بەرێکەوت و تاوانبار بە خوونەریت بوون(27) و بـەم شێوەیە بـاس لە پێنج گروپەکە دەکات:-

- **تاوانبار بەزگماك**:

ئـەم دەسـتەیە بـەتاوانباریی لـەدایك دەبـن و ئەوخەسـڵەتانەیان هەیـە كەلەدرێژەی تیورەكەیدا ئاماژەمان بۆكردن، بەڵام چارەسەرێك كە لومـبرۆزۆ بـۆ ئـەم دەسـتەیە پێشنیاری دەكات ئەوەندەیـە كەبەیـەكجاری بۆدورتریـن شوێن دوربخرێنەوە تـا كۆمـەڵ ڕزگاری ببێت لێیـان و لـەهێمنی و ئـارامیدا بژی و پارێزگاری لە قەوارەی خـۆی بكات، یـان بـەند بكرێـن بـەندكردنێكی هەتاهـەتایی، یـان لەشـوێنێكی دابـڕاودا بخرێنـە ژێـر چـاودێری یـەكی توندوتۆكمەوە. سەرەڕای ئەم چارەسەرانە، باشترین چارەسەر بۆیان كوشتنە چونكە خۆپاراستنی تەواوەتییە لێیان (28).

- **تاوانباری شێت**:

ئەوكەسەیە بەهۆی حاڵەتی شێتییەكەوە بووە بە كەسـێكی مەترسـیدار، واتـا ئەگـەر شـێت نەبووایـە هیـچ مەترسـییەكی لێنـەدەكرا، كەواتـە شێتییەكەی حاڵەتێكە ئەكەوێتە پێش مەترسییەكەیەوە چونكە ئەو كەسە خێروشەڕ لەیەكتری جیاناكاتـەوە و، ڕەفتـارو كردەوەكـانی زۆر لـەوتاوانبارە دەچێت كەبەزگماك بۆی ماوەتەوە بـەڵام ئـەمیان حالەتەكـەی نەخۆشـییەو پێویست بەچارەسـەردەكات ودەبێت بـە نەخۆشـخانەیەك یـان دەزگایـەكی چارەسـەركردن بسـپێردرێت تـاكو بتوانرێـت شەڕوكێشـەو بـەڵاكانی دوربخرێتـەوە وهاوكـات چارەسـەری نەخۆشیەكەشـی بۆبكرێـت،خۆئەگـەر چارەسەری بۆنەكرا ئـەوا دەبێت لەكۆمـەڵگا دور بخرێتـەوە (29). لۆمـبرۆزۆ ئەم گروپە دەكات بەسێبەشەوە:-

أ- تاوانبــاری شـــیزی:- ئـــەو کەســـەیە کەموکورتییـــەك لـــە هـــێزە عەقڵیەکانیدایە وەك حاڵەتەکانی شیزۆفرینیا و بارانۆیا.

ب-تاوانباری فێدار: ئەو کەسەیە بە زگماك لە ڕێی بۆمـاوەوە نەخۆشـی پەرکەم (فێ)ی هەیە، زۆرجار ئەم نەخۆشـیەی دەبێت بە نەخۆشی عەقڵی ئەگەر لێی خراپ و قورس بکات و لە کاتی خۆیدا چارەسەری پێویسـتی بـۆ نەکرێت.

ج- تاوانبـاری سـایکوباتی: ئـەو کەسـەیە کـەموکورتی و ناتەواوی‌یـەك لـە هێزە دەروونی‌یەکانیدایە و دەبێت بەهۆی لادانـی چالاکی‌یـەکانی لە ڕەوتـی ئاسـایی خـۆی.حاڵـەتی سـایکۆباتی گرنگـترین حاڵەتـەکانی دواکـەوتنی دەروونی‌یـە و پەیوەندی‌یـەکی بـەهێزی بـەڕەفتاری تاوانکاری‌یـەوە هەیـە چونکە ئەم کەسێتی‌یە توانـای کۆنـترۆڵکردنی غـەریزە و پاڵنـەرەکانی خـۆی نییە (30).

3-تاوانباری سۆزاوی:

ئەو کەسەیە هەستەوەرە و هەسـتیارییەکی تایبـەتی هەیـە و بـە زوویـی کارتێکراو دەبێت و ملکەچی هەڵچوون و سۆزەکانیـەتی و، ڕووەوکردنی تاوان مـل دەنـێ بـەبێ ئـەوەی پێشـتر بڕیـار وخۆئامـادە کردنـی پێـش وەختـی هەبووبێت. دوای کردنی تاوانەکە حاڵەتەکەی ئاسایی دەبێتەوەو هەسـت بـە سزا و ئەشکەنجەی خود و ویژدانی خـۆی دەکات. جـۆری تاوانەکـەش زیـاتر دەستدرێژی کردنە بۆ سەر کەسـانی تـر یـان تـاوانی سیاسـی‌یە وتاوانبـار بـە خێرایی پەشیمان دەبێتەوە.

لۆمبرۆزۆ پێی وایە لەگەڵ ئەم دەستەیەدا سـزادان سـودی نییـە و باشـتر وایە سزا نەدرێن تاکو بەدترو خراپتر نەبن و تاوانکاریی ئەکـەن بەنـەریت.

بۆیە پێشنیار دەکات لە ژینگەی تاوانەکەی دوربخرێتەوە و ناچار بکرێت قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە دەرهاویشتەی تاوانەکەن، یان بڕیاری سزادانیان بۆ دەربکرێت بەلاّم جێبەجێ کردنەکەی ڕابگیرێت تاکو تۆببە بکات و بە خێرایش قەرەبووی زیانەکە بکاتەوە (31).

4-تاوانبار بە ڕێکەوت:

ئەو کەسەیە ئارەزوویەکی ڕەگداکوتاوی نییە بۆ تاوانکردن بەلاّم بەهۆی کەمی ئامۆژگاریی ئاکاریەوە وایلێهاتووە بەزوویی گۆڕانکارییە دەرەکییەکان بیوروژێنن و ناتوانێت بەرئەنجامی کار و کردەوەکانی خۆی مەزەندە بکات، بۆیە بەهۆی پاڵنەری لاسایی کردنەوە یان پاڵنەری خۆدەرخستنەوە تاوانێك ئەنجام دەدات. بۆ چارەسەری ئەم گروپە لومبرۆزۆ دەڵێت جێبەجێ کردنی سزا هیچ کەڵکێکی نییە چونکە تێکەڵ بە تاوانباری کردە و لێهاتوو دەبێ و فێری تاوان دەبێت لێیانەوە بۆیە باشتروایە لە دەوروبەرەکەی دوور بخرێتەوە و، بۆماوەیەکی دیاریکراو لە کێڵگەیەك یان کارگەیەك کاری پێبکرێت سەرەڕای قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی بەهۆی تاوانەکەیەوە بەر خەڵکی کەوتوون (32).

5-تاوانبار بە خوو نەریت:

ئەم جۆرە بەزگماك تاوانبارنییە بەڵکو لە دەوروبەرەکەیەوە خەسڵەتەکانی تاوانباری وەردەگرێت و دەیکات بە نەریت و لە ژێر کاریگەری بارو ڕەوشی کۆمەلاّیەتیدا پیادەی دەکات.تاوانەکەش زیاتر دستدرێژی کردنە بۆ سەر موڵك و سامانی خەڵکی. چارەسەریش بەوە دەکرێ بخرێتە ژێر چاودێری توندو تۆڵەوە و لەگەڵیشیدا ئاراستە و

ڕێنمایی بکرێت بۆ کاری باشە،یان کارێکی وای بۆ بدۆزرێتەوە کە مێشك و جەستەی ماندوو بکات و ڕەفتارە تاوانکاریەکەی بیربچێتەوە و تەرکی بکات. خۆ ئەگەر سودی لێ وەرنەگرت چاکتروایە لە کۆمەڵگا دور بخرێتەوە (33).

هەڵسەنگاندنی تیۆرەکەی لۆمبرۆزۆ

ئەو پرۆگرام و میتۆدە نوێیەی کە لومبرۆزۆ لە توێژینەوەکانیدا بەکاری هێناوە،دەستپێشخەرییەکی کەم هاوتایەو کردنەوەی دەروازە بوو بۆ دەیان توێژینەوەی تایبەت بە شیکردنەوەی ڕەفتاری تاوانکاری بەپشت بەشتن بە کەرەسەی ئەزموونگەری کەلە کۆتاییدا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی زانستی ئەنسروپولوژیای تاوان بەم شێوە زانستیەی ئێستای کە گرنگی بەلێکۆڵینەوەی ڕوخسارە ئەندامی و دەروونیەکانی مرۆڤی تاوانبار دەدات(34). هەروەها بەکارهێنانی شێوازی بەراوردکردنی ئاماریی نێوان تاوانباران و کەسانی ئاسایی -گەرچی لۆمبرۆزۆ پسپۆڕنەبووە لەبواری زانستی ئاماردا- ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ پسپۆڕوشارەزایان بۆ ئەنجامدامی توێژینەوەی زانستی ورد کەپشت بەئامار ببەستێت. کەواتە دەکرێت بڵێین:-

ئەو میتۆدەی لومبرۆزۆ بەکاریهێناوە سیمای داهێنان و ئەفراندنی پێوە دیارە، چونکە هەڵساوە بەگواستنەوەی میتۆدی زانستی ئەزمونگەری لە زانستە سروشتیەکانەوە بۆ مەیدانی زانستەکانی تاوان. سەرەڕای ئەو سەختیو دژواریانەی کەهاتونەتە ڕێی لومبرۆزۆ بەڵام توانیویەتی سەرجەم دیدوبۆچونی زاناو توێژەرانی پێش خۆیو ئەوانەش کە هاوچەرخی خۆی بوون، بەرپەرچ بداتەوە وبییانسڕێتەوە وسەرلەنوێ ڕێگای نوێ بگرنەوە بەرو پشت بەئەزمونەکانی لومبرۆزۆ ببەستن. ئەمانەو جگە لەو شۆك و

ڕاچەنینـەی کـەدەزگاکانی دادگاو سیاسـەتی تـاوانی هـەژاندو، بـەهۆی هـزرو بۆچونەکانیەوە چەندین گۆڕانکاری لەیاساکانی تاوان و سزادا هێنایە ئاراوە کەزۆربـــەیان لـــە زەمـــانی خۆیـــدا پراکتـــیزە کـــران وچوونـــە بـــواری جێبەجێکردنەوە.

سـەرەڕای لایەنـە بـاش و پوزەتیفـەکانی تیورەکـە، چـەندین ڕەخنـەی زانستی ئاراستە کراوە ولێرەدا ئاماژە بەگرنگترینیان ئەدەین:-

أ-ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ڕەفتاری تاوانکاری تەنـها لـەڕوکاری پێکهاتـەی جەسـتەییەوە، لێکدانەوەیـەکی ناتـەواوەو سـەرجەم لایەنـەکانی ڕەفتـاری مرۆڤایـەتی داناپۆشێت. بـەتوێکاری کردنـی تـەرمی تاوانبارەکان، لومـبرۆزۆ نـەیتوانیوە هـەموو خەسـڵەتە بایولوژیـیەکانی ئـەو کەسـانە دەربخـات و شیکاری بکات چونکە ڕێبازی بـەراوردکاری تـەواوەتی دەبێت هەمەلایەنـەو گشتگیربێت.

ب- گـەرچی بناغـەی تیورەکە پشت بەپشکنین و توێکاری دەبەسـتێت، بەلاَم لەڕووی زانستییەوە هێشتا ڕاستی تیورەکە نەسەلمێنراوە، چونکە ئـەو نیشانەو سیما دەرەکیانـەی کـەتاوانباران لەکەسـانی تـر جیادەکەنـەوە نابنـە نیشانەی جیاکەرەوەو حوکمی یەکلاکەرەوەیان پێنادرێت.

ج- خەسـڵەتە بـایولوژیو دەروونیـیـەکان کـە لومـبرۆزۆ دەستنیشـانی کـردوون بـۆ جیاکردنـەوەی تاوانبـار لەکەسانی تـرو دەڵێـت: پێویسـتە وەك تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێـت تەنانـەت ئەگـەر ڕەفتـاری تاوانکاریشیان ئەنجام نەدابوو، ئەم ڕاوبۆچوونە ئاستەم ومەحاڵە وناکرێت قبوڵ بکرێت و، بەتـەواوی بەڕاست بزانرێت، چونکە پـەی بـردن بـەدەروونی مرۆڤایـەتی کارێکی زەحمەت ودژوارە. ڕۆچوون بەپانیاییـەکانی دەروونـدا هەروائاسـان نیـە وهـەتا ئێسـتا توێژینـەوەی زانسـتی ومیتـۆد وڕێبـازە جیاجیاکـانی،

نــەیانتوانیوە لایەنــە نادیــارو شــاراوەکانی دەروون بخەنـــە ڕوو. مەترســی تاوانکــاری بەڕوخســاری دەرەکــی مرۆڤــەوە نییــە بــەڵکو لــەقوڵایی نــاخ و دەرووندایە. تاوان دەروونەکان دەیکەن نەك ڕوخسارەکان. دەروونــی مــرۆڤ جیهانێکە کانگای دەیان و سەدان هەست ونەست و پاڵنــەرو هەڵچوونــەو لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تـر دەگۆڕێـت وتەنانـەت لـەلای یـەك کەسـیش لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت (35).

د- سەبارەت بەناوەڕۆکی تیورەکە:- هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەئارادانییە کەبیسەلمێنێت مرۆڤی سەرەتایی نیشانەی تاوانکاری هەبووە یــان دڕنــدە بووە وحەزی لەتاوان کردووە. ئەم لێکدانەوەیە بۆخۆی تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بەمرۆڤی سەرەتایی چونکە توێژینـەوەکانی تایبـەت بـە بـەگروپ و خێڵە سەرەتاییەکان ئەوەیان سەلماندووە کەپاکژ بوون ورەفتاریان پاك و بێگەرد بووە.

لــەڕووی زانســتییەوە تــاکو ئێســتا دەرنەکــەوتووە کرۆمۆســۆمەکان خەسڵەتی تاوانکردن یان ڕەفتــاری لادەر لەنەوەیەکــەوەبۆ نەوەیــەکی تــر بگوێزنەوە وئەم بەشەی ڕەفتار ڕاستتر ئـەم لایەنـەی ڕەفتاری مرۆڤایـەتی بۆماوەیی وزگماك نییە (36).

تیوری فسیولۆژی:

زاناكانی بایولۆژیای تاوان لە توێژینەوەكانیاندا بۆ دەستنیشانكردنی ڕەفتاری تاوانكاری، ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤ سەرنجی ڕاكێشاون و، بۆ هەندێكیتریش ئەركی ئەندامەكان جێی بایەخ و گرنگی پێدان بووە. هەوڵەكانیان بەوئاقارەدا برد كەكاریگەری ژینگەی ناوەكی تاكەكەس لەسەر ڕەفتارەكانی بخەنە ڕوو. بۆیە هەندێكیان دەستیان دایە لێكۆڵینەوە لەئەركەكانی كۆئەندامی دەماریی تاوانباران و، كۆئەندامی گلاندەكان وكۆئەندامی سێكسیو سوڕانی خوێن وهەناسەدان و...تاد. بۆئەوەی ڕۆڵی حاڵەتە پەشێویەكانی ئەو كۆئەندامانە لەسەر پێكهێنانی ڕەفتاری تاوانكاری دیاری بكەن، هەروەها ڕۆڵی تەمەن و ڕەگەزو نەژاد لەڕەفتاری تاوانكاریدا بخەنە ڕوو. لەئەنجامی كۆمەڵێك توێژینەوەدا لقێكی نوێی تاوانناسی هاتە ئاراوە بەناوی فسیولۆژیای تاوانەوە Criminal Physiolgy (37). دیارترین بابەتی فسیولۆژیای تاوان بەستنەوەی ڕەفتاری تاوانكاری بوو بەكوێرەگلاندو كەمئەندامی و نەخۆشی و تەمەن و ڕەگەزو نەژادەوە. لێرەدا ئاماژە بەو لایەنانە دەكەین:-

- كوێرەگلاندەكان و تاوان:

زۆربەی تیورە فسیولۆژیەكان بەو ئاكامە گەیشتوون كە تێكچوونی هۆڕمۆنی كوێرەگلاندەكان هۆكارە بۆ دروستكردنی ناتەواوی لەپێكهاتەی كیمیاوی خوێندا وئەمیش دەچێتە پێكهاتەی ئەندامەكانی جەستەوە بەتایبەتیش كۆئەندامی دەمار كەڕۆڵی ڕاستەوخۆ دەگێڕێت لەسەر ڕەفتارو

هەڵچوونــەکانی مــرۆڤ (38). لــەم ڕێگایــەوە زاناکــانی بایولۆژیـــای تـــاوان دەسـتیان دایـە توێژینـەوە بـۆ دۆزینـــەوەی پـەیوەندی لـەنێوان تێکچوونـــی ئەرکی گلاندەکان و ڕەفتاری تاوانکاریو بەم ئەنجامانە گەیشتن:-

أ-کـەم بوونـەوەی ڕێـــژەی شـەکر لـە خوێنـدا ئەبێتـە هـۆی بزواندنـــی ئارەزووی مـرۆڤ بـەلای ئـەو تاوانانـەدا کەسـیمای توندوتیـژیـان پێوە دیـارە (39)، لەگـەڵ تـاوانی دزیو شـەڕکردن و ڕوو بەڕووبوونـەوە لەگـەڵ پیـاوانی پۆلیسدا هەروەها سەرپێچی کردن لەیاساکانی هاتوچۆ.

ب- کـــەم بوونـــەوەی ڕێـــژەی کالیســـیوم ئەبێتـــە هـــۆی بـــەرپاکردنی کاردانەوەی هەڵچوونیی توندوتیژو لەوێشەوە بۆئەنجامدانی تاوانەکانی وەك دەستدرێژی کردنەسەر تاکەکەسان.

ج- تێکچون لەهۆڕمۆنەکانی گلاندی دەرەقی Thyroid ئەبێتەهۆی تووش بـــوون بەهـــەندێك نەخۆشـــی عـــەقڵی ودواتریـــش ئـــەنجامدانی تـــاوانی توندوتیژی (40).

د- لەتوێژینەوەیـەکدا کـە بـۆ 179 مـێرد منداڵی تـوش بـوو بەپەشـێوی گلانـدی نوخـامیPituitary کـراوە دەرکـەوتووە 53 مـــێرد منداڵیـان توشـــی لادانی ڕەفتاریی هـاتوون وەك حاڵەتـەکانی توندوتیـژی مـیزاج وبـەرەڵایی و دزیکـردن و یـــاخیبوون و درۆکـــردن. کـــاتێك بـــەگیراوەی ئـــەو گلانـــدە چارەسەرکراون ئیدی ئەو ڕەفتارانەیان نەماوە و کۆتایی هاتووە.

ئەم ئەنجامانــەی کـە توێژینـەوەکانی تـاوان لـەڕووی گلاندەکانـەوە پـێی گەیشتوون کەموکورتیان هەیە وناکرێت گشتاندنیان بۆ بکرێت چونکـە ئـەو پەشێویانەی لـە گلانـدی تاوانبارەکـاندا ڕوویـداوە، لـەلای ژمارەیـەکی زۆر لەمرۆڤی ئاسایی ناتاوانباریش هەر ڕوویانداوە ورِوودەدەن. لەلایـەکی تـرەوە زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر ئەوتاوانبارانە ئـەنجامدراون کەماوەیـەکی زۆر

درێژیـان لـەزینداندا بەسـەربردووەو ڕەنگـە پەشـێوی گلاندەكانیـان بــەهۆی سەختی وناهەمواری ژیانی ناو بەندیخانەوە درووست بووبێت.

- تاوان و كەم ئەندامیو نەخۆشی:

هــەندێك لــەزانایانی فسـیولۆژیای تــاوان، كــەم ئــــەندامی و ناتـــەواوی جەســـتەیی ونەخۆشـــییان بـــەڕەفتاری تاوانكاریـیـــەوە بەســـتۆتەوە وەك حاڵەتەكانی: ناشرینی ڕوخسارو كەمئەندامیو كورتەباڵایی‌و، نەخۆشیەكانی :سـیل و ئیفلیجـی ئــەندامێكی لــەش و نەخۆشــی تایبــەت بــە ئـــەندامی سێكسـەوە....تـاد. لـەئاكامی توێژینـەوەكاندا ئامـاژە بـــەوەدەدەن كەزۆربـــەی تاوانبارەكان ناتەواویەكی جەستەیی یان زیاتریـان پێوەدیـاربووە بەبـەراورد كـردن لەگـەڵ كەسـانی ناتاوانبـاردا. بەشـێوەیەكی گشـتی تاوانبـاران لـەڕووی تەندروسـتی‌یەوە لەشساغ نـەبوون و ئەگـەری تـووش بوونیـــان بەنەخۆشـی سنگ هەبووە یاخود كورتبین (قصر النظر) بوون.

زاناكـان لـە لێكدانـەوەیاندا بۆئـەم نەخۆشـی و كەمئەندامێتیانـە دەڵێـن: حاڵەتە جەستەیی‌یەكەیان بـووە كـەپاڵی‌پێوەناون ڕووە ولادان و هەسـتكردن بەكـەمی لەئاسـتی هـاوڕێ وهاوتەمەنــەكانیانداو، لــەڕووی كۆمەڵایەتیــەوە پلەوپایـــەیان لەدەســـتداوە و، لـــە خوێندنیـــاندا كەمتەرخـــەم بـــوون و، پەیوەندییان بە دەستەوگروپی بەدكارانەوە كردووەو، ڕوویان لە مەینۆشـی‌و مادەی سڕكەر كردووە، ئەم حاڵەتانەش وای لێكـردوون كـەڕێگای تـاوانكردن بگرنەبەر.

ئەگــەر بــەچاوی هەڵســەنگاندنەوە بۆئــەم دیدوبۆچوونانــەی ســـەرەوە بڕوانین دەكرێت ئەم سەرنجانە دەربڕین:-

أ- لەڕووی پرۆگــرام و میتــۆدەوە وەك پێوانــە کــردن وبــەراوردکردن، ناتەواون وکەموکورتیان هەیە وناکرێت گشتاندنیان بۆبکرێت.

ب- حاڵەتــەکانی کەمئــەندامی ونەخۆشــی لــەلای کەســانی ئاســایی ناتاوانباریش بوونیان هەیەو فاکتەرنین بۆ ئەنجامدانی تاوان.

ج- گەلێك تاوانباریش لەش ساغ بوون و هیچ نەخۆشیو ناتەواوییەك لە ئەندامەکانی جەستەیاندا نەبووە (41).

3- **تاوان و تەمەن**:

لــە ڕووی فســیولۆژیەوە گومــانی تێدانییــە کــە ڕادەی کارلێکــە کیمیاوییەکانی نێو ژینگەی ناوەکی تاکەکەس لە تەمەنێکەوە بـۆ تەمـەنێکی تـر دەگۆڕێت و، هـێزو توانـا و چالاکی و پەرچەکردار و هەڵچوونـەکان لـە قۆناغێکی تەمەنەوە بۆ قۆناغێکی تـری تەمـەن گۆڕانکاییـان بەسـەردا دێـت (منداڵــی،هــەرزەکاری، لاوێتــی و پێگەشــتن و پــیرێتی). توێژینــــەوەکان دەریانخستووە: ڕێژەی تاوان لە قۆناغێکی تەمەندا زۆرە و لە قۆنـاغێکیتردا دێتەخوارەوە (42).

هەندێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە بەرزترین ڕادەی تـاوان دەکەوێتە نێوان تەمەنی (18-25) ساڵانەوە. هەندێکی تر دەڵێن ڕێژەی تاوان لەقۆناغی هەرزەکاریدا دەگاتــە لوتکە، بەتایبـەتی لـەنێوان تەمـەنی (14-17) سـاڵیداو پاشـان وردە وردە دادەبـەزێت ولەگـەڵ بەرەوسـەرچوونی تەمــەندا دەگاتە کەمترین ڕادە بەتایبەتی لەدوای تەمەنی پەنجا ساڵیەوە (43).

ئاکامی ئەو توێژینەوانـەی بۆدەرخسـتنی پـەیوەندی تـاوان بەتەمەنـەوە ئــەنجام دراون دەڵێــن: تاوانــەکانی دزینــی ئۆتۆمبێــل وماڵــبڕین لــەلای هەرزەکاران زۆرەو، تاوانە سێکسیەکان لـەلای هـەرزەکاران و لاوان و پـیران

هەیەو ڕادەیان بەرزە و، تاوانی توندوتیژی لەقۆناغی لاوێتی نێوان (18-30) ساڵیدا ڕێژەکەی بەرزە و، تاوانی کوشتن لەقۆناغی پێگەیشتندا: {(18) وەك سەرەتاو (25) وەك لوتکەو (40) وەك کۆتایی}(44)، لەوپەڕی ڕادەو بەرزیدایە.

شایەنی باسە تاوانەکان لەقۆناغی هەرزەکاری ولاوێتیدا کەبەو ڕێژەبەرزە بونیان هەیە ولەقۆناغی کامڵ بوونیو پیرێتیدا کەمدەبێتەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەقۆناغی هەرزەکاری ولاوێتی بەقۆناغی زیادبوونی هێزوچالاکیو هەڵمەت و هەڵچونەکان دەناسرێتەوەو، هەرزەکار لەڕووی دەروونییەوە شێواوەو غەریزەو سۆزەکانی نائارام و ناجێگیرن ومیزاج و حەوسەڵەی هێمن نیەو کەمتەرخەم و کەم سەرنجەو، هەڵپەی بۆ ڕەگەزی بەرامبەرو سێکس هەیەو، وەلاّم بەکەرەسەکانی لە خشتەبردن وفریودان دەداتەوەو، دەروون و هەوەس وحەزەکانی خۆی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێت (45)، (46). ئەم حاڵەتانەش لەقۆناغی کامڵ بوون و پیرێتیدا پێچەوانە دەبنەوە، بەلاّم ئەم قۆناغانەش تاوانی تایبەت بەخۆیان هەیە ومرۆڤ نابێتە فریشتەو پەری تیایاندا، تاوانەکانیش وەك: شاردنەوەی شمەکی دزراو، ڕێگری و، تاوانی سێکسی و، شکاندنی هەندێك لەیاساکان. لەقۆناغی پیرێتیدا تاوانی سێکسی دژ بەمندالاّن بەڕادەیەکی بەرچاو ئەنجام دەدەرێت.

تەمەنی پیری قۆناغێکە گۆڕانکاری لە سۆزو هەستەکاندا ڕوودەدات و مرۆڤ هێمن وئارام نییەو بەئاسانی کۆنترۆڵی دەروونی خۆی پی ناکرێت وزۆرجاریش بێئیشی والەمرۆڤی پیر دەکات ڕووەوتاوان هەنگاو بنێت(47).

4-تاوان وڕەگەز:

ئامارەکانی تاوان لەزۆربەی وولاَتانی جیهاندا دەریانخستووە کە ڕێژەی تاوانەکانی ژنان لەتاوانەکانی پیاوان کەمترە بەڕادەیەك دەکەوێتە نێوان 10٪-20٪ دوە جگە لەو تاوانانەی تایبەتن بەسروشتی ژنەوە وەك حالَەتەکانی لەباربردنی کۆرپەلەو کوشتنی مندالَی ساوای تازە لەدایك بوو (48).

تاوانەکانی توندو تیژیو لێدان وبریندار کردن وویرانکاری لەلای ژنان لەکەمترین ئاستدایەو لەبەرامبەر تاوانەکانی دزینی پارەو ئالَتون وناپاکی کردن لەئەمانەت وشاهێدی ساختەو سوێند خواردنی درۆو تاوانی ئاودیو کردن (التهریب) (49).

لەڕاڤەکردن ولێکدانەوەی کەمی تاوانی ژناندا، زاناکانی فسیولوژیای تاوان پێیانوایە بنەمای بایولۆژی ژینگەی ناوەکی لەنێوان پیاو وژن و جودایی توانای جەستەیی، هۆکاری ڕاستەقینەن ودەلێن: ژنان لەڕووی هێزی ماسولکەوە هەردەم لەپیاوان لاواز تر بوون و بالاَیان کورتترو کێشیان کەمتر بووە جگەلە حالَەتەکانی تایبەت بە فسیولۆژیای ژن وەك دووگیانی و مندالَبوون و سوڕی مانگانە. هەرلەم بارەیەوە لومبرۆزۆ پێیوایە ئەگەر تاوانەکانی داوێن پیسی و بەدڕەوشتی ژنان بخرێنەسەر تاوانەکانی تریان ئەوکاتە ڕێژەی تاوانی ژنان وتاوانی پیاوان وەك یەکیان لێدێت.

سەبارەت بەم تیورە ئەم ڕەخنانە دەخەینە ڕوو:

- هەندێك تاوانی توندوتیژی پێویستییان بەهێزی جەستەیینییەو ژنانیش دەتوانن ئەنجامی بدەن، زۆر جار كوشتن لەڕێی ژەهراوی كردنەوە ئەنجام دەدەرێت.

- ئەگەر ژن ڕۆڵی سەرەكیو ڕۆڵی بكەر لەتاوانی توندوتیژیدا نەبینێت خۆ دەتوانێت ڕۆڵی یاریدەدەرو ناوەندی ببینێت.

- زۆربەی تاوانە گەورەكانی وەك دزینی پارەو ماڵ و ساختەكردن وشاهێدی ودرۆو.....تاد، ئەمانە هێزێكی جەستەیی گەورەیان ناوێت وحاڵەتەكانی دووگیانی وسوڕی مانگانە ڕێ لەژن ناگرن بۆكردنیان.

- هەندێك لەتوێژەران لەوباوەڕەدان تاوانی ژنان لەماوەی سوڕی مانگانەدا ڕێژەكەی زیاد دەكات و بەرزدەبێتەوە (50).

دەكرێت بڵێین: نزمی ڕێژەی تاوانی ژنان لەئاست پیاواندا دەگەڕێتەوە بۆ هۆكارە كۆمەڵایەتیەكانی وەك: كەمی چالاكی كۆمەڵایەتیو نەچونەدەرەوەی ژن لەماڵ و، بەرەنگار نەبوونەوەی ژیان لەدەرەوەی بازنەی ماڵ و خێزاندا، ژنانی كارگەر كەمترن لەپیاوان ولێپرسراونین لە بژێوی وگوزەرانی خێزانەكانیان. بەڵام لەكاتی قەیرانی ئابووریو جەنگەكاندا، تاوانی ژنان زیاتر دەبێت هەروەها لەو وڵاتانەشدا كەڕادەی هاتنەدەرەوەی ژن بۆ بوارەكانی ژیانی پراكتیكی زیاترە بەهەمان شێوە ڕێژە تاوانی ژنیش بەرزدەبێتەوە.

5-تاوان ونەژاد:

ئاشكرایە لەناوچە جیاجیاكانی سەرزەوی چەندین نەژادی مرۆڤایەتی جیاواز هەیە وەك سپی پێست ورەش پێست، ئەسكەندیناڤیو ئەفریقیو یابانیو ....تاد، ئەم نەژادانە ڕواڵەت و ڕوخساری دەرەكییان لەیەك ناچێ

لەشێوەی سـەرو ڕەنگـی پێست و چـاوو قـژو مـوو بـاڵاوکێش....تـاد، جـودان لەیـەکتر هـەروەها لەشـێوازی بیرکردنـەوەو ڕەفتـارو مـیزاج وداب ونـەریتدا لەیەکترناچن. ئەم جیاوازیانە سەرنجی زاناکانی تـاوانی ڕاکێشاوە وچـەندین توێژینەوەیان بۆ ئەنجامداوە وبەم ئاکامانە گەیشتوون:

لـەلای ڕەشپێسـتەکان تێکـڕای تاوانـەکانی توندوتیـژی بـەرزە، هـەروەها هەمان تاوان لەلای دانیشتوانی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست لەئاسـتێکی بەرزدایـە. بـەڵام تاوانـەکانی دارایـیو دزینـی پارەومـاڵی خـەڵکی لـەلای دانیشـتوانی ناوچـەکانی بـاکوری زەوی زیـاترە. ئەمـەش وا لێکدەدەنـەوە کـەجیاوازی فسـیولۆژی لـەنێوانیاندا هەیـە. سـەبارەت بـەزیادبوونی ڕێـژەی تاوانی ڕەش پێشتەکان دەڵێن هۆکارەکانی دەگەڕێنەوە بۆتوندوتیـژی مـیزاج وخێرایی هەڵچوون و پەلاماردان وبێتواناییان لـەکۆنترۆڵ کردنـی دەروون و هەست و سۆزەکانیان (51).

لەکۆتایدا پێویستە بوترێت لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم ڕاوبۆچۆنانە (تایبەت بەپەیوەندی تاوان ونەژاد) بەتەواوی بەدرۆخرانـەوەو لەئاسـت ڕەخنـەکاندا هیچیـان پێنـەکرا. چونکـە جیـاوازی نـەژادەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ کاریگـەری ژینگـەو دەوروبـەرو ڕەوشـی کۆمەڵایـەتیو ئابوریـەکانی کۆمـەڵگا. تێکـڕای تـاوانیش لەنەژادێکەوە بـۆ نـەژادێکی تـر بەهۆی بـارو ڕەوشـی دەرەکییەوەیـە کەئەونـەژادە جیاوازانـە لەمێژوویـەکی درێژخایـەندا پیـایدا تێپـەڕیوون وەك خراپـی بـاری ئـابوری ملیونـەها ڕەش پێست لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

تیوری زگماك (بۆماوە):

بۆماوە پرۆسەیەكی ئەندامی‌یەو لەساتەوەختی پێكهاتنی زیندەوەردا لەرژێمێكی زۆرئاڵۆزدا بەرێوە دەچێت و، هەتا ئەمرۆ زانست تیشكی نەخستۆتە سەرهەمووو لایەنەكانی. دۆزینەوەی یاساكانی بۆماوە دەگەرێتەوە بۆ زانای نەمساوی جۆهان گریگۆر مەندل Johan Gregor Mendel.

پرۆسەی بۆماوە لەلای مرۆڤ بەم شێوەیە بەرێوە دەچێت: لەتۆوی پیاووهێلكەی ژندا 23 جوت كرۆمۆسۆم هەیە كەهەڵگری فاكتەرە بۆماییەكانن واتا بۆهێڵەكان (Genes). كاتێك تۆو هێلكە بەیەكدەگەن خانەیەكی نویَ پێك دێت (زایگۆت) كەلە23 جووت كرۆمۆسۆم پێكهاتووە، هەرجووتێك لەدوولا پێكدێ، لایەكیان لەنێرەوە دێت و لایەكەی تریش لەمێیەوە. بەهۆی ئەم بەیەكگەیشتنەوە بۆهێڵەكان لەگەڵ یەكتردا كارلێك دەكەن وئاوێتە بەیەك دەبن وخەسڵەتەكانی باوان (باوك ودایك) بۆ منداڵ دەگوێزنەوە بەپێی جۆری بۆهێڵەكانیان (52). ئەگەر هاتوو لەلای هەردوو رەگەزەكە بۆهێڵەكان چوون یەك بوون ئەوا كۆرپەلە ئەوسیفاتانە وەردەگرێت كەلە بۆهێڵەكاندا هەیە. بەلاَم ئەگەر لەلای هەردوو رەگەزەكە بۆهێڵەكان جیاواز بوون ولەیەك نەچوون، لەم حاڵەتەدا رەوشەكە دەگۆرێت لەنێوان سیفەتی باو (زاڵ Dominant)و سیفاتی ناپەیوەندار (دورخراوە Recessive).

لەحاڵەتی سیفاتی باودا، وەك یەكگرتنی ڕەنگی ڕەش لەگەڵ ڕەنگی سپیدا یان چاوی ڕەش لەگەڵ چاوی شیندا، یان گروپی خوێنی A ,B لەگەڵ گرپی o دا، ئەوكاتە سیفاتە باووزاڵەكە لەمنداڵەكەدا دەردەكەوێت، بەلاَم ئەگەر سیفاتەكە ناپەیوەنددار بوو، وەك ڕەنگی سپیو ڕەنگ كوێریو نەخۆشی شەكرە...تاد. ئەوا لە منداڵەكەدا دەرناكەوێت مەگەر لەگەڵ سیفەتێكی ناپەیوەندداری هاوشێوەی خۆیدا (لەڕەگەزەكەی بەرامبەر) یەكبگرێت. لەهەموو حاڵەتەكاندا ئەو سیفاتەی لەمنداڵی یەكەمدا دەرناكەوێت لە منداڵی دووەم یان سێیەمدا دەردەكەوێت وبۆهێڵەكانی پێكهێنەری یەكێك لەسیفەتەكان دەگوێزرێتەوە بۆمنداڵ بەبێ ئەوەی سیفاتەكەی تیادا دەربكەوێت ورەنگە لەبارورەوشێكی لەباردا، لەنەوەكانیدا دەربكەوێت. مەرج نیە هەموو كاتێك بەیەكگەیشتن و ئاوێتەبوون لەنێوان بۆهێڵەكاندا ڕووبدات بۆیە سیفاتەكان دەرناكەون، ئەم حاڵەتە لەوانەیە بۆچەند نەوەیەك درێژە بكێشێت ولەوانەشە بەیەكجاری شوێنەواری نەمێنێت وبسڕێتەوە (53).

زاناكانی تاوان لەبەرامبەر پەرەسەندنەكانی بواری زانستی بۆماوەدا دەستەوەستان نەبوون و گریمانی (پێكهاتنی تاوانكاری بۆماوەیی) یان دارشتووەو هەوڵیان داوە بەچەند ڕێگایەك ئەو گریمانەیان بسەلمێنن وەك لە بوارەكانی: لێكۆڵینەوەی خێزانە تاوانبارەكان و، توێژینەوەی ئاماریی بەراوردكاری بۆ تاوانەكانی باوان ومنداڵەكانیان و، توێژینەوەی كرۆمۆسۆمە سیكسیيە زیادەكان و، پراكتیزە كردنی یاساكانی مەندل بەسەر ڕەفتاری تاوانكاریدا. لێرەدا ئاماژە بۆهەندێك لەولایەنانە دەكەین:

یەکەم: لێکۆڵینەوەی خێزانە تاوانبارەکان:

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لەوکاتەوە سەریان هەڵداوە کە لەیەکێك لەبەندیخانەکانی ویلایەتی نیویورکدا ساڵی 1874شەش بەندکراو لەزیندانەکەدا بوون و هەمویان ئەندامی یەك خێزان بوون، ئەم حاڵەتە سەرنجی هەردوو زانای ئەمریکی (ڕیچارد دۆگدیل و ئارتورئیستابرۆك R .L Dugdale - C.A.H Estabrook .)ی ڕاکێشاو وای لێکردن بەرەگ وڕیشەی ئەوخێزانەدا بچنەخوارەوە تا گەیشتنە کەسێتی ڕاگری ئەو بنەماڵەیە (ماکس جوکسMax Jukes) ئەم کەسە لەساڵی 1720دا لەدایك بووە وباوکی ئەڵمانیبووە. باوکی ماکس لەئەڵمانیاوە بۆ ولاتە یەکگرتووەکان کۆچی کردووە ولەویلایەتی نیویورك نیشتەجێ بووە. ماکس هەر لە منداڵیەوە خەریکی ڕاوبووە و بەوە ناسراوبووە کەخولیای مەی نۆشین و ڕابواردنی سێکسی لەگەڵ ژناندا هەبووە، پاشان (ئادا یالێکسی) خواستووەو بوە بەهاوسەری، ئەوژنە دزێکی کارامەو لێهاتوو بوەو چەندین منداڵ و نەوەیان لێکەوتۆتەوەی (54).

ریچارد دوگدێل لەدوای گەڕان وبەدواداچوندا توانی (709) کەسی ئەوبنەماڵەیە کەلەماوەی حەفتا ساڵدا ژیاون، بدۆزێتەوە. پاشان ئیستا برۆکی هاوکاری دوگدێل هەتا ساڵی 1915 درێژەی بەم بەدوادا چونە داوە، بەتێکڕایی توێژینەوەیان بۆ (2094) کەسی ئەو بنەماڵەیە کردووە. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیاندا بەم ئاکامانە گەیشتوون: زۆربەی منداڵانی ئەوبنەماڵەیە زۆڵ (غیر شرعی) بوون ولەگەورەبووندا ئەم کەسێتیانەیان لێ دەرچووە: دزی لێهاتوو کارامە، پیاو کوژ، بەرەڵا، ئالودە بەنۆشینی

شـەرابەوە، داوێـن پیـس، نەخۆشی عــەقڵی، نــەزۆکی، ونەخۆشــی سێکسـی، گەواد، شایەنی باسە دۆگدێـلْ لـە نێـو تاکـەکانی بنەماڵەی جۆکس دا (280) سـواڵکەرو (60) دزی کارامـەو (7) پیـاو کـوژو (140) تاوانبـاری هەمــەجۆرو (50) بەدڕوشـت و (300) منداڵی نەبەکە (ئـەو منداڵانـــەی لـەپێش واتــەی سروشتیدا لەدایك دەبن) و (440) کەسی توش بوو بەنەخۆشی ئەندامەکانی زاووزێ، هەبوون (55).

پێویستە بگوترێت ئەو زیانە مادیـەی کەبـەهۆی ئەوبنەماڵەیـەوە بـەر ویلایەتی نیویورك کەوتووە نزیکەی (000ر308ر1) دولار بـوو جگـە لـەزیانی ماددیتر کەنەهاتۆتە هەژماردن.

زانـای ئـەمریکی هێــنری گــۆدارد Henry H.Goddard توێژینەوەیــەکی هاوشـێوەی لەسـەر بنەماڵـەی کالیکـاك Kallikak کـردووە. مـارتن کالیکـاك لـەکاتی شۆرشـی ئـەمریکادا سـەربازبووە، ئەوددەمـەی لەخزمـەتی سـەربازیدا بـووە کچێکـی کـەم عـەقڵی ناسیوەو پـەیوەندی سێکســی لەگــەڵدا بەســتووە ولەئـەنجامدا منداڵێکــی زۆڵیــان بــووە، لەومنداڵــەوە بنەماڵەیــەکی گــەورە کەوتۆتـەوە کـە گۆرداردی توێـژەر لـە(480) کەسیانی کۆڵیوەتــەوە. لــەکاتی شۆڕشدا مارتن گەڕاوەتەوە بۆشارەکەی خۆی ولـەوێ ژنێکـی خواسـتووە ئـەم ژنە نوێیەی ناوبانگێکی باش و پەسەندی هـەبووە ووەك پیشـەش مامۆسـتا بـووە، لـەم ژنـە نوێیــەوە بنەماڵەیـەك کەوتۆتــەوە کـە گـۆدارد لـە (496) کەسیانی کۆڵیوەتەوە. گۆدارد لەئاکامدا دەڵێت:

لـەژن و بنەماڵەکەی یەکەمــەوە: ژمارەیــەکی زۆر منداڵــی زۆڵ و، کــەم عەقڵ و، تاوانبارو، ئالودەبەمـەیو، بەدڕەوشـت و لادەری سێکسـیو ئەوانـەی کەماڵی خۆیان دەکەنە بەدخانەو لانکی بەدڕەوشتی...تاد پـەیدابوون. بـەلام لـەژن وبنەماڵـەی دووەم: بەشـێوەیەکی گشـتی نــەوەکان ئاسـایی دەرچـوون

وهەندێکیشـیان بـوون بـەدادوەر وپـارێزەرو پزیشـك، جگەلـەدوانیان کەیەکێکیان ئالودەی مادەی کحول و ئەوی تریش نەخۆشی عـەقڵی هەبووە (56)، (57).

جگە لەم دووتوێژینەوەیە چەندین توێژینەوەی هاوشێوە ئـەنجام دراون وەك بنەماڵەی فکتۆریاو زیرۆس...تاد. لەئاکامدا هەمان ئەنجامیان بەدەست هێناوە.

بـەلای لایـەنگرانی تیـوری بۆمـاوەوە، بنەماڵـەی تاوانبـاران بەڵگەیـەکی بـەهێزە بۆمانـەوەی پێکهاتـەی تاوانبـاری لەنەوەیەکـەوە بۆنەوەیـەکیتر بەتایبەتی ئەگەر بەراوردبکرێن لەگـەڵ بنەماڵەی ئاسایی‌دا وەك بنەماڵەی قەشـە جۆناسـان ئـەدوارد J.Eedward کەلـەناو نـەوەکانیدا بـەهیچ جۆرێـك تاوانبارو شێت و بەرەڵا نەکەوتۆتـەوەو هەندێکیشیان گەیشتونەتە پۆستی سـەرۆکایەتی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا وحـاکمی ویلایەتـەکان وگەلێك نوسەرو ئەدیب و بیریارو پارێزەرو پزیشك هەڵکەوتوون.

هەڵسەنگاندنی ئەم تیورە:

لەهەڵسـەنگاندنی لێکۆڵینـەوەی خێزانـە تاوانباراکانـدا دەکرێـت بڵێـین: لایەنگرانی تیوری بۆماوە بەهەڵەیەکی بابەتیو زانستی گـەورەدا تێپـەڕیون لـەڕووی پرۆگـرام ومیتـۆدەوە، چونکـە ژمارەیـەکی ئـەوتۆیان لەبنەماڵـەکان نەخسـتۆتە نـاو توێژینەوەکانـەوە تـاکو بتوانرێـت گشـتاندینیان بۆبکرێـت لەدارشـتنی یاسـای بۆمـاوە لەپێکـهێنانی ڕەفتـاری تاوانکـاری‌دا، هـەروەها فاکتەری ژینگەیان بەتـەواوەتی دورنەخسـتۆتەوە وکاریگـەری ژینگـە تێکـەڵ بەکاریگـەری بۆمـاوە بـووە. لەلایـەکی تـرەوە شـیکاری وردیـان بۆئـەو بنەمالانـەش نـەکردووە کەتوێژینـەوەیان بـۆ ئـەنجام داون، بۆنموونـە لەبنەماڵەی قەشـە جۆناسـان ئـەدواردا دەرکـەوتوە ژمارەیـەك ئـەندامیان

تۆماری تاوانکارییان هەبووە ، هەروەها نەنکی دایکی جۆناسان داوێن پیس و بێ ڕەوشت بووە، پورێکی باوکیشی کوڕێکی خۆی کوشتووەو، مامی باوکیشی برایەکی خۆی کوشتووە.

لەڕووی بابەتەوە هەڵەی سەرەکی تیوری بۆماوە دەگەڕێتەوە بۆ لێکچوون وکۆکردنەوەی ڕەفتاری تاوانکاری لەلای ئەو بنەماڵانە لەیەك فاکتەردا کەبۆماوەیە بەبێئەوەیچۆنیەتی گواستنەوەی سیفات لەباپیرە گەورەوە بۆنەوەکان ڕوون بکریتەوە، هەروەها چۆنیەتی دابەش بوونی ئەم سیفاتانەش بەسەر نەوەکاندا دیاری نەکراوە . ئەم لەیەکچوونەی کەلایەنگرانی تیوری بۆماوە دەیگەڕێننەوە بۆفاکتەری بۆماوە ڕەنگە هۆکارەکەی فاکتەری ژینگەیی ولەیەکچونی باروڕەوشی کۆمەلایەتیو ئابووری بێت، چونکە هەمووو ئەندامەکانی ئەو خێزانانە تاتەمەنێکی دیاری کراو لەنێو یەك ژینگەی هاوبەشدا ژیاوون.

زانایەکی وەك دالیسترۆم Dahlstromهەڵساوە بەدورخستنەوەی شەش منداڵ (ڕاستەوخۆ دوای لەدایك بوونیان) لە خێزانێك کەچالاکی تاوانکارییان هەبووە، لەئاکامدا وەك هەرهاولاتییەکی ئاسایی ڕەفتاریان کردووەو تاوانیان ئەنجام نەداوە، لەهەمان کاتدا دوومنداڵی لەدوای تەمەنی حەوت ساڵیەوە لەخێزانێکی تاوانکاردا دورخستۆتەوە، بۆی دەرکەوت کەئەو دوومنداڵە لەژیانی ئایندەیاندا کردەوەی تاوانکارییان ئەنجامداوە (58).

دووەم: توێژینەوەی ئاماریی بەراووردکاریی بــۆ تاوانــەکانی باوان ومندالّەکانیان:-

چەند زانایەکی وەك شارل گۆرینگ Goringوفرانسیس گالّتون Galtonو کارل پیرسون Person، ڕێگایەکی ئامارییان گرتۆتەبەر بۆ پێوانەکردنی ڕادەی لەیەکچوونی تاوانەکان لە نێوان باوکان و مندالّەکانیان و براکانیاندا، بۆدۆزینەوەی بۆماوەی ئامادەباشی تاوانکاری. ئەم زانایانە لەکۆتایی توێژینەوەکەیاندا دەلّێن: ئامادەباشی تاوانکاری لەڕێی بۆماوەوە دەگوێزرێتەوە هەروەك چۆن خەسلّەتە جەستەییو عەقلّییەکان دەگوێزرێتەوە وەك درێژی بالاّو ڕەنگی پێست و چاووقژو نەخۆشییە جەستەییو عەقلّییەکان.

بۆزیاتر جەخت کردنەوەو دەرخستنی کاریگەری فاکتەری بۆماوە، گورینگ فاکتەری ژینگە لە توێژینەوەکانیدا کۆنترۆلّ دەکات ودوری دەخاتەوە لەوبارەیەوە دوو بەلّگە دەهێنێتەوە:

- تێکڕای پەیوەندداری لەتاوانەکانی دزی کردندا کەهەردەم مندالاّن تیایدا لاسایی باوکیان دەکەنەوە؛ نزمترە لەتێکڕای پەیوەنداری لە تاوانە سێکسییەکان کەباوکان هەمیشە لەمندالّەکانیانی دەشارنەوە.
- ئەومندالاّنەی لەتەمەنێکی کەمدا دادەبڕێن بەهۆی زیندانی کردنیانەوە، کەچی زیاتر سوورن لەسەر ئەنجامدانی تاوان ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەلّ ئەومندالاّنەدا کەلەتەمەنێکی گەورەتردا لەباوکیان دادەبڕێن ودوردەکەونەوە.

هەروەها گورینگ لاوازیو کەمبایەخی ڕۆڵی باروڕەوشی کۆمەڵایەتی لەتاوانکردندا پیشاندەدات وەك حاڵەتەکانی هەژاری ونەزانی ودابەزینی ئاستی گوزەران ودەڵێت: ڕۆڵی ئەم ڕەوشانە زۆرلاوازن لەخولقاندنی لێکچوونی نێوان تاوانەکانی باوکان ومنداڵەکانیان، بەشێوەیەك ئەوەندە لاوازە کەناکرێت لەگەڵ ڕۆڵی سەرەکی فاکتەری بۆماوەدا بەراورد بکرێت.

لەهەڵسەنگاندنی توێژینەوەی ئاماریی بەراوردکاریی نێوان تاوانەکانی باوان ومنداڵەکانیاندا دەکرێت بڵێین:

گەرچی گورینگ هەوڵیداوە بەو هەڵانەدا نەڕواتەوە کە لەڕووی میتۆدەوە کەسانی پێش خۆی پیایدا تێپەڕیون و، ڕێگای ئاماری بەکارهێناوە و، بەشێوەیەکی بەرفرواوان فاکتەری ژینگەی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام هێشتا ڕەخنەی لێدەگیرێ وکەوتۆتە چەندین هەڵەوە، چونکە لەتوێژینەوەکانیدا تەنها ڕەگەزی نێری وەرگرتووە وڕەگەزی مێینەی فەرامۆش کردووە،هەروەها بەتەنها چەند فاکتەرێکی ژینگەیی وەرگرتووە کەبەشێکی کەم لەپێکهێنەرەکانی ژینگە پێکدەهێنن.

لەتاوانەکانی دزیو سێکسدا بایەخی بەگواستنەوەی شێوازە تەکنیەکیەکانی ئەنجامدانی تاواندا وە لەباوکەوە بۆمندال، لەبەرامبەردا گواستنەوەی بەها گشتی‌یەکانی فەرامۆش کردووە کە گرنگی‌یەکی گەورەیان هەیە. بەلای گورینگەوە کەمندالان دەخرێنە نێودامەزراوەکانی چاککردنەوە ئیدی لەناوەندەکانی تاوانکردن دوردەکەونەوە، لەڕاستی‌دا مێردمندالان کەتن وتاوانکردن لەنێوئەو دامەزراوانەشدا فێردەبن و فێردەکرێن هەروەك چۆن لەژینگەی تریشەوە فێری‌دەبن.

<u>بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بەبۆماوە ئەم ڕاستیانە دەرکەوتوون:</u>

ئەگەری گواستنەوەی هەندێ سیفاتی جەستەیی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی ترهەیە بەڵام هەتا ئەمڕۆ ئەوە نەسەلمێنراوە ویەکلایی نەبۆتەوە کەفاکتەری بۆماوە پەیوەندی بەڕەفتاری تاوانکاریەوە هەبێت. هەمووئەو یاسایانەی کەزاناکانی بایولوژیا لەبۆماوەدا پێی گەشتوون وسەلماندوویانن، جەخت لەسەر گواستنەوەی چەند سیفاتێکی ئەندامی دیاریکراوو زانراو دەکەنەوە لەنەوەیەکەوەبۆ نەوەیەکی‌تر وەك: درێژی بەژن وبالآو ڕەنگی‌پێست و چاو...تاد، یان هەندێ نەخۆشی وەك کەمخوێنی ورەنگکوێری‌و پەرکەم وشەکرەو، هەندێك جۆرلەبەرزبونەوەی فشاری خوێن وپوکانەوەی ماسولکەکان. بەڵام ڕەفتاری تاوانکاری سیفاتێکە لەسروشت وپلەکانی‌دا دیاریکراونیە وەك سیفاتە ئەندامیەکان بەڵکو شێوەیەکەلە شێوەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی ولەچەندین چەشندا و بەشێوەی جیاجیاو گۆڕاوودا دەردەکەون، ئاستەمە لەیەك چەشن وسیفاتدا کۆبکرێنەوە تاکو بتوانرێت ئەگەری گواستنەوەیان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی‌تر بسەلمێنرێن.

لەلایەکی ترەوە بۆماوە پرۆسەیەکی ئەندامی‌یە بەڵام تاوان مەسەلەیەکی ترە و یاساکان (پسپۆرە یاسایی‌یەکان) داستنیشانی دەکەن ولەجەوهەردا بەجیاوازی کات وشوێن گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆنموونە ئەو کردەوەیەی ئەمڕۆ بەتاوان دادەنرێت ڕەنگە لەڕۆژگارێکی‌تردا ئاسایی بێت وبەتاوان هەژمار نەکرێت و، ڕەنگە لەوڵاتێکدا سزای بۆ دانرابێت و لەوڵاتێکی تردا ڕێی پێدرابێت.

تاوانبار سەرپێچی لەهەموو یاساکان ناکات وهەموو تاوانەکان ئەنجام نادات، ئەم ڕاستیانە چۆن لەگەڵ تیوری بۆماوەدا یەکدەگرێتەوە کەدەڵێت:

سـیفاتەکان لەسـاتەوەختی یەکـەمی دروسـت بوونـی زایگۆتـدا (هێلکـەی پیتێنراو) دەگوێزرێنەوە. تەنانەت ئەگەر گریمانی ئەوەشمان کرد کەهەندێ کەس خەسڵەتی سروشتییان بۆدەگوێزرێتەوە ووایان لێدێت ئارەزوومـەندبن بۆ سەرپێچیکردن لەیاساکان، ئەوا ئەوخەسڵەتانە تاکو ئێستا نادیارن وتەنها گریمانـەن وتیـوری بۆمـاوە هیـچ بەڵگەیـەکی بـۆ سـەلماندنیان نەداوە پێمان (59).

دوای ئـەوەی تیـوری بۆمـاوە نـەیتوانی دەرەنجامـەکانی بەسـەر ڕەفتـاری تاوانکـاریدا بسـەپێنێت، ئـەم شکست هێنانـە پـاڵی بەهـەندێك لـەزاناکانی تاوانـەوە نـا کـەبۆماوەو ژینگە ئاوێتـە بەیـەکتر بکـەن وبڵێـن: ئامادەباشـی تاوانکاری بریتییە لەسیفەتێکی بۆماوەیی یان لانیکەم (هێز) ێکی شاراوەیە لەنێو زایگۆتدا وئەشێت لەژینگەیـەکی لـەباردا گەلاڵە ببێت بـۆ پێکهێنانی کەسێتی تاوانبـار. بـەڵام ئـەم بۆچوونـەش هـەتا ئێسـتا هـەر گریمانەیـەو پێویستی بەبەڵگەیە بۆپاڵپشتی کردن وسەلماندن.

سێیەم: توێژینەوەی کرۆمۆسۆمە سێکسییە زیادەکان:

لـەدوای جـەنگی جیـهانی دووەمـەوە سـەرنج و بۆچوونـەکان بـەلای کرۆمۆسـۆمە سێکسـییە زیادەکـاندا ڕۆیشـتن بەمەبەسـتی دەرخسـتنی کاریگـەری وشـوێنەواریان لەپێکـهێنانی ڕەفتـاری تاوانکـاریدا. زاناکـانی بایولۆژیا ئەم دەروازەیەیان کردەوە بـۆ گـەڕان بـەدوای کەرەسـەیەکی نوێدا تـاکو شـارەزایانی بـواری تـاوان سـودی لێوەربگـرن بەلێکدانـەوەی ڕەفتـاری تاوانکاریدا.

ئاشکرایە زایگۆت هەڵگری 23 جووت کرۆمۆسۆمەو، جووتێکیان تایبەتـە بەدیاریکردنی ڕەگـەزی کۆرپەلـەوە. ئـەم کرۆمۆسـۆمە لـە مێینـەدا هـەڵگری

سـيفاته مێينـەكانـەو لەشـێوەی (x x) دەردەكـەون ولەنێرینـەدا هــەڵگری سیفاتە نێرینیەكانەو یەكێكیان لەشێوەی (x) وئـەویتریان لەشـێوەی (Y) دا دەردەكەوێت. كرۆمۆسۆمی (Y) لەنێو هێلكەی پیتێنراودا ڕەگەزی نـێری كۆرپەلە دەستنیشان دەكات.

زاناكـانی بایولوژیـا دەریانخسـتووە هـەندێك لــەنێرەكان لــەجیاتی 46 كرۆمۆسۆم هەڵگری 47 كروموسۆمن كەسیانیان كرۆمۆسۆمی سێكسین لەدوو چەشــندا دەردەكــەون: یەكــەم لەشــێوەی (xxY) واتــە بـــەزیاد بوونـــی كرۆمۆسـۆمێكی مـێ، ئـەم چەشـنەش بـە كلاینفلـتر Klinefelter نـاسراوە، هەڵگرانی ئەم چەشنە بەدەست كـەموكورتیو لاوازی سێكسیو نەزۆكیـیەوە دەناڵێنن وخەسڵەتە سێكسیە ناوەندیەكانیان تیادا دەرناكەوێت وەك ڕیش وسمێڵ ودەنگی گڕو.... تاد ولەچالاكی عەقڵی ودەروونیشدا ناتـەواون. بـەلاَم چەشــنی دووەم لەشــێوەی (XYY) دا دەردەكـــەوێت واتـــا بـــەزیادبوونی كرۆمۆســـۆمێكی تــری نــێر، هــەڵگرانی ئــەم چەشــنە بالاَیــان بـــەرزەو شەڕانگێزن (60).

هــەروەها لــەلای هــەندێ نێرینـــە 48 كرۆمۆســـۆم هەیــە كــەچواریان سێكســـین و لەشـــێوەی (XXYY) دا دەردەكـــەون، واتـــا بـــەزیادبوونی دووكرۆمۆسـۆم یـەكێكیان نـێرو ئـەویتر مــێ، ئــەم جـۆرە كەسـانە پێیـان دەوترێت (پیاوی دووئەوەندە) بەشێوەیەكی بەرچاو درێژن ولەهەمان كـاتدا ئاستی زیرەكیان نزمە تاڕادەی دەبەنگی.

لەكۆتایی پەنجاكانی سەدەی ڕابردوودا، زاناكانی تاوان بەشـێوەیەكی كـارا دەستیان دایە توێژینەوە لەسەر كرۆمۆسۆمە سێكسیـیە زیادەكان بەتایبـەتی لەبەندیخانـەكانی بـەریتانیاو پـەیمانگاكانی بورســـتاڵ Borstal دا بەپشـــت بەسـتن بەدەرهاویشـتەی توێژینـەوەكانی هـەردوو زانـا پاتریشـیا جـاكوب

Patricia A.Jacobs و سترۆنگ J.A. Strong لەبارەی هاوسەنگی کرۆمۆسۆمە سێکسی‌یەکانەوە. توێژینەوەکان زیاتر لەسەر ئەوکەسانە دەکران کەلەچەشنی (XYY) بوون چونکە ژمارەیان لە زیندان و نەخۆشخانە عەقلّیەکاندا (شێتخانە) زۆر بون، بۆیان دەرکەوت ئەوکەسانە ئارەزووی شەڕانگێزییان هەیەو، تێکڕای تەمەنیان لەسەرەتای تاوانکردندا کەمتر بووە لەتێکڕای تەمەنی ئەوتاوانبارانەی لەکرۆمۆسۆمدا سروشتی بوون (واتا لەتەمەنێکی کەمدا تاوانیان ئەنجام داوە)، بەگشتی ناهاوسەنگ وناکامڵ بوون و، هەستیان بەپەشیمانی نەکردووە لەبەرامبەر قوربانیانی تاوانەکانیاندا. ئەوەی زیاتر هانی توێژەرانیدا بۆ درێژەدان بەتوێژینەوەکانیان لەم بارەیەوە لەساڵەکانی شەستەکاندا: ڕوودانی چەند تاوانێکی گرنگ بوو لەچەند دەوڵەتێکی جیاوازدا ولەپاشاندا دەرکەوت تاوانبارەکان هەڵگری کرۆمۆسۆمی (XYY) بوون. ئەمەش وای لەچەند زانایەك کرد کەبڵێن: بوونی کرۆمۆسۆمێکی زیادەی (Y) بەشێوەیەکی کاریگەرو نێگەتیفانە کار لەکەسێتی دەکات وبۆ ڕەفتاری تاوانکاری ئامادەی دەکات (61).

خەڵکی لەوساڵانەدا پێیان وابوو وەڵامی یەکجارەکیان بۆ هۆکارەکانی تاوان دۆزیوەتەوە. و یەکێك لەکێشە گەورەکانی مرۆڤایەتی بەرەو چارەسەرکردن دەچێت، ئالێرەوە دەیان توێژینەوە ڕاگیران و زۆربەی زاناکانی تاوان زەمەنێك لەچاودێری وچاوەڕوانی‌دا دەژیان. بەڵام هەرزوو ڕاستی‌یەکان دەرکەوتن وبەڵگەکانی خاوەن تیوری کرۆمۆسۆمەسێکسی‌یە زیادەکان لاواز بوون و دەستەوەستان مانەوە. لەدوای هەندێك توێژینەوەی وردو قوڵەوەدەرکەوت:

- ڕادەی شەڕانگێزی ئەو تاوانبارانەی کەهەڵگری کرۆمۆسۆمی (XYY) ین زیاتر نبیە لەوتاوانبارانەی لەڕووی کرۆمۆسۆمەوە ئاسایی‌و سروشتی بوون.
- ژمارەیەك لەوانەی هەڵگری کرۆمۆسۆمی سیکسی (XYY) ین لەکۆی گشتی دانیشتوان، لەژیانیاندا هیچ جۆرە تاوانێکیان ئەنجام نەداوەو کەسانی ئاسایین ولەڕووی عەقڵی‌و ئەندامی‌یەوە سروشتین.
- حاڵەتی کرۆمۆسۆمی (XYY) بەرێکەوت بۆیەکەمجار لەلای کەسێکی ئاسایی دۆزرایەوە کەهیچ نیشانەیەکی نائاسایی تیابەدی نەکراوە ولەڕادەی زیرەکیشدا ئاسایی‌و مام ناوەندی بووە، جگە لەوەی نیشانەکانی شەڕانگێزی وئارەزووی تاوانکردنی تیا بەدی نەکراوە.

تیۆری شیکردنەوەی دەروونی:

تۆێژینەوە سایکۆلوژیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست، بەمەبەستی دۆزینەوەی پاڵنەرەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی،بایەخیان دەدا بەکارلێکی نێوان فاکتەرە بایولوژیو کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر پێکهێنانی کەسێتی مرۆڤ و ڕادەی گونجاندن و گەشەکردنی. ئەم هەوڵانە بە ئاقاری شیکردنەوەی دەرووندا دەڕۆشتن و زانای نەمساوی سیگموند فرۆید(1856-1939) بەردی بناغەی تیوری شیکردنەوەی دەروونی داڕشت و زانا هاوکارەکانی وەك جۆزیف برۆیەر(1841-1925)و ئەلفێرد ئەدلەر(1870-1937)و کارل یونگ (1875-1961)زیاتر گەشەیان پێداو دەوڵەمەندیان کرد. لێرەدا ئاماژە بۆ بیرۆکە سەرەکییەکانی تیورەکەی فرۆید دەکەین.

بەلای فرۆیدەوە کۆئەندامی دەروونی لە سێ بەش پێك دێت کە بریتین لە:

یەکەم: ئەو Id:

لە ڕووی دروست بوون و پێکهاتنەوە کۆنترین بەشەو،ئەو بەشە سروشتییەیە هەڵگری نیشانەغەریزەکانەو لە پێکهاتەی ئەندامی فسیولوجی جیا نابێتەوە و لە ڕێی بۆماوەوە دەگوێزرێتەوە.

ئەو Id سەرجەم پاڵنەرە زگماکییەکان دەگرێتەوە کە فرۆید لە زۆربەی کتێبەکانیدا بەغەریزە ناوی بردوون وەك تینوێتی و برسێتی و هەست کردن بە سەرماو گەرما و خەوتن....تاد بەلام فرۆید زیاتربایەخ بە

دووانییـــان دەدات کــەبریتین لــە ســێکس و شــەرانگێزی و پێیوایــە بەشــی گەورەو گرنگن لە بونیـادی کەسـێتیدا و نـاوی نـاون غـەریزەی ئـیرۆس(62) یـــان غـــەریزەی خۆشەویســـتی، ســـاناتۆس (63) یـــان غـــــەریزەی وێـــــران کردنومەرگو شەرانگێزی (64).

ئەوId لایەنی پێکهێنەری سروشتی ئاژەڵییە لەلای تاکەکـەس و بـەپێی بنـــەمای لـــەززەت و چێـــژ وەرگرتـــن ڕەفتاردەکـــات بـــۆ تـــێرکردنی غەریزەکان و،بەهێزی وزەیەك ئەبزوێ کە فرۆید ناوی ناوە لەبیدۆ.

ئەم لایەنە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەجیهانی دەرەکـی و واقیعـەوە نییـە، بۆیـە هیـچ شتێك لـەبارەی ئاکارو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانـەوە نـازانێت، هـەروەها بێئاگایـە لـەکات و شوێن و لێکدانـەوەی لۆژیکـی((منداڵــی سـاوا هـاوار دەکات، دەگری،خۆی پیس دەکات هەرکاتێ بێو لە هــەرکوێ بێ بەهەرشـێوەیەك بۆی بلوێت)) بەهـەر شـێوەیەك بێـت پاڵنـەرو پێداویسـتییەکان بـەخێرایی و هەنووکەیی و بـە تـەواوتی و بەهـەر نرخێکە تێردەکات، خۆئەگـەر بـۆی نـەکرا ئەوا لەجیهانی ئەندێشە و خەیاڵدا تێریـان دەکات. کەواتـە ئـەو I d وێنەیـەکی سەرەتایی کەسێتییە.

لـەناو ئـەودا هـەردوو غـەریزەی سـێکس و شـەرانگێزی لەمەســـەلەی تـــێرکردندا زیـــاتر ڕووبـــەڕووی ســـەختیو دژواری دەبنـــەوە و نایەنـــە تێرکردن و توشی نائومێدی دەبن.

دووەم: **من** Ego:

ئەم لایەنەی کەسێتی هێدی هێـدی و بەشـێوەیەکی پلـەدار لـە ئـەنجامی پەیوەندی منداڵ بە جیهانی دەرەکی واقیعیەوە دروست دەبێـت و بـەهۆی پێنـــج ئەندامەکـــەی هەســـت کردنـــەوە پێـــك دێـــت. منـــداڵ لـــە ڕێی

هەستەکانیەوە پێشوازی لە کارتێکەرو وروژێنەرەکان دەکات و ئەزموون وشارەزایییەکان وەردەگرێت و، ئەوشتانە فێردەبێت کە خۆشی بۆ دەهێنن و ،ئەو ڕەفتارانەش فێر دەبێت کە ئازار و ژانیان بە دواوەیە، سەرکەوتن و شکست هێنان، ئارامی وچاوەڕوانیو ئەگەرەکان فێر دەبێت، لێرەوە (خودی عاقلّ) یان من لە تاکەکەسدا پێك دێت (65).

مـن Ego کانگای هەستکردن و پەی بردن و حوکمدانە و خاوەنی دەسەلاَتی سەرپەرشتی کردنە بەسەر کۆئەندامی جوڵەی ئیرادی دا هەروەها بەسەر هەموو غەریزەکانی ئەو Id دا. لەمرۆڤی عاقلّدا ئەم بەشە بەپێی بنەمای واقیع نەك لەززەت، کاردەکات وئەرکەکەشی گونجاندنە لە نێوان خواستەکانی ئەو I d و باروەرەوشی دەرەکیدا، واتا تێر کردنی ئارەزووە غەریزەییەکانە لەکات وبارو ڕەوشی گونجاوی جیهانی دەرەکیدا (66).

من Egoهەڵدەستێت بەخەفەکردن و گۆڕین و بالاَپێکردنی غەریزەکان تا ئەو کاتەی هەلومەرجە دەرەکییە واقیعییەکە دەرەخسێت و لە باردەبێت بۆ تێرکردنیان.ئەم بەشە لەمنداڵی بچوکدا لاوازو بێهێزە بۆیە منداڵ پێویستی بەچاودێری و ئاگاداری کردنە، هەروەها لەلای نەخۆشە دەروونیو عەقڵییەکانیش تاڕادەیەکی زۆر لاواز و بێهێزە.

کەواتە من Ego قوربانی بەپێداویستییە هەنوکەییەکان دەدات و ئازارو سوێ دەچێژێ و چاوەڕوانی دەکات بۆ چنگ کەوتنی چێژو لەززەتێکی دواخراو، واتا دەیەوێت بە شێوەیەکی ماقول تێربکرێت نەك بە سادە و ساویلکەیی بۆ ئەوەی زیان بەر تاکەکەس نەکەوێت. دەتوانین بلێین لەکەسێتی دا من E goڕوخساری هەستی و ئیرادییە (67).

فروید بەم شێوەیە وەسفی من Egoدەکات و دەڵێت: (من)ی گوناه... دەبێت خزمەتکاری سێ سەرداری دەسەلاَتداری توندوتیژ بێت و لەنێوان

داواكارييـەكانى هەرسـێكياندا گونجـاندن و هاوسـەنگى و ڕێكخسـتن دروسـت بكات، ئەوسيانەش بريتين لە: ئەو، واقيعى دەرەكى و منى باڵآ.

سێيەم: **منى باڵآ** Super Ego:

ئـەم بەشـەى كۆئـەندامى دەروونـى مـرۆڤ لـە سـەرەتاكانى تەمەنـەوە لـەڕێى بـەها كۆمەڵايەتىيـەكان و بنـەما ئاكارييـەكان و داب و نـەريت و چاكـەكردن و دور كەوتنـەوە لـە خراپـەو ڕێنمايىيـە ئايينىيـەكان و ئامۆژگارييەكانى دايك و باوك و پێوەرەكانى كۆمەڵگاوە دروست دەبێت.

منـداڵ كاتێك دەگاتـە تەمـەنى پێنـج و شـەش ساڵى ئـەم ئامۆژگـارى و ڕێنمايىيانە وەك دەسەڵاتێكى ناوەكى لە ناخىدا گەڵاڵـە دەبێت ولەشێوەى ويژدانـدا جىَى دايـك و بـاوك و سـەرجەم دامـەزراوەكانى تـر دەگرێتـەوە و دەبێتـە ڕەخنـەگرو ئاراسـتەكەر و چـاودێر يـان پاسـەوان بەسـەر پرۆسـە عەقلى يەكاندا.

منـى بـاڵآ گـەرچى لـە منداڵىدا پێك دێـت و دەچەسـپێت بـەڵام شـايانى گۆڕيـن و ڕاسـتگردنەوەيە بـە زيـادبوونى ڕۆشـنبيرى تاكەكـەس و ئەزموونـەكانى دەگـۆڕێو ڕاسـت دەبێتـەوە كەواتـە ئەزموونـەكانى سـەرەتاى تەمەن كاريگەرى قوڵيان بەسەرقۆناغە جياجياكانى تەمەنـەوە دەمێنێتـەوە (68). فرۆيـد پـێى وايـە منـى بـاڵآ لـەدوو لايـەن پێـك دێـت كـە ئـەوانيش بريتين لە:

1-منـى نموونـەيى يـان منـى ئايديـايى كـە هـەندێ جـار پـێى دەوترێـت ئـەرك (الواجـب) بـاوك ودايـك و مامۆسـتايان بەشـێوەيەكى مەبەسـتدار ناوەڕۆكى منى ئايدياىى لەناخى منداڵدا دەچێنن وئاراستەى دەكەن بۆ كارى پەسەندو ويستراو بۆئەوەى منداڵ بكـەن بـە(پيـاوى بچوك) بـۆ هـەركارێكى

باش‌و ڕێك‌و پێك كەبیكات، ئافەرین و ستایشی دەكەن ، لەلایەكی تریشەوە ڕەنگە لەڕێی لاسایی كردنەوە و شوێن پێ هەلگرتنەوە منی نموونەی پێك بێت .

2-ویژدان: وەك ئاماژەمان بۆكرد هەندێك جار بە منی ئایدیایی دەوترێت ئەرك و ویژدان وەك ((پێویستە، دەبێت)) باسی لێوە دەكرێت بوونی ویژدان لە كەسێكدا دەتوانرێت بە ئاسانی بسەلمێنرێت لە كاتێكدا كارێك بكات و لەگەڵ پێوەرەكانی خۆیدا نەگونجێت و یەكنەگرێتەوە وەلە ئەنجامدا كەسەكە هەست بەگوناهو ئەشكەنجەی دەروونی بكات و بە خۆی بڵێت (نەئەبوایە یان ئەبوایە ئەوەم بكردایە یان نەكردایە). كەواتە ویژدان بەو مانایە دێت تاكەكەس بتوانێت خۆی خودی خۆی سزا بدات (69).

فرۆید لە نیشانەكانی كامڵ بوونی كەسێتیدا دەڵێت: مەرج نییە تاكەكەس هەربە تەنها بۆ گەیشتن بەو(منە ئایدیاییە) تێبكۆشێت كە بۆ خۆی پێكی هێناوە بەڵكو دەبێت تواناشی هەبێت بۆ حوكم دان بەسەر خودی خۆیدا واتا دەبێت ویژدانی ناوەكی هەبێت.

دەكرێت لەم چەند خاڵە دا پوختەی منی باڵا كورت بكەینەوە و بیخەینە ڕوو:

- لەڕووی پێكهاتنەوە: سەرجەم بەهاو پێوەرو بیروباوەڕو بنەما ئاكارییەكان دەگرێتەوە كە تاكەكەس بۆ حوكمدان بەسەر پاڵنەرو ڕەفتارەكانیدا بەكاریان دەهێنێت و بیركردنەوە و كردەوەكانی ڕێنمایی دەكەن
- لەڕووی ئەركەوە ئەو لایەنەی كەسێتی دەگرێتەوە كە: ئاراستە دەكات و ڕخنە دەگرێ و سزادەدات، واتا لەیەك كاتدا هەرسێ دەسەڵاتەكەیە (یاسادانان و قەزائی و جێ بەجێ كردن).

• لــەڕووی هــێزی بزوێنــەرەوە دەکرێــت بڵێــین: ئامادەباشــی لاشعورییانەی پاڵنەرەکانـە وەك ڕێگرو لەمپـەری وەرگیراو لەسـەر بنـەمای ترس و خۆشەویستی و ڕێزگرتن (70).

کێشـەکە لـەدیاری کردنـی هەڵوێستی تاکەکەسـدایە لـەنێوان ئـەم سـێ هێزەدا: هێزی ئەو I d وهێزی منی باڵاو هـێزی واقیـع، هەریەکـە لـە (ئـەو) و(منیباڵا) داواکاری خۆیان هەیە و پێویستە من E go بـەپێی بنـەمای واقـع ڕازییان بکات وهاوسەنگی بپارێزێ و هەستی گوناهباری نەخولقێنێت.

ئەگـەر هـاتوو مـن Ego توانـی لـە کارەکـەیدا سـەرکەوتووبێت و بـە شێوەیەکی کامڵ گونجاندن دەستەبەر بکات ئـەوا ژیـانی دەروونـی کەسـەکە ئاسـایی دەبێـت و کەسـێتیش کـامل وهاوسـەنگ دەبێـت. خۆئەگـەر بـەهۆی فشاری زۆری ئەو ومنی باڵاوە شکستی هێناو لاوازی من Egoدەرکـەوت، لـەم حاڵەتەدا هاوسەنگی تێك دەچێت ،بۆیە بەناچاری کۆئەندامی کەسێتی پـەنا دەباتە بەر میکانیزمی فێڵە بەرگرییەکان بۆگەڕانـەوەی ئـەو هاوسـەنگییە، ئەگـەر میکـانیزمی فێڵـە بەرگرییـەکانیش شکسـتیان هێنـا ئــەو کاتــە ناهاوســەنگییەکە لەشــێوەی نەخۆشــی دەروونــی و عــەقڵی یــان ڕەفتــاری تاوانکاری دا دەردەکەوێت.

میکانیزمی فێڵە بەرگرییەکان:

ئەم فێڵە بەرگرییانە هەوڵدانی ناڕاستەوخۆن بۆ هێنانەدی گونجاندن و هاوسەنگی دەروونی ، و دەکرێت بەم شیوەیە پیناسـەیان بکـەین: کۆمـەڵێك کەرەسـەو شـێوازی لاشعورین و لەلایـەن تاکەکەسـەوە بـەکاردێن و،ئـەرکیان شـێواندن و سـڕینەوەی حەقیقەتـە بـەئامانجی ڕزگـارکردنی کەسـەکە لـە حاڵەتەکانی نائارامی و دڵەڕاوکێ، کە بەرئەنجامی ئەو ململانێ و شکستانەن

هەرەشە لە ئاسایشی دەروونی مرۆڤ دەكەن و دەخـوازن تاكەكـەس بپـاریزن و داكۆكی لیٚ بكەن تاكو زیاتر بڕوای بە خۆی هەبێت و ڕێز لە خـودی خـۆی بگرێت و ئاسودەیی سایكۆلوژی بـەدی بهێنێت. كەواتـە خـودی مـرۆڤ فێڵـە بەرگرییـەكان وەك چەكـەكانی بـەرگریكردن لـە دەروون بـەكاردەهێنێت دژ بە شكست و نائارامی و دڵەراوكێو، ئەركی ڕاستەقینەیان پاراستنی منەEgo لـەو هەڕەشـانەی ئاراسـتەی دەكرێت لەلایـەن لاشعورو منـی بـاڵاو جیـهانی دەرەكییەوە.

هەموو كەسێك ئەم فێڵە بەرگرییانە بەكاردەهێنێت (كەسـانی ئاسـایی و نائاساییو ساغ و نەخۆش) بەڵام جیاوازییەكەیان لەوە دایـە مرۆڤـی ئاسـایی و ساغ سـەركەوتوو دەبێت و ،نائاسـایی و نەخۆشـیش بەبـەردەوامی شكست دەهێنیٚ. یەكەمیان بەشێوەیەكی مام ناوەند بەكاریان دەهێنێت و دووەمیـان زیـادڕەوی دەكات لـە بـەكارهێنانیاندا، هـەر شـتێكیش لـەڕادەی خـۆی زیـاتر بووبۆ دژەكەی هەڵدەگەڕێتەوە. لێرەدا بەمەبەستی ڕوون كردنەوەی زیاتری فێڵە بەرگرییەكان هەندێكیان دەخەینە ڕوو:

. شەرانگێزی: بریتییە لەو هێرشەی تاكەكەس دەیكاتە سەر كەسێك یان هەرشـتێكی تـر وەك ئـەوەی ئـەو كەسـەیان ئـەو شـتە لێپرسـراوبێت لـە دروست كردنی ئەو لەمپەر وڕیگرانەی كەنایەڵێت كەسەكە بەئامانجی خۆی بگات وەك: جنێودان و سوكایەتی پێكـردن و ترسـاندن و نوكتـەی سـووك و سەرزەنشت كردن

. بـاڵاپێكردن: بریتییـە لـە بەرزكردنـەوەی ئـەو پاڵنەرانـەی كـە كۆمـەڵگا قبوڵیـان ناكات بـۆ ئاسـتێكی بـەرز و بـاڵاو گوزارشـت لێكردنیـان بەكەرەسـەی پەسـەند لـە ڕووی كۆمەڵایەتییـەوە بۆنموونـە بـاڵا پێكردنـی

پاڵنەری سێکسی بۆ نوسینی شیعری دڵداریو،پاڵنەری شەرانگێزی بـۆوەرزش (بۆکسێن).

. پێوەلکاندن: بریتی‌یە لەپێوەلکاندنی ئەو خەسڵەت و سیفاتانەی لە خودی کەسێکدا هەیە و نابەجێن، بەکەسانی‌ترەوە،پێوەلکاندن زیاتر لەوەی تاوانبارکردنی کەسانی تربێت،دان پیادانـانێکی لاشعوری‌یە بـەو خەسـڵەت و سـیفاتە نابەجێیانـەدا.وەك وەسـف کردنـی خـەڵکی بـەناپاکی‌وداوێن پیسـی‌و خۆپەرستی و درۆکردن و کەمتەرخەمی.

. نێگەتیفایـــەتی: بریتی‌یـــە لـــە بـــەرگری‌کردن لـــەو فشـــارو لێپرسراوێتی‌یەی کەلـە ئەسـتۆی تاکەکەسدایەو داوای‌لێدەکرێت بـەڵام ئـەم پێچەوانەکەیان دەکات وەك حاڵەتەکانی بێدەنگی ویاخی بوون و ڕەفزکـردن و نکوڵی کردن.

. گۆڕین:بریتی‌یە لەوەرگرتنی بـەدیل بـۆ پاڵنـەرێك کـەتێر نـەکرێت یان ڕەفتارێکی نابەجێ لەڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە، بەدیلەکە هـەردەم لەشـتە ڕاستەقینەکە دەچێت،وەك گۆڕینی ڕەفتـاری شـەرانگێزی لەباوکـەوە بۆبـرای بچوك یان کەرەسەکانی یاری‌کردن.

6-پەرچەپێکهاتن: بریتی‌یە لە گوزارشت کردنە لە پاڵنەرێکی ناشیرین و نەشیاو،بەئاراستەیەکی پێچەوانە وەك : ئایینداری وەك پەرچـەکردارێك بـۆ بێ‌بـاوەڕی ، زیـادڕەوی لـە خۆپێچانــەوە وەك پەرچـەکردارێك بۆپاڵنــەری سێکسی بـەهێز، هـێرش کردنــە سـەر ژنـانی سـفور وەك پەرچـەکردارێك بۆحەزکردن لە سفورایەتی و زیـادەڕەوی لـە پێکـەنین وەك پەرچەکردارێك بۆ کارەسات و لێقەومانێکی گەورە.

7-خەفەکردن : بریتی‌یە لە دورخستنەوەو چەپاندنی هزروبیری پـڕ لـە ژان و ئـازاراوی و نابـەجێ کـە سـەرچاوەی دڵـەراوکێن، لـە گۆڕەپـانی

هەستەوە بۆگۆڕەپانی نەست(لاشعور)، تاکەکەسەکە خۆی بە دوربگرێت لە گوناهو ئەشکەنجەی خودوویژدان وەك خەفەکردنی غیرە یان ڕق و کینە.

ئەمانە و چەندین فێڵی بەرگری تر وەك : لە بەر یەکترازان و ئەندیشەکاری و، پاساو هێنانەوە وخەفەکردن و گشتاندن و.....تاد. ئەتوانین بڵێین ئەم فێڵە بەرگری‌یانە ئەوەندەی مەبەستیانە تاکەکەس لە نائارامی و دڵە ڕاوکێ ڕزگاربکەن ئەوەندە مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان نییە (71)، (72)، (73).

ڕاڤەکردنی ڕەفتاری تاوانکاری لە تیوری شیکردنەوەی دەروونیدا:

لە ئەنجامی ئەو ناکۆکی و مل ملانێیانەی لە قۆناغی منداڵی بەرایی دا هەیە لە نێوان ئەوId I و من Egoو منی باڵا دا ، منداڵ هەوڵدەدات بۆ خەفەکردنی ئەو غەریزانەی کە ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە و تێریان بکات،هەروەها خەفەکردنی ئەو هەڵچوون و هزرویدەوەری و خورپەو شۆکە شعوریانەی کە پڕ ئازار و ژان و شاراوە و شەرماوین لە ژیانیدا. پرۆسەی خەفەکردن نابێتە هۆی سڕینەوەی یەکجاریی‌یان، بەڵکو لە گورەپانی هەستەوە دەیانگوێزێتەوە بۆ گۆڕەپانی نەست و لەوێدا عەمباریان دەکات و بەشاراوەیی دەمێننەوە یاخود دەکەونە حاڵەتی مل ملانێ ی ناوەکی هەست پێ نەکراوەوە و بەچەندین شێوە لەهەستدا ڕەنگدەدەنەوە وەك دڵەڕاوکێو دڵتەنگی و نائارامی،یان لە شێوەی هێماو سومبول لە خەوندا دەردەکەونەوە یان لە هەڵەی زمان و نووسین و ڕەفتاری بێ بناغەو هەڵەشەدا دەردەکەون، ئەو ململانێیانەی کەهەیە دەکرێت لەم هاوکێشانەدا ڕوونیان بکەینەوە:

- ئەو دژی من
- منی بالاَ دژی من
- ئەو + من : دژی منی بالاَ
- منی بالاَ + من : دژی ئەو (74)

مل ملانێ دەروونی‌یەکان لە نەستدا بەردەوامن ولو دەروونی منداڵدا چەندین گرێی دەروونی دەخولقێنن وەك گرێکانی ئۆدیب و ئەلێکترا و غیرە و گوناهو هەست کردن بەکەمی و مەحارم وقابیل.....تاد. لە نێو ئەو گرێیانەدا فرۆید بایەخێکی گەورەی بە هەردوو گرێی ئودیب (75) و ئەلێکترا (76) داوە و، جەختی تەواویان لە سەر دەکاتەوە.

بەلای فرۆیدەوە منداڵی کوڕ لە سەرەتادا دایك و باوکی خۆی وەکویەك خۆشدەوێت و جیاوازییان لە نێواندا ناکات، بەڵام لە ساڵانی سێیەم و چوارەمی تەمەنیدا زیاتر هۆگری دایکی دەبێت و خۆشی دەوێت ئەمەش گوزارشە لەو ئارەزوو سێکسی‌یە زگماکی‌یەی کە هەیەتی.ئینجا بەهۆی پەیوەندی سێکسی باوکی لەگەڵ دایکیدا، غیرە لە دەروونی منداڵەکەدا دروست دەبێت و باوکی دەبوغزێنێ و خۆشی ناوێت ولێی دەترسێت. لێرەوە هەست کردن بەکەمی لە بەرامبەر باوکیدا (کەبەهێزو مەزنە) لە لادروست دەبێت. لەم کاتەدا من Ego و منی بالاَ دێنە ئاراوە و ئەوهەست ونەستە نابەجێ‌یەی ئەو ڕەفز دەکەنەوە. ئیدی پرۆسەی خەفەکردنی ئەو هەست و نەستە نابەجێیانە بۆ گۆڕەپانی نەست دەست پێدەکات. ئینجا لەئەنجامی ئەم مل ملانێ بەردەوامەدا گرێی ئۆدیب لەلای کوڕەکە دروست دەبێت (77).

کاتێك منداڵ بەشێوەیەکی دروست و پەسەند پەروەردەبکرێ و توشی دابڕان (بەهەموو جۆرەکانی‌یەوە) نەبێت و توندوتیژی لەگەڵدا بەکارنەیەت

(واتا گرێی خەساندن) (78) ئەوا منداڵ بەبێ‌كێشەو گرفتی گرێی ئۆدیب تێدەپەڕێنێ‌و ئەوینەكەی بۆدایكی دەبێت بەهۆگری ئاسایی، وغیرەكەی بۆباوكی دەبێت بەسەرسام بوون و خۆشەویستی‌و لاسایی كردنەوە و وەرگرتنی كەسێتی باوكی.بەپێچەوانەوە ئەگەر منداڵ سەركوت بكریت و لێیبدرێت و توشی دابران ببێت یاخود بەشێوەیەكی لەڕادەبەدەر نازی پێبدرێت وسەرجەم حەزو ئارەزوەكانی تێربكرێن، یاخود پەروەردەیەكی ناجێگیر (دەمێك لێبوردن وبێ‌دەنگی و دەمێكی تر سزادان و توڕەبوون لەسەر هەمان ڕەفتار) پەروەردەبكرێت، ئەوا ناتوانێت بەسەر ئەو ئەو گرێیەدا زاڵ ببێت وچەندین لادانی دەروونی توش دەبێت وەك: وابەستەبوونی بێئەندازە بەدایكەوە وغیرەیەكی مەزن بەرامبەر باوك یان مێردی دایكی‌و، كەم توانایی سێكسی و،بێ ڕەوشتی (لواطیة) ودژایەتی كردنی باوك وهەموو سەركردەیەكی‌تر یان هەموو دەسەڵاتدارێك، لەحاڵەتە توندوتیژەكاندا ڕەنگە باوكی‌خۆی بكوژێت وپەلاماری سێكسیانەی دایكی بدات، بەڵام ئەم حاڵەتە دەگمەنەو كەمتر ڕوودەدات بۆیە ڕق وكینەكە لەشێوەی هێماو ڕەمزدا دروست دەبێت وەك دزینی پارەی باوك یان ساختەكردنی (چەك)ی دارایی لەبانكدا یان سوتاندنی ماڵ‌و كەرەسەكانی باوك (79).

لە هەموو حاڵەتەكاندا تاوان لەڕوانگەی ئەم تیورەوە بریتی‌یە لە گوزارشتكردنێكی ڕاستەوخۆ لەپاڵنەرە غەریزەیی‌یەكان وداواكارییەكانی ئەو Idیاخود گوزارشتكردنێكی ڕەمزی‌یە لەپاڵنەرە خەفەكراوەكانی ناولاشعور لەهەردوبارەكادا منێكی Ego لاواز هەیەو ناتوانێت هاوسەنگی لەنێوان هێزە بەیەكدا چووەكاندا بكات واتە لەنێوان ئەو، منی باڵا، واقیع.

زانای فەرەنسی (دانیال لاگاش) بەپشت بەستن بەم تیورە لەشێوازێکی نوێدا ڕەفتاری تاوانکاری لێکداوەتەوە وگەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە کەسێتی تاوانبار ئەم سێ ڕواڵەتەی هەیە:

. پەشێوی لەپرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی دا بەهۆی پەروەردەکردنی هەڵەو چەواشەو نادروستەوە.

. پەشێوی وهەڵە بەکۆمەڵایەتیکردنی مرۆڤدا، یان پەشێوی لەتێکەڵ کردن و هێنانە نێو کۆمەڵگای تاکەکەسەوە، بەهۆی چڕکردنەوەو جەخت کردن لەسەر خود گەرایی یان وابەستەبوون بەهەڵوێستی منداڵانەوە، یان ڕاڤەکردنی هەموو شتێك لەدیدگای تەسکی خودگەڕایی یەوە وگرنگیدان بەبەرژەوەندی شەخسی وگوێنەدان بەبەرژەوەندی کەسانی تر ولەدەستدانی هەستی بەرپرسیارێتی ولێپرسینەوە.

. پێنەگەین و کامڵ نەبوون، بەواتا بێدەسەڵاتی لەدواخستنی تێر کردنی پاڵنەرە غەریزیەکاندا (هەنووکەیی بۆئایندە) بێ توانایی لەحوکمدان ورەخنە لە خۆگرتن و، پەندو ئەزموون وەرنەگرتن (80).

هەڵسەنگاندنی تیورەکەی فرۆید لە تاواندا

لەهەڵسەنگاندنی ئەم تیورە لەبواری تاواندا ئەکرێت ئەم خاڵانە بخەینە ڕوو:

- هەندێك لە دەستەواژەو چەمکەکانی تیورەکە ئاڵۆزو تەماوین و، بەکارهێنانی تیورەکەی واڵێکردووە کارێکی قورس ودژوار بێت وتەنها دەستە بژێرێك لەزاناکان پێیان ئەنجام بدرێت (81).

- تیورەکە جەخت لەسەر لایەنی غەریزەیی وزگماکی دەکاتەوە لەڕەفتاری لادەرانەو تاوانکاریداو، دەستەوەستانی من Ego لەبەرامبەریاندا پیشان دەدات، ئەمەش بۆخۆی گەڕانەوەیە بۆ حەتمیەتی بایولۆژی تاوانبارو

تاوانکردن وکەمکردنەوەی ئەگەرەکانی چارەسەرکردن، چونکە چاکبوونەوە کاتییە لەبەر بوونی بەردەوامی پاڵنەرە زکماکیەکان و، لەهەر ساتەوەختێکدا من Ego لاواز ببێ ئەوا پاڵنەرەکان زاڵ دەبن ودەسەڵات دەگرنەوە دەست بەسەر کەسەکەدا. ئەمانەو جگە لەبایەخدانی کەمی تیورەکە بە لایەنی کۆمەڵایەتی وژینگەی دەوروبەر.

- تیورەکە شوێن وپلەو پایەیەکی مەزنی داوە بەپاڵنەری سێکس لە سەرجەم هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤدا، ئەم بۆچوونەش هەتا ئەمرۆ نەتوانراوە ڕاستیو دروستی بسەلمێنرێت.

- زۆرێك لەزاناکانی شیکردنەوەی دەروونی لادانیان بەنەخۆشی دەروونییەوە بەستۆتەوە و، تاوان بەجۆرێك لەنەخۆشی دەروونی وەسف دەکەن. ئەمەش خۆی لەخۆیدا زیادڕەوییە چونکە مەرج نیە هەموو تاوانبارێك بەزەرورەت نەخۆشی دەروونی هەبێت یان هەموو نەخۆشێکی دەروونی تاوانبار بێت وتاوان ئەنجام بدات.

- ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی ڕەفتاری تاوانکاری بە شیکردنەوەی دەروونی بەگەڕانەوە بۆ هۆکارەکانی تاوانکردن دەکرێت لەنێو لاشعوردا، ئەم کارەش پرۆسەیەکی یەکجار قورس و ئاڵۆزەو پێویست بەوە دەکات بگەڕێینەوە بۆقۆناغی منداڵی، لایەنەکانی ئەم قۆناغەی تەمەنیش بەلای نەخۆشەکەو کەسوکاریەوە نادیارو شاراوەیە وزەحمەتە تیشکی تەواوەتی بخرێتە سەر وکاتێکی زۆری دەوێت ولەساڵێکەوە بۆ پێنج ساڵ درێژە دەکێشێت وڕەنگە لەهەندێ حاڵەتدا دە ساڵیش بخایەنێت، لێرەدا وای لێدێت دەرگای دامەزراوە سزاییەکان دابخرێت وبگۆڕدرێت بۆ کلینکی دەروونی و، چارەسەر بۆ هەموو تاوانبارەکان بدۆزنەوە وبکرێت، ئەمەش ئاستەمومەحاڵە (82).

قوتابخانەی کۆمەڵایەتی لەتاواندا

بــــەلای زاناکـــــانی کۆمەڵناســـــیەوە تـــــاوانکردن یەکێکـــــە لەدیاردەکۆمەڵایەتیەکان و دوورە لەمەسـەلەی تاکایـەتی مرۆڤـەوە (واتـا بەهەست و نەست ورەفتاری تاکە کەسانەوە نـەلکاوە، دیـاردەی کۆمەڵایـەتی لـە کۆمەڵناسیدا مـەرج نییـە بـەزەرورەت لەحاڵەتـە تاکایەتیـەکاندا کـامڵ ببێـت واتـا دەشـێت بوونـی هـەبێت بەبێـئـەوەی تاکەکەسـان بـەکردەوە پراکتـیزەی بکـەن و بەبێـئـەوەی لـە هەسـت و نەسـت ورەفتارەکانیـاندا ڕەنگدانـەوەی هـەبێت) بۆیـە لەچوارچێوەیـەکی بابـەتی و بـەپێی میتـۆد لێکۆڵینەوەیان بـۆ کـردووە. ڕەفتـاری تاوانکاری بـەلای ئەوانـەوە ڕەفتـارێکی مرۆڤایەتیـە و لـەنێو گروپێـك لـە خـەڵکیدا دێتـە کـردن وبەتـەواوەتی پەیوەسـتە پێیانـەوە. ئینجـا بۆئـەوەی لـەم ڕەفتـارە تێبگـەین پێویسـتە حەقیقەتـە کۆمەڵایەتیـەکان کەپەیوەسـتن بـەڕەفتارەوە توێژینـەوەیان بـۆ بکرێـت، واتـا بـۆ پرۆسـە کۆمەڵایەتیـەکان وبوونیـادی کۆمـەڵگاو گۆڕانـی کۆمـەڵ وکارێکـە کۆمەڵایەتیـەکان. بەمانایـەکیتر دەبێـت توێژینـەوە بـۆ مۆرکی کۆمەڵایـەتی تـاوان بکرێـت وئـەو پرۆسـەو گۆڕانـە کۆمەڵایەتیانـە بەهـەند وەربگـیرێن کەبەهۆیانـەوە ورەفتـاری تاوانکـاری سـەرهەڵدەداتو بەرجەستە دەبێت.

بـەهۆی کاریگـەری کۆمەڵناسیەوە لەهـەردوو سـەدەی نـۆزدەو بیسـتدا، فراوانترین وقوڵـترین توێژینـەوە بـۆ ڕەفتـاری تاوانکاری کـراوە کـە هـەرگیز مێژووی ئەو ڕەفتـارە بەخۆیـەوە نـەیدیووە. ئـەو توێژینەوانـە بـەئاقارێکدا ڕۆشـتوون کـەئامانجیان دۆزینـەوەی یاسـاکانی نێـوان تـاوان و ڕەگـەزەکانی

ژینگـەی کۆمەڵایـەتی بـووە وەك بـارو ڕەوشـەکانی ئـابوریو سیاسـی و ئیکۆلۆژی وپێکهاتەی ئایین و خێزان و بەدڕەوشتی وکۆچکردن و جـەنگ و کودەتـاو شۆڕشـەکان. هـەموو ئـەم توێژینەوانـە دەکرێـت بـە قوتابخانـەی کۆمەڵایـەتی لـەتاواندا ناوزەدیـان بکـەین کەلـەم هاوکێشـەدا دیـاردەی تاوانیان داڕشتووە:-

تاوانبـار دیاردەیـەکی تاکایـەتی دورە پـەرێز نیـە، بـەلکو بەرهـەمی کۆمەڵگاکەیەتی بـەو وەسفەی ئەندامێکە لـەنێو گروپـەکیدا و تاوانەکەشی کردەوەیەکە دژ بەیاساکانی ئـەو گروپـە، یـان کردەوەیـەکی دژ بەکۆمەڵـە. ئینجا بـۆ ناسینی ئـەو فاکتەرانـەی وا لـە تاوانبـار دەکـەن بـەو کردەوەیـە هەڵبستێت، پێویستە پەیوەندیەکانی نێوان ئـەوو ژینگە کۆمەڵایەتی‌یەکـەی توێژینـەوەیان بـۆ بکرێـت وپاشـان لـەڕێی ئـەو پەیوەندیانـەوە ڕەفتـارە تاوانکارییەکەی شیکاری بۆ بکرێت.

پێویستە بگوترێت لەنێو ئەوزانستانەدا کەکاریگـەری تـەواویان کردۆتـە سەر ڕەوتی کۆمەڵایەتی لە لێکدانەوەی تاواندا: سـایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی‌یـە (83)، ئەم زانستە پیّ وایە تیوری تاوانکردن دەبێـت دوو مەسـەلەی گرنـگ لەبەرچاو بگرێت کەئەمانەن:-

1-دیاردەی تاوانکردن لەزەمان وشـوێنێکدا ڕوودەدات وئـەو هۆیانـە چـین کەسازی دەدەن و دەیهێننە بوون و بەچ شێوەیەك کار دەکەنـە سـەر دیـاردە کۆمەڵایەتی‌یە هەمە جۆرەکانی‌تر؟

2-ئـەو فاکتەرانـە چـین کـەپاڵ بەتاکەکەسـەوە دەنێـن تـاوان بکـات لـە باروڕەشـێکدا کەکەسـانی تریـش تیـایدا دەژیـن بـەبێ ئـەوەی تـاوان ئـەنجام بدەن، بەواتایەکی تر ئەو هۆیانە لێکبدرێنەوە کە جیاوازی لەوەڵامدانـەوەی

تاکەکەساندا دروست دەکەن بۆ کارتێکەرە کۆمەلآیەتیەکان لەیەك ژینگەی کۆمەلآیەتی هاوبەشدا.

لەم سەرو بەندەی قوتابخانەی کۆمەلآیەتیدا چەندین تیور سەریان هەلّداوە ولێرە بەدواوە ئاماژە بەهەندێکیان دەدەین:-

تیوری ئابوری

لەمێژە بارو ڕەوشی ئابوری کۆمەڵ وەك یەكێك لەدیاردە کۆمەلآیەتیەکان، لەنێو ئەو توێژینەوانەدا بایەخی پێدراوە کەبۆ چارەسەرکردنی کێشەی تاوان ئەنجام دراون. بیریارانی کۆن ونوێ (فەیلەسوفەکانی یونان وڕۆمانی کۆن، فەیلەسوفە ئیسلامییەکان لەسەدەکانی ناوەندا، فەیلەسوف وبیریارە ئەوروپیەکان لەسەردەمی ڕێنیسانس ونوێدا) لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیوەو لێکیان داوەتەوە، کاتێکیش زانستە مرۆڤایەتیەکان بەقۆناغی زانستی گەیشتن، ئیدی توێژینەوەکان بۆدۆزینەوەی پەیوەندی ماددیانەی ڕاستەوخۆ بەدیاردە کۆمەلآیەتیەکانەوە هاتنەکردن وچەندین ئامار بۆ ئەوکێشەیە کران.

سەرەتای توێژینەوە ئاماریەکان بۆ دەرخستنی کاریگەری باروڕەوشی ئابوری لەسەرتاوان دەگەڕێتەوە بۆ زانای بەلجیکی ئەدۆلف کۆتلێت (1796-1874)و زانای فەرەنسی ئەندریە میشێل گیوری (1802-1866) ئەو دوو زانایە لەتوێژینەوەکانیاندا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەبلێن: فاکتەرە ئابوریەکان ڕۆڵێکی دیاروبەرچاویان هەیە لەڕوودانی دیاردەی تاواندا ئەمانیش بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشداریکردنی فاکتەرەکانی تری وەك کەشوهەواو

تەمـــەن و ڕەگـــەزو خـــێزان وئـــایین و ڕۆشـــنبیری، ئـــەو دیاردەیـــە دەخولقێنن (84).

لــەو کاتــە بــەدواوە دەیــان توێژینــەوەی لەوجۆرانــە ئــەنجامدراون بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تاوانکردن، لێرەدا ئاماژە بۆ دووبابـەتی سەرەکی دەکەین کەزۆربەی توێژینەوەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە:

1- هەژاری:

پـــەیوەندی هـــەژاری بەتاوانـــەوە مەســـەلەیەکی کۆنـــەو ئـــەفلاتون و ئەرستۆش لەو بارەیەوە ڕاوبۆچوونیان دەربڕیوە و هەتا ئەمڕۆ جیٚی بایەخ وگرنگی پێدانـی شارەزایانە. بـەلای ئـەفلاتون وئەرسـتۆوە هـەژاری بـارێکی هەڵچوونی نزم لەلای تاکەکەس دروست دەکات کەبەرئـەنجامی هەسـتکردنە بەنــەبوونی دادپــەروەری، ئــەم ڕەوشــەش پــاڵ بەکەســەکەوە دەنێــت بــۆ خراپەکاری بەهەموو شێوەکانیەوە کەتاوانکردن یەکێکە لەو شێوانە.

قەشـە تۆمائـەکوینی (1225- 1274) و تۆمـاس مـۆر (1478- 1535) هـەمان ڕایان هەیەو هەژاری بـە فاکتـەری سـەرەکی دادەنێـن لـەڕەفتاری تاوانکاریدا وپێیان وایە زۆربـەی تاوانـەکان بەتایبـەتی دزی کـردن پاڵنـەری پێداویستی ماددی لەپشتەوەیە.

زۆرێـك لـەزاناکانی سـەدەی نـۆزدە لەبـەلجیکاو فەرەنســاو ئـەڵمانیاو ئینگلتـەرەو ئوسـترالیا لـەو بڕوایـەدان پـەیوەندی بـەهێز لـەنێوان هـەژاریو تاوانکاریدا هەیەو، توێژینەوەکان بۆتاوانـەکانی: دزی وناپاکی لەئەمانـەت و سـوتاندن وداوێـن پیسـی وکوشـتنی منـداڵ ولێـدان ویـاخیبوون کوشـتنو بـەکارهێنانی توندوتیـژی دژ بەدەسـەڵاتی گشـتی ودەسـتدرێژی بـۆ سـەر کارگێڕی گشـتی وئـایین وتـاوانی سێکسـی....تـاد بـەوە کۆتاییـان هـاتووە

کـەدەڵێن: هــەژاری ژینگەیــەکی لــەبارو بەپیتــە وزەمینــە خۆشــکەرە بــۆ ئەنجامدانی تاوان (85).

لـەم بارەیـەوە چـەندین توێژینـەوە لـە ولاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا ئەنجامدراوە بۆنموونە بۆل لوینت ساڵی 1941 لە توێژینەوەیەکدا ئاماری بۆ بـەندکراوەکانی شاری (یـانکی سـیتی) کـردووە لـەماوەی حـەوت سـاڵدا و، دەڵێت: لەکۆی ئەو بەندکراوانە (90٪) یان سەر بەچینە هەژارو نزمەکانن‌و لەناوچە هەژارنشینەکاندا ژیانیان بەسەر بردووە.

سەبارەت بەو توێژینەوانەی لەسەر هەژاری کراون، چـەندین ڕەخنـەیان ئاراستە کراوە وەك:

1-ژنـە توێـژەری ئینگلیزی (مـاری کاربنتــەر) لەســاڵی 1853 دا دەڵێــت: کاریگـەری هــەژاری وناهــەمواری ئــابوری لـــەهاندانی مــێردمنداڵاندا بــۆ تـاوانکردن زۆر کـەمترە لـە کاریگـەری پێکهاتـەی ڕۆشـنبیری بـاوك ودایـك و، ئەمەی دووەمیان فاکتەری ڕاستەقینەی تاوانکردنە نەك هەژاری.

2-دوو توێـژەری ئـەمریکی (ولیــام هیلــی و ئۆگەســت برۆنــەر) لەســاڵی 1926دا لـەم بارەیـەوە توێژینەوەیـەکیان لەسـەر (657) مـێردمنداڵی تاوانبـار ئــەنجام داوەو گەشــتوونەتە ئــەو ئاکامـــەی کـــەڕێژەی 27٪ یــان لــەڕووی ئابووریــەوە هــەژاربوون وئەوانــەی تـــر بــاری ئابورییــان ئاســایی بــووە وهەندێکیشیان زۆر دەوڵەمەند بوون.

3-لە هەندێ وڵاتی وەك حەبەشـەو هندسـتان و وڵاتـانی تـری ئـەفریقادا کەڕۆژانـە هـەزاران کـەس لەبرسا دەمـرن کـەچی هێشتا تــاوانی دزیکـردن کەمترە لە وڵاتــە دەوڵەمـەندەکانی وەك ئەمـەریکا ووڵاتـانی ئـەوروپا ئەگـەر هەموو ڕەهەندەکان بەشێوەیەکی زانستی لەبەرچاو بگیرێن (86).

2- ناجێگیری ئابوری:

هـەروەك چـۆن هــەژاری وەك ڕەهــەندێکی ئــابوری وهۆکــارێك بــۆ تاوانکردن، سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشاوە بەهـەمان شێوە گرنگییـان داوە بـە شـلۆقی وپەشـێوی ئـابوری وشوێنەوارە ترسـناکەکانی بەتایبـەتی لەحاڵەتــە سەخت ودژوارەکانیدا،. ئەو ڕەوشە سەخت ودژوارانـەی کەهـەژاران دەخاتـە لێـواری برسـێتی ومەرگـەوە و،چینـە مـام ناوەندیـەکانیش دەخاتــە ڕیــزی هەژارانەوە، دەبێتە هۆی چەکەرە پێکردنی هەستی نەمانی ئاسایشی ئابوری لەناخ ودەروونی خەڵکی دا، ئـەم حاڵەتانـەش چینـە بورجوازیـەکان بـەرەو لێوارەکـانی تـاوان ڕادەمـاڵێ بەتایبتـەتیش تـاوانی دارایـی لـەو کاتانــەدا کــە ئەترسـن شـوێن وپلــەو پایــەو دەســتکەوتەکانیان بکەوێتــە مەترســیەوە. چــەندین توێژینــەوە لـــەم بارەیـــەوە ئـــەنجام دراون ولـــێرەدا ئامـــاژە بەئەنجامـەکانی توێژینەوەکەی زانـای تـاوان (لیـون راد زینۆفیــچ) دەکـەین سەبارەت بە ناجێگیری وبەرزیو نزمی ئاستی گوزەران وکاریگەرییان لەسـەر تاوان بەتایبەتی لە وڵاتی پۆڵۆنیاو ژمارەیـەك وڵاتـی ئـەوروپا وئەمـەریکادا، گرنگترینیان ئەمانەن:-

1- پەیوەندی یەکی دیارو ئاشکرا هەیە لەنێوان تێکڕای هـەندێ تـاوان و کاتەکانی دابەزینی باری ئابوریدا، لە پۆڵۆنیا لـەکاتی خراپـی بـاری ئـابوریدا لـەنێوان سـاڵانی 1930-1933 تـاوانی دزی (دزینـی سـوتەمەنی خـەڵوز لــە شـەمەندەفەرەکان) دووبەرامبـەر زیـادی کــردووە وزۆربــەی دزەکــانیش لـە بێکار وئەوکەسانە بوون کەزۆر هەژار بوون، لەهەمان مـاوەدا ڕێـژەی تـاوانی ساختەکردن وناپاکی لە ئەمانەت زیادی کردووە.

2- تـاوانی دەرهـەق بەسـامان ومـاڵی خـەڵکی، واتـا دزی لـەکاتی دابــەزین وخراپی باری ئابوریدا زیاد دەکات ولەکاتی هێمنـی وئـارامی بـاری ئـابوریدا کـەم دەبێتـەوە. بـەڵام تاوانـەکانی دژ بەتاکەکەسـان وتـاوانی داوێـن پیسـی وسـوتاندن لـەکاتی هێمنـی ئـابوریدا زیـاد دەکـات ولـەکاتی خراپـی بـاری ئابوریدا کەم دەبێتەوە.

3- لەکاتی خراپی باری ئابوریدا ڕێـژەی تاوانبـاری سـەرەتایی وتاوانبـار بەرێکەوت بـەرز دەبێتـەوە بـە بـەراورد کـردن لەگـەڵ تاوانکـاری کارامــەو کردەدا.

4- تێکرای تاوان زیاتر دەبێت لەوکاتانەدا کەرەوشـی ئـابوری تاکەکەسـان توندو تیژەو بەخێرایی گۆڕانی بەسەردا دێت.

5- شوێنەوارەکانی دابەزین وبەرزبوونەوەی باری ئابوری بەسەر تاوانەوە هەردەم هەنووکەییە وزۆربـەی جاریش ئەنجامـەکانی لـەدوای سـاڵێك یـان زیاترەوە دەردەکەون (87).

قوتابخانەی مارکسیزم (ڕەوتی سیاسی)

کـارل مــارکس (1813-1882) وەك کێشــەیەك لەکێشــەکانی ڕژێمــی سەرمایەداری بایەخی بەمەسەلەی تاوان نەداوە، بەڵام یەکەمین نووسینی لەو بارەیەوە لە کتێبی ئایدولوژیای ئـەڵمانیدا (1846) نووسـیوە، کەبـەهاوکاری لەگەڵ فریدریك ئەنگلس دا دایناوە ، بەشی سێیەمی ئەو کتێبەیان بۆ ئـەم بابەتە تەرخان کردووە لە ژێر ناوی (مافەکان و تاوان و سزا)دا.

مارکس لەو توێژینەوە فەلسەفیەیدا مشتومڕ لەسەر فەلسەفەی هێز و حەق و ئیرادە و کار دابەشکردن و یاساو دەوڵەت دەکات و، لە نێـو ئـەو چەمکانەدا شوێنی تاوان و سزا دەستنیشان دەکات. مارکس ڕەخنە لـە دیدی بورجوازی سەبارەت بەحەق و یاسا دەگرێت بەوپێیەی هـەردوکیان ڕواڵـەتن بۆ ئیرادەی گشتی نامۆ بوو لـە خـود، هەروەها ڕەخنـە لـە دیدی بورجوازی دەگرێت لە تاواندا لە سەر ئەوبنەمایەی کەتەنها دەرچوونەلە بنـەماکانی حەق و یاسا. مارکس پێیوایە: ئەو دووهەڵوێستە وەهمی ئایدیالیستین و دوورن لەبنچینـەی مـاددی دیـاردەو شمـەکاکان چونکـە بـەلای مارکسـەوە ئەوبنچینەیـە سـەرچاوەی ڕاسـتەقینەیە بـۆ بەرقـەرارکردنی دەوڵــەت و کاردابەشکردن وبوونی موڵکایەتی تایبـەتی و یاسادارشـتن و ڕوودانـی تـاوان، بەم دەستەواژەیە ئاکامەکانی کۆتایی پێدەپێنێت: تاوان دەرئەنجامی ئەو مل ملانێیانەیـە کـە لـەدڵی کۆمـەڵگای سـەرمایەداریەوە سـەرچاوە دەگـرن، هــەروەها نــاکۆکی بـەردەوامی نێـوان تاکەکــەس و باروڕەوشــی بــاوی نێوکۆمەڵگاکەیەتی.

لەساڵی 1853 دا مارکس ووتارێکی لەبارەی (سزای لەسێدارەدان)ەوە نووسیو تیایدا مشتومڕ لەسەرئەو ئامارانە دەکات کەزانای بەلجیکی ئەدولف کوتلێت توێژینەوەی بۆکردوون و جگە لە گوتەکەی کوتلیت لەبارەی ڕێکبەندی لەدیاردەی تاوادا،مارکس هاوڕایەتی و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تاوان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك وەك هەر دیاردەیەکی ماددی تر ڕوودەدات و دەڵێت: زیاد بوونی تاوان بەو ڕێکبەندییە پەیوەستە بە سیما ڕیشەدارەکانی بونیادی ئابوری وکۆمەڵایەتی سەرمایەدارییەوە (89).

مارکس لەساڵی 1863دا کتێبی تیورەکانی زێدەبایی (نظريات فضل القيمة) بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژە بۆرەوشی تاوانباران دەکات و بەراوردی دەکات لەگەڵ پیشە کۆمەڵایەتی و ئەو وەزیفانەی کەسیستمی کاردابەشکردن لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەیخەنەوە ، جارێکی تریش مارکس ئاماژە بۆبناغەی مادیانەی تاوان دەکات بەڵام ئەم جارە ڕۆڵی تاکەکەسی لەپێکهێنانی ڕەفتاری تاوانکاری بۆئیزافە کردووەو دەڵێت:

تاکەکەس بەشێوەیەکی کوێرانە مل کەچ ناکات بۆ باروزروفی باوی نێو کۆمەڵگاکەی، بەڵکو بەکاردانەوەیەکی دیاریکراو وەڵامی دەداتەوەکە جیایە لە کاردانەوەی کەسانی تر،ئەمەش بەرئەنجامی بوونی پەیوەندییەکی دیالەکتیکییە لەنێوان زروفی مادی و تاکەکەسدا،ئەو پەیوەندیەش جۆری کاردانەوەکە دیاری دەکات(ئاسایی بێت یان تاوانکاری). لێرەوە لە نێوان تاکەکانی چینی پرولتاریادا جیاوازی دەکاو دەڵێت: هەندێکیان مل ملانێکەیان لەگەڵ زروفی ماددی باوی نێو کۆمەڵگای سەرمایەداری هانیان دەدات، بۆ تۆکمە کردنی خەبات و تێکۆشان بۆگەیشتن بە سۆشیالێزم، بەڵام هەندێکی تریان دەبنە تاوانبار، ئەم تاوانبارانەش دەستەیەکی مشەخۆرن و

لـەنزمترین چینـــەکانی پرولیتاریـــاوە دێـــن و، جێـــی بـــڕواو متمانـــەنین لەبەرئەوەی: دەستەوەستانن و بەشداری لە بەرهەم هێنـاندا ناکـەن و بـارن بەسـەرخەلکیەوە و لەسـەردزی سـواڵ کـردن و قومـارو بەدرەوشـتی دەژیـن و،بەئاسـانی لەخشـتە دەبرێـن و فریودەخـۆن و دەچنـە ڕیـزی چینـی دەسەلاتداروسەردەستەوەو سـیخوڕی بۆپۆلیـس دەکـەن یـان دەبنـە چەتـە و جـاش و چـەکدارو، بورجـوازی و کۆنەپەرسـتان بۆبـەرگری لـەخۆ دژبەپرولیتاریا بەکاریان دەهێنن.

ئەنگلس گرنگی زیـاترو گـەورەتری بـەتاوان داوە ولـەکتێبی (ڕەوشـەکای چینـی کرێکـار لـە ئینگلتـەرا سـاڵی 1844) کەلەسـاڵی 1892 دا نوسـیویەتی، لەبەشـێکی گـەورەیدا توێژینـەوەی تایبـەتی و فراوانـی بۆئـەنجامداوە و دەڵێت: کاتێك پیشەسازی سەرمایەداری لەئینگلتەرە پەرەی گرت وسەقامگیر بوو، بووە هۆی گەندەڵ کردنی ئاکارو ڕەوشتی چینی کرێکارو ، نەوەکانیانی بـەرەو تـاوانکردن پاڵپێوەنـا، ئەمـەش بـەهۆی مامەڵـەکردنی قـورس و دڵڕەقانەوە بوو کە بورجوازی لەگەڵ چینی کرێکاردا پیِّی هەڵدەستا، ئینجا بەهۆی باروزروفی خراپەوە لە ڕووەکانی(فێرکردن و پەروەردەو ڕۆشنبیریو نیشتەجێکردن و سەعاتەکانی کارکردن و ...تاد و نەبوونی بیمـەی بێکاری، و زامن نەکردنی ژیـانی کەمئـەندام بـوون و نـەخۆش کـەوتن و زەوتکردنی ئازادیەکان و پێشێلی سەرجەم مافەمرۆڤایەتی یەکان،چینێك بەدەست ئـەم بارزروفـەوە بنـالێنێت (هـەروەك ئـەنگلس دەڵێت) خـۆی لەبـەردەمی رێ تـاواندا دەبینێتـەوە و هیـچ ڕێگاچارەیـەکی تـری نییـە و هیـچ شـك نابـات و هـەموو دەرگاکـان بـەڕوویدا داخـراون ، هـەروەك چـۆن ئـاو مـل کەچـە بۆیاساکانی سروشت و لەپلەیەکی گەرمی دیاریکراو دا دەبێت بەهەڵم(90).

تیوری فاكتەرە سروشتییەكان(جوگرافیای تاوان)

هەرلەكۆنـەوە كارگەرییـە جوگرافییـەكانی وەك: كەشـوهەواو سروشـتی زەوی و ...تاد بەسەر مرۆڤ وكۆمەڵەوە زانراوەو دەكرێت بیگەڕێنینـەوە بـۆ سـەردەمی یۆنانییـە كۆنـەكان. هیپوكـرات پزیشـكی ناسـراوی یۆنـان (460-377پ.ز) تێبینـی ئـەوەی كـردووە كـە تەمـەڵی و سسـتی و ترسـنۆكی دانیشتوانی ناوچەكانی ڕۆژهەڵات پەیوەندی بەسروشتی كەش و ئاووهـەوای ئـەو ناوچانـەوە هەیـەو ، هێمنـی دانیشـتوانی ناوچـە دەشـتاییەكانیش دەگەڕێتەوە بۆ كەش و ئاووهەوای ئەو ناوچانە.

لەسەدەی شانزەهەمدا هەمان بیرۆكە واتا كاریگەری ڕەوشی جوگرافی بۆ سەر پێكهێنانی میزاج وحەوسەڵەو ئارەزووەكانی تاكەكەس، جارێكی تریش سـەری هەڵدایـەوە و لـە نێو كتێبـەكانی مێژوونوسـی فەرەنسـی (بـۆدان)دا هاتنەوە ئاراوە. زانـای فەرەنسی مۆنتسكیۆ (ئەوبیرۆكەیـەی كـردە یـەكێك لـە سـەرچاوە سـەرەكییەكانی كتێبـە بەناوبانگەكـەی گیـانی یاسـاكان (روح القوانین) كە لە ساڵی 1848دا بڵاوكراوەتەوەو ، تیـایدا توێژینەوەیـەكی دورو درێژی بۆ كردووە و تەنانەت كارگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆكانی ئـەو فاكتەرانەشی لە یەكتری جیاكردۆتەوە. بۆ نموونـە دەڵێـت: كـەش كاریگـەری ڕاسـتەوخۆی هەیـە لەسـەر حـەزو ئـارەزوە سێكسـییەكانی تاكەكـەس بـەڵام زەوی كاریگەی ناڕاستەوخۆی بەسەر ئەو لایەنەوە هەیە.

مۆنتسكیۆ یەكەمین توێژەرە كە ئامـاژەی بـۆ پـەیوەندی نێـوان تـاوان و فاكتەرە حوگرافییەكان كردووەو لەو بارەیەوە یاسـایەكی داڕشـتووە دەڵێـت: هەتاله هێڵی یەكسانی نزیك ببینەوە ئەوا ڕێژەی تـاوانكردن زیـاتردەبێت و،

هەتا بەرەو باكور بڕۆین ڕێژەی تاوان دادەبەزێت، بۆیە دەبینین دانیشتوانی ناوچـەكانی بـاكور هێمـن تـرن و زیـاتر پەیوەسـتن بـە ئاكـارەوە، بـەڵام دانیشتوانی باشور سروشتیان تونـدەو هەست و سۆزیان ڕەق و نائارامـە كـە ئەمەش پارمەتیدەرە بۆزیاد بوونی تاوان كردن،بەڵام دانیشتوانی ناوچە مام ناوەندیـیـەكان لـــە ئاكـــارو ئارەزووەكانیشـــیاندا هـــەرمامناوەندین و توندڕەونین (91).

گـــەرچی ئـــەو دیـــدو بۆچوونـــە بـــە تەنـــها لێكدانـــەوەو تێرامـــانی مۆنتسكیۆیە،بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە مـەیدانی توێژینـەوەكانی تـاواندا سـەرنجی چەندین زانـای وەك (كوتلیت و لاكاسـان و ڤۆن لیسـت)ی بـەلای خۆیدا ڕاكێشاوە و تێبینی یان كردووە، ئەوەتا كوتلیت یاسایەكی بەناوبانگی بەناوی(یاسای گەرمی لەتاواندا) داڕشتووە لەناوەڕۆكی ئەو یاسایەدا هـاتووە كە تاوانی دژ بە تاكەكەسان لە ناوچـەكانی باشـوردا بـەربڵاوە، بـەڵام تـاوانی دژبە سامان و موڵكەكان زیاتر لە ناوچەكانی باكوردا دەبینرێت. یـەكێك لـە پسپۆرە ئەمریكیـیەكان بەناوی (مایوسمس)ەوە بانگەشـەی ئـەوە دەكـات كـە توێژینـــەوە نوێـیـــەكان پاڵپشـتی لەیاســاكەی كوتلیــت دەكــەن و دەڵێــت: ئامارەكان جـەخت لەسـەر ئـەوە دەكەنـەوە كـە تـاوانی دژ بەسـامان و موڵـك لەناوچـەكانی بـاكوردا زۆرن و، تـاوانی دژ بـە تاكەكەسـانیش لـە باشـوردا بـەربڵاون. لـە دوای ئـەوەوە دێكسـتێرDexter توێژینەوەیـەكی كـردووە بـۆ كاریگـەری ڕاسـتەوخۆی میترۆلوجیـا وەك حالەتـەكانی فشاری هـەواو پلـەی گـەرمی و ڕادەی شـێ و ڕەوتـەكانی بـا، لەتوێژینەوەكـەیدا بـەم ئەنجامانـە گەیشـتوە: ڕێـژەی سـەدی تاوانـەكان بەشـێوەیەكی ڕاسـتەوخۆ لەگـەل زیـاد بوونی پلەی گەرمی وڕادەی شێ و كەمی پەستانی هەوادا زیاد دەكات (92).

هەندێ لە زاناکان هەوڵیان داوە ئەم ئەنجامانــە بـەوە وا لێکبدەنـەوە کـە گوایـە پلـەی گـەرمی بـەرز جەسـتەی مــرۆڤ بــێزارو هەراسـان دەکـات وای لێدەکات زوو توڕەببێت و هـەڵبچێت، بۆیـە دانیشـتوانی ناوچـە گەرمــەکان تـورەو هـەڵچووترن ئەگـەر بـەراوردیان بکـەین لەگــەڵ دانیشـتوانی ناوچـە ساردو مام ناوەندی‌یەکاندا. ئەم لێکدانەوەیە زۆر وردو زانستی نییە چونکـە دەرکـەوتووە دانیشـتوانی هـەندێك ناوچـەی هەرێمـە گەرمــەکان لەوپــەری سستی و تەمــەڵی‌دان بـەجۆرێکن کـە نـاتوانرێت بـەهیچ هۆکـارێك هەسـت و سۆزیان جۆشبدرێ و بوروژێنرێت.

لومـبرۆزوش ئــەوەی بــۆ دەرکــەوتووە کــەژمارەی تاوانــەکان لەباشــوری ئیتالیادا زیاترن لەژمارەی ئەو تاوانانەی لەباکوری ئیتالیادا ئەنجام دەدرێن. هـەروەها دەریخسـتووە بڵاوبوونـەوەی تـاوان لەبەشـەکانی باشـوری ئــەوروپا زیـاترە لەبەشـەکانی بـاکوری ئـەوروپا وەك ولاّتــانی ئــەڵمانیاو دانیمــارك و بەریتانیا (93).

زۆربـەی توێژینـەو و ئامـارە هەمــەجۆرەکان لەچـەندین ولاّتــی دنیــادا دەریانخسـتووە کـەڕێژەی تـاوانی دژ بەتاکە کەسـان لـەوەرزی هـاویندا زیـاتر بەرز دەبێتەوە، بەڵام تاوانی دژ بەماڵ وسامان لەزستاندا زیاتر دەبێت.

لومـبرۆزۆ بـۆ جـەخت کردنـەوە لەسـەر تیورەکـەی، سـودی لەوئامارانــە وەرگرتووە کە (ڤێری) بەدەستی هێناون سـەبارەت بـەجۆری ئـەو تاوانانـەی لـە مانگـەکانی ساڵدا ڕوودەدەن بەپێشـت بەسـتن بــەتۆمارە حکومی‌یــەکانی فەرەنسـا بـۆ هـەموو ئـەو ساڵانەی دەکەونــە نێــوان (1825- 1878) وە، بــۆی دەرکەوتووە کە:

. تاوانی کوشتنی مندالْ ڕاستەوخۆ پاش لەدایك بوونی، لەمانگەکانی (کانونی دووەم، شوبات، مارت، نیسان) دا زۆرترن و بلاْون. ئەم مانگانەش دەکەونە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی نۆمانگ بەسەر ئەو گەرمایەدا کەلەمانگی تەموزدا دەگاتە ئەوپەڕی وتیایدا تاوانی زیناکردن زۆر دەبێت.

. تاوانی کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەرتاکەکەسان لەمانگی تەموزدا دەگاتە ئەوپەڕی سنورەکانی.

. تاوانی سێکسی دژ بەمندالاْن لەمانگەکانی ئایارو حوزەیران وئابدا زیاد دەکات، بەلاْم لەمانگی کانونی یەکەمدا بەنزمترین ڕادە دەگات.

. تاوانی سێکسی (زینا) لەمانگی حوزەیراندا دەگاتە ئەو پەڕی ولەمانگی تشریندا دەگاتە نزمترین ئاست.

ئەو ئەنجامانەی خرانە ڕوو پەیوەندی نێوان وەرزەکانی سالْ وڕادەی تاوانکردن بەرجەستە دەکەن.

گەرچی زۆرێك لەزاناکان هەتا ئەمڕۆش گومانیان لەو ئامارانە هەیە وپێیان وانیە کەگەرما بەو ڕادەیە کاربکاتە سەر مرۆڤ و بەرەو تاوان کردنی ببات. بەلاْم ئەگەر بۆ سروشتی شتەکان بگەڕێینەوە، دەکرێت جەخت لەسەر ڕاستی تیورەکە بکەینەوە بەوەی کەسروشتی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری گەرمادا زیاتر هەراسان دەبێت وهەلْدەچێت، هەروەك چۆن یەکانگیربوونی زیاتری خەلْکی ئەبێتە هۆی دەستدرێژی بۆسەر تاکەکەسان. بەلاْم زۆری تاوانی دزی کەدژ بە مالْ وسامانی خەلْکین لەزستاندا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خەلْکی لەو وەرزەدا زیاتر دەخزێنە نێو مالْەکانیانەوە ونایەنە دەرەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا یارمەتی دزەکان دەدات بێنە نێو

ماڵەکان یان ڕێگاوبان لە خـەڵکی بگـرن بـەهۆی کەمبونـەوەی هاتوچۆکـەران بەسەر شەقامەکاندا لەبەر سەرماو نزمی پلەی گەرمی (94).

ڕەنگە فاکتەرە جوگرافیەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان بۆسـەر هـەندێ کـەس هـەبێت و بیکـەن بـەتاوانبار، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی کاریگـەری فاکتەرە جوگرافیەکان ناڕاستەوخۆن چونکە کاردەکەنە سـەر ئـابوری وڵات وئاستی بژیوی و، توانای بەرهەم هێنان ودابەشکردنی سامان دیاری دەکـەن، هـەروەها دەبنـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی برسـێتی وهــەژاری وکەئــەم دوانــەش فاکتەری گرنگی تاوانکردنن.

تیوری لاسایی کردنەوە (تارد)

گـابرێل تـارد (1843- 1904) فەیلەسـوف وزانـای بوارەکـانی تـاوان وکۆمەڵناسی وسایکۆلۆژیا، هەموو ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینـەوەی دیـاردەی تاوان تەرخان کردووەو چەندین کتێبی لەو بوارەدا نووسیووە وەك: تاوانی بەراوردکاری (1890)، ویاساکانی لاسایی کردنەوەو، فەلسەفەی سزا (1891) و، توێژینـەوە سـزاییو کۆمەڵایەتییەکان. ئـەم کتێبانـە وژمارەیـەك لـەووتارو توێژینـەوەکانی بوونـە هـۆی بـەرپاکردنی شۆڕشـێکی مـەزن لەزانسـتەکانی تاوان وسزا وسیاسەتی تاوان، وبەردی بناغـەی قوتابخانـەی کۆمەڵایـەتییان لەتاواندا دارِشت لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا (95).

بـەلای تاردەوە تـاوان دیاردەیەکەو لـەژێر کاریگـەری یـادەوەری وخـوودا ڕوودەدات، بـەهۆی پـەیوەندی تاکەکەسـان لەگـەڵ یـەکتریدا وبـەپێی یاسـا چەسپاوەکان بەرجەستە دەبێت. تارد بۆ لێکدانەوەی تاوان هـەردوو زانستی سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسی ئاوێتـە دەکات (96). لێرەدا پوختـەی تیورەکـەی دەخەینە ڕوو:

هـەموو چەشـنەکانی ڕەفتاری مرۆڤایـەتی لـەژێر کاریگـەری نموونـەی لاسایی کراوەدایـەو پـاڵ بەخەڵکییـەوە دەنێـت بـۆ شـوێن پێهـەلگرتنی، ئەمـەش بەرئـەنجامێکی سروشـتی پـەیوەندی تاکەکەسـانە لەگـەڵ یـەکتریدا وهاوژینییانە لەنیو یـەك کۆمـەڵگادا. لێرەدا لەنموونەیـەکدا ئـەم بیرۆکەیـە ڕوون دەکەینەوە: حەشامات (الحشد) یـان کۆبوونـەوەی فراوانـی ژمارەیـەك مـرۆڤ کـە یـەکتری ناناسـن وجیاوازییـان لـەنێواندا هەیـە، کەلەشـوێنێکدا

کۆدەبنەوە (تەنها کۆبوونـەوە) بـەهۆی سـۆزو عاتیفـەوە، کـاتێك ئـەو سـۆزو عاتیفەیە کلّپە دەگرێت وهـەمویان بارگاوی دەبـن وپـەتای هـەڵچوون دەیـان گرێتـەوە فەوارەیـەکی نـوێ پێـك دەهێنـن، فەوارەیـەکی گونجـاوو تەباویـەك دەنگ وخاوەن هێزی لەڕادەبەدەر، وەك لافاوێك ڕووەو ئامانجەکـەیان دەچـن وئاسـتەمە بـەرگرییان لێبکرێـت، زۆربـەی ئـەو خەڵکانـەش کـەبۆ شـوێنی کۆبونەوەکـە هـاتوون تەنـها بـەهۆی پاڵنـەری خۆهەڵقورتاندنـەوە هـاتوون وبەس، بەلاّم حەماسەت وخوێن گەرمی کێشیان دەکات ودەیانبزوێنێ.

ئەگەر تەماشای دیاردەی کوشتن بکەین بەهەموو شێوەکانیەوە، دەبینین ڕەفتارێکـە وتاکەکـەس بـەهۆی لاسایی کردنـەوەی کەسـانی تـرەوە پیـادەی دەکات. ئایا دەشێت کەسێك یەکێکیتر بکوژێت بەبێئەوەی پێشتر کـردەوەی کوشتن بوونی نەبووبێت؟

هـەموو لایەنــە باشــەکانی کۆمــەڵگا (بەربــەری وشارســتانیەکان) وەك بەخشندەیی ودەسـتپاکی وڕاسـتگۆیی وچاکـەکردن و، لایەنـە خراپـەکانی وەك دڕندەیـیو گـەندەڵی وسـیحرو دزی وئەشـکەنجەدان وکوشـتنی دیـل ومنـداڵ تـیرۆرکردنی سیاسـەتمەدارو نـەیارو.....تـاد، هـەموو ئەمانـە لەشـوێنێکەوە بـۆ شوێنێکی تر دەگوێزرێنەوە ووەك لاسایی کردنەوەی کەسانی تر پیادە کراون.

لاسایی کردنەوە بەلای تاردەوە پشت بەسێ یاسای چەسـپاو دەبەستێت کە بریتین لە:

<u>یاسای یەکەم</u>: تاکەکەسان بەهۆی پـەیوەندی بـەهێز وقوڵی نێوانیانـەوە لاســایی یــەکتری دەکەنــەوە، بۆیــە لــەنێو کۆبونــەوەو لەشــارەکاندا لاساییکردنەوە دەردەکـەوێت لەبـەر ئـەوەی ژیانیـان پـڕە لـە کارتێکـەرو

چالاکی‌و، خەڵکی پەیوەندیان بەیەکەوە بەهێزە، بەڵام لەلادێدا کەرەسەی ڕاگەیاندن کەمەو چالاکی وکارتێکەرەکان لاوازن ولاسایی کردنەوەش لاوازە.

یاسای دووەم: لاسایی کردنەوە لەبەرزەوە بۆ نزم دێت، بچوك لاسایی گەورەو، هەژار لاسایی دەوڵەمەندو، بەرفرمان لاسایی فەرماندە دەکاتەوە. حاڵەتەکانی مەی نۆشین وجگەرە کێشان وبەرەڵلابوون و سوتاندن و ساختەکردنی پارە ودراوو بەرتیل ودەستدرێژی سێکسی وکوشتن بەزەهرو بەکرێگرتنی پیاوکوژ وتیرۆری سیاسەتمەدارو کوشتنی منداڵ وکۆرپەلە لەباربردن....تاد، ئەم تاوانانە لە بنچینەدا کاری بنەماڵە دەسەڵاتدارو پادشاکان وچینی باڵا وئەفسەرە پلە بەرزەکان بوون وپاشان بەناو چینە کۆمەڵایەتی‌یەکانی تردا بڵاوبوونەتەوە. لەدوای نەمانی پادشایەتی‌یەوە داهێنانی جۆرەها تاوان وکەرەسەی جێبەجێکردنیان گوێزرانەوە بۆ شارە گەورەکان، بۆنموونە دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵ لە فەرەنسا لەسەدەی نۆزدەهەمدا تەنها لەشارەگەورەکانی وەك پاریس وتۆلۆزو مارسیلیادا بینراوە بەڵام دواتر بەناو هەموو شارو ناوچەکانی تری فەرەنسادا بڵاو بۆتەوە.

یاسای سێیەم: یاسای ئاوێتە بوون Insertion یان تێهەڵکێش بوونی مۆدەو نەریت و، نوێ بوونەوەیان وجێگرتنەوەی مۆدەیەك بە یەکێکی تر بۆ نموونە: کوشتن بەچەقۆ نەریتێك بووە وزۆربەی گەلان ئاسیویانە وزانیویانە، کاتێك مۆدەی کوشتنی بەدەمانچە هاتە ئاراوە، جێی بەچەقۆ لێژکرد وشوێنی گرتەوە وزیاتر پەرەی گرت وبڵاوبووە. خونەریتی مەست بوون وەك مۆدەیەك تیرە وخێڵە ئەفریقیەکان لە ئەوروپیەکانەوە خواستویانە وپاشان لەمۆدە دەرچووە ورەگ وریشەی لەدەروون وناخیاندا داکوتاوەو بووە بەنەریت (97).

چەمکە تەواوکاریەکانی تیوری لاسایی کردنەوە:

لە لێکدانەوەی ڕەفتاری تاوانکاریدا وبۆتەواوکردنی بونیادی تیورەکەی، تارد چەندین چەمکی بەکارهێناوە، لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین:-

یەکەم: نموونەی کردەو لێهاتوو:

بەلای تاردەوە تاوانبار هەردەم نموونەیەکی کردەو کارامەبووە، دزو پیاوکوژ وگیرفانبڕ وبەدڕەوشت، ئەمانە ئەوکەسانەن کەلە زەمەنێکی درێژدا پڕۆڤەو ڕاهێنانیان لەسەر کاروپیشەکەی خۆیان کردووە هەروەك چۆن پزیشك وئەندازیارو هونەرمەندەکان پڕۆڤە ومەشقی بەردەوامیان هەیە. هیچ تاوانبارێك بە تاوانباری لەدایك نابێت، بەڵکو بارو ڕەوشی کۆمەڵایەتی، کەش وهەوایەکی لەباری بۆ فەراهەم کردوون وزەمینەی نزیك بوونەوەی لە هاوڕێی خراپ بۆ خۆش کردوون ولەوێوە پەتای تاوانکردن بۆ ئەمانیش گوێزراوەتەوە.

تاوانکارە کردەوە لێهاتوەکان ژیانێکی تایبەت بەخۆیان هەیەو، زمان و چەمکەکانیان تایبەتە وهەرخۆیان لێی تێدەگەن وبەشێوازێکی جیا ژیانی ڕۆژانەیان دەگوزەرێنن و، تەکتیکی هەمە جۆر لەکردنی تاواندا بەکاردەهێنن ویاسایەکی ئاکارییان هەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی یەکانیان بەیەکتریەوە.

دووەم: پۆلێن کردنی تاوانباران:

بەپێی چەمکی نموونەی کردەو لێهاتوو، تارد تاوانباران پۆلێن دەکات بۆتاوانباری شاری وتاوانباری لادێی. تاوانبارەکانی شار ئەوانەن کەخەڵکی شارن وتاوانەکانیان سیمای ژینگەکەیانی هەڵگرتووەو، گیانی بازرگانی

وپیشەسازی وپێداویستییە ماددییە هەمەجۆرەکان و کاروباری فیکری پێوە دیارە وەك تاوانەکانی: دزیو ساختەکردن وگیرفانبڕین، واتا تاوانەکان دژ بەسامان ودارایین. بەڵام تاوانباری لادێی ئەوانەن کەلەگوندەکاندا دەژین وخەریکی کشتوکاڵن وتاوانەکانیان زیاتر توندو تیژی پێوە دیارە وەك کوشتن ولێدان، واتا تاوانەکان زیاتر دژ بەتاکەکەسە نەك دارایی بێت (98).

سێیەم: لێپرسراوێتی ئاکاری:

لێپرسراوێتی ئاکاری پشت بەدوو ڕەگەزی سەرەکی دەبەستێت کەبریتین لە (شوناسنامەی تاکایەتی وهاوتایی کۆمەڵایەتی). بۆ ئەوەی تاکەکەس بەلێپرسراوی کردەوەکانی هەژمار بکرێت، پێویستە وەك خودی خۆی بمێنێتەوە وبەدەست هیچ جۆرە پەشێوییەکەوە نەناڵێنێت وەك حاڵەتەکانی: پەشێوی عەقڵی (شێتی وپەرکەم) یان مەستی وسەرخۆش بوون، یان نەخەوێنرابێت بە خەواندنی موگنانیسی، یان لە تەمەنێکدا نەبێت کەتوانای پەی بردنی نەبێت، ئەوەیە مەبەست لەشوناسنامەی تاکایەتی. بەڵام هاوتایی کۆمەڵایەتی بەلای تاردەوە گەیاندنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایە، بەمانایەکی وردتر دەبێت بکەرو بەرکار (واتا تاوانبارو قوربانیەکە) ئەندامی یەك کۆمەڵگابن و بەڕادەیەکی پێویست گەیاندنی کۆمەڵایەتییان لەنێواندا هەبێت وئەو بوارە بڕەخسێت کەپرۆسەی لاسایی کردنەوەکە ڕووبدات.

چوارەم: سیستمی سزادان:

تارد بەپشت بەستن بەتیورەکەی لەلاسایی کردنەوەدا، چەند بنەماوپرانسیپێکی بۆ سیستمی سزادان داناوە. ئەو ڕەخنە لەسیستمی سوێند خۆران دەگرێت وپێشنیاری پێکهێنانی لیژنەیەك دەکات بۆکارکردن لەگەڵ دادگای سزاییدا، لیژنەکەش لە پزیشك وزاناکانی سایکۆلۆژیا پێك

بێت. ئەو لیژنەیە دیاریکردنی لێپرسراوێتی تومەتبار لەئەستۆ بگرێت، ئینجا لە دوای دیاری کردنی لێپرسراوێتی‌یەکە، سزاکەش لەسەر بنەمای سایکولوژی بڕیاری لەسەر بدرێت.

بەلای تاردەوە دیاریکردنی سزا بۆ هەموو تاوانێك هەڵەیەکی گەورەیە. ڕاستە دەبێت سزای هەموو تاوانبارێك بدرێت بەلاّم دیاریکردنی سزاکە دەبێت پشت بەڕادەی ئەو دابڕانە (الحرمان) ببەستێت کەسزاکە بۆ تاوانباری دروست دەکات. تارد پێی وایە دادپەروەری لەوەدانیە یەك سزای بەندکردن بەسەر هەردوو تاوانباری شاریو لادێیی بسەپێنرێت چونکە تاوانباره شاری‌یەکە لەنێو بەندیخانەدا لەزۆر شت دادەبڕێت کە تاوانبارە لادێیی‌یەکە لەژیانی ئاسایی خۆیدا نەیدوون ونەیزانیوون.

تارد پێشنیار دەکات پەیمانگایەك بۆ دادوەری سزادانان بکرێتەوە وتیایدا کۆمەڵناسیو سایکۆلۆژیاو یاسای سزاکان وتەواوی زانستە سزایی‌یەکانی تر بخوێنرێت. تارد بانگەشەی جیاکردنەوەی بەندکراوەکان دەکات بەپێی باگراوندی کۆمەلاّیەتییان بەتایبەتی جیاکردنەوەی تاوانباری شاری لەتاوانباری لادێیی، هەروەها داوای پراکتیزەکردنی بەند کردنی تەنهایی دەکات، چونکە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لەتێکەڵ بوونی تاوانباری تازەی کەم ئەزموون لەگەڵ تاوانکاری کردەو ئەزمووندااردا تاکو فێری تەکنیکی تاوانکردن نەبن لێیانەوە. هەروەها تارد ستایشی سیستمی ئازدکردنی مەرجدار دەکات وداوا دەکات بەشێوەیەکی فراوان جێبەجێ بکرێت تاکو بەندکراوەکان هانبدات ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن.

سەبارەت بەسزای لەسێدارەدان، تارد پێی باشە بوونی هەبێت وبسەپێنرێت سەرەڕای ئەو کەموکورتیو ناتەواویانەش کەهەیەتی ودەڵێت: بۆ باروڕەوشی ئێستا شەڕێکەو ناچارین بیکەین، بەلاّم دەبێت

بەشـێوەیەکی دڕندانــە جێبــەجێ نــەکرێت تــاکو بەنکراوەکــە لــەکاتی جێبەجێکردنیدا هەست بەئازار نـەکات. لەهـەموو حاڵەتـەکاندا تـارد پـێی وایە دەشێت سزای لەسێدارەدان هەڵبوەشـێنرێتەوە ئەگـەر بۆمـان دەرکـەوت هیـچ سـودێکی لێناکەوێتـەوە، ئەوسا باشـتر وایـە بگۆڕدرێـت بـۆ سیسـتمێکی سـزایی تـر کەتاڕادەیـەکی بـەرچاو ئـازارو ئەشکەنجە بـەتاوانکارە گـەورەکان بگەیەنێت و، پێویستە کار بەسزای جەستەیی بکرێت (99).

هەڵسەنگاندنی تیورەکەی تارد:

بــەلای تــاردەوە تــاوان دیاردەیــەکی نائاســایی وبێکەڵکــە، بەنەخۆشـــی کۆمەڵایـەتی دانـاوەو، دەڵێـت وەك شـێرپەنجە وایـە کەلـە جەسـتەی مرۆڤـدا دروست دەبێت بەرو فەوتاندنی دەبات. تاوان پیشەیە وڕۆشنبیری‌و کەلتوری کۆمـــەڵگاو ژینگـــەی کۆمەڵایـــەتی دروســـتی دەکـــەن، پیشـــەیەکی خـــراپ ونێگەتیفــە وتەنــها لەوکۆمەڵگایانــەدا پــەرە دەگرێــت کــەنارێك وپێکــەو ڕەگەزەکانی پەتاو نەخۆشی کۆمەڵایەتی تیایدا باووبلاَون. ئـەم هەڵوێستەی تارد لەزۆر لایەنەوە ڕاست و دروستەو، زۆرێك لەتوێژینەوەکان سەلماندویانە کەتێکــەڵ بــوون وگــەیاندنی نێـوان تاکـەکانی کۆمـــەڵ، ڕێخۆشــکەرە بـــۆ گواســـتنەوەی دیـــاردە کۆمەڵایەتی‌یـــەکان وپەرەســـەندنیان بەتایبـــەتی بـــۆ گواســـتنەوەی نـــەریت و ڕەفتارەکـــان کەلـــەتاواندا خۆیـــان دەبیننـــەوە وەك تاوانـــەکانی: خۆکوشـــتن، پەنابردنەبـــەر مـــادە ســـڕکەرەکان، مـــەی نۆشـــین، ســـواڵکردن، وبـــەرەڵلایی، ڕفـــاندن و بەدڕەوشـــتی‌و قومـــارکردن وبـــەرتیل وەرگرتن و کوشتن وتاوانی ئابوری....تاد.

بـەڵام ئـەم لایەنـە باشـەی تیورەکـە ناگاتــە ئــەو ئاســتەی خــاڵی لاوازی سەرەکی تیورەکە دابپۆشسێت کەبریتی‌یە لە بایـەخدانی گـەورە بەپرۆسـەی

لاسایی کردنەوەو، جەخت کردنەوە لەسەر پێکهێنانی سەرجەم چەشنەکانی ڕەفتار تەنها وتەنهالەڕێی پرۆسەی لاسایی کردنەوە. ئەم هەڵوێستە خۆی لەخۆیدا ئاسانکردنی هۆکارەکانی تاوانەو تێڕوانینێکی کورت بینە وهەموو هۆکارەکانی تاوان لەخۆناگرێت. بۆنموونە تاوانەکانی مەی نۆشینو خۆکوشتنو سوالکردن وبەدڕەوشتی، مەرج نیە تەنها بەهۆی لاسایی کردنەوەوە تاکەکەسان وەریبگرن، زیاتر بەهۆی پاڵنەری ئابوری و کۆمەڵایەتییەوەن. تارد بەتەواوەتی فاکتەری ئابوری فەرامۆش دەکاتو هیچ بایەخێکی پێنادات.

هەروەها تارد لەراڤەکردنی یەکەمین تاوان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا خۆی نەبان دەکات وهیچی لەوبارەیەوە نەدرکاندووە. لەلایەکیترەوە تاکەکەسان هەموویان وەکو یەك وەڵام بەئیحاکان نادەنەوە و، هەندێ کەس بەهیچ جۆرێك ئیحاکاریان تێناکات، چونکە وەڵامدانەوەکانیان پەیوەستە بەسروشتی ڕۆشنبیری وپێکهێنەرەکانی کەسێتییانەوە. هەروەها ئەگەر تاوان لاسایی کردنەوەیە، بۆچی تەنها ژمارەیەك لەخەڵکی لاسایی تاوانباران دەکەنەوەو زۆربەی زۆری خەلك لاسایی ڕەفتاری لادەرو تاوانکاری ناکەنەوە.

لە کۆتایدا دەبێت ئەوەش بڵێین کەتیورەکەی تارد یەکێکە لەتیورە بەناوبانگ و پێشەنگەکانی قوتابخانەی کۆمەڵایەتی لەتاواناداو، دیدو بۆچوونەکانی تارد ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە لەبوارەکانی: دادگای مێرد منداڵان وسزای لەسێدارەدان وپۆلێن کردنی بەندکراوەکان وسیستمی ئازادکردنی مەرجدارو... تاد، هەتا ئەمرۆش لەزۆربەی یاساکانی سزادانیدا بەهەند وەردەگیرێت وکاریان پێدەکرێت (100).

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

. العاني، محمد شلال وطوالبة، علی حسن (1998): علم الاجرام والعقاب، ط1، دار المسيرة، عمان ص14.

. هەمان سەرچاوە، ل 18.

. عريم، عبدالجبار (1966): نظريات علم الاجرام، ط3، مطبعة المعاريف، بغداد، ص8.

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل14.

. هەمان سەرچاوەی ژماری (3) ل33.

. ابو عامر، محمد زكي (1981): دراسة في علم الاجرام والعقاب، دار الجامعة، بيروت، ص17.

. الدوری، عدنان (1989): علم العقاب والمعاملة المذنبين، ط1، دار ذات السلاسل، الكويت، ص14.

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (3) ل34.

. الحفني، عبدالمنعم (1978): موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، ج2، دار العودة، مكتبة مدبولي، بيروت، ص99.

. هەمان سەرچاوەی ژماری (3) ل35.

. هەمان سەرچاوەی ژماری (1) ل25.

. حبيب، محمد شلال (1985): اصول علم الاجرام، ط1، دار الكتب، جامعة بغداد، ص17.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (1) ل21.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (3) ل35.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (6) ل26.

. عقيدة، محمد ابو العلا (1995): اصول علم العقاب، دار الفكر العربي، القاهرة، ص8.

. طالب، حسن (1997): علم الاجرام، الجريمة، العقوبة والمؤسسات الاصلاحية، دار الفنون، بيروت، ص11.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (3) ل36.

. هەمان سەرچاوە، ل41.

. __________ (ب.ت): اصلاح المجرمين، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ص26

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (12) ل64.

. السراج، عبود (19985): علم الاجرام وعلم العقاب، ط3، الكويت، ص183.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (3) ل69.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (1) ل61.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (3) ل69.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (22) ل187

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (1) ل60.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (22) ل186.

. ابو عامر، محمد ذكي وثروت، جلال (1983): علم الاجرام والعقاب، دار الجامعة، بيروت، ص208-209.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (6) ل113

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (29) ل205

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (22) ل195

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (29) ل206

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (1) ل63

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (3) ل72

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (1) ل64

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (22) ل219

. السلطاني، يحيى (1977): علم نفس (الغدد الصماء)، مطبعة النعمان، النجف، ص97.

. هەمان سەرچاوە، ل131

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (22) ل220

. هەمان سەرچاوە، ل222

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (12) ل197

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (6) ل138- 141

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (1) ل145- 150

. الالوسي، جمال حسين وعلي خان، اميمة (1983): علم نفس الطفولة والمراهقة، مطبعة جامعة بغداد، ص289.

. محمد، وهبية شوكت (1990): العوامل النفسية في جنوح الاحداث، مطبعة الحوادث، بغداد، ص6.

. السراج، عبود (1999): الوجيز في علم الاجرام وعلم العقاب، ط8، مطبعة قمحة اخوان، جامعة ديمشق، ص105.

. هەمان سەرچاوەی ژمارى (1) ل131

. هەمان سەرچاوەی ژماری (47) ل107

. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل228

. هەمان سەرچاوە، ل229

. دافیدوف، لندا ل (1988): مدخل علم النفس، ترجمة سید الطواب واخرون، دار ماكجروهیل ودار الدولیة، القاهرة، ص103.

. هەمان سەرچاوەی ژماری (1) ل118

. هەمان سەرچاوەی ژماری (47) ل110

. هەمان سەرچاوەی ژماری (1) ل127

. هەمان سەرچاوەی ژماری (47) ل111

. هەمان سەرچاوەی ژماری (1) ل127

. هەمان سەرچاوەی ژماری (47) ل112

. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل241

. هەمان سەرچاوە، ل243

. هەمان سەرچاوە، ل244

. ئیرۆس لە ئەفسانەی یۆنانی كۆندا خواوەندی خۆشەویستیەو فرۆید ئەم چەمكەی بۆ گوزارشتكردن لە غەریزەی خۆشەویستی بەكار بردووە كەبریتیە لە تێكڕای هێزە زیندەگیەكان وپاڵنەرە غەریزەییەكان كەئامانجیان دەستكەوتنی چێژە (لەززەت) وپارێزگاریكردنە لەجۆرو لەززەتی سێكسی. شایانی باسە فرۆید چەمكی سێكسی بەمانایەكی فراوان بەكارهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ هەموو چالاكیەكی جەستەیی بەئاقاری تێركردنی پێداویستیە جەستەییەكاندا، هەروەها بەمەبەستی دەستكەوتنی لەززەت ودووركەوتنەوە لەئازارو ژان. ئەو هێزەش كەئەم پاڵنەرە دەبزوێنێت ناوی ناوە لەبیدۆ Libido

. ساناتۆس له ئەفسانەی یونانی کۆندا خواوەندی مەرگە، فرۆید ئـەم چەمکـەی وەك غـەریزەی ڕوخـاندن ومـەرگ وشـەڕانگێزی خواسـتوە کـە ئامانجی لەبەر یەك هەڵوەشانی پەیوەندییەکانـەوەو وێرانکردنـی شـتەکانه بۆئەوەی بوونەوەری زیندوو بگۆڕێت بۆ ماددەی نائەندامی.

. شلتز، دوان (1983): نظريات الشخصية، ترجمة حمد دلي الكربولي وعبدالرحمن القيسي، مطبعة جامعة بغداد، ص34.

. منصور، طلعت واخرون (1978): اسس علم النفس العام، مكتبة الانجلو المصرية، كلية التربية، جامعة عين شمس، ص340.

. هەمان سەرچاوەی ژماری (1) ل72

. هەمان سەرچاوەی ژماری (64) ل36

. هەمان سەرچاوەی ژماری (65) ل341

. هەمان سەرچاوەی ژماری (1) ل73

. هەمان سەرچاوەی ژماری (64) ل37

. هەمان سەرچاوەی ژماری (65) ل342-346

. هەمان سەرچاوەی ژماری (64) ل42-46

. زهران، حامد عبدالسلام (1977): الصحة النفسية والعلاج النفسي، ط3، عالم الكتب، القاهرة، ص41-47.

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل75.

. ئۆدیب ئەفسانەیەکی یۆنانییەو (سۆفۆکلیس) لەداستانی (ئۆدیب شاه) دا دەیگێڕێتەوەو تیایدا هاتووە: ئەستێرەناسێك پێشبینی بۆ (لایوس) پادشای (سیبس) دەکات کە کوڕەکەی گەورە دەبێت ودەیکوژێت. بۆیە لەگەڵ لەدایك بوونی ئۆدێبی کوڕیدا دەیبەن لەسەر چیای (شـتیرۆن) فڕێی دەدەن،

پاشان شوانێك هەڵیدەگرێتەوەو دەیبات بۆ (كۆرنیس) شا، ئەویش لەلای خۆی پەروەردەی دەكات. كاتێك ئۆدێب گەورە دەبێت لەگەشتێكدا بەباوكی ڕاستەقینەی خۆی دەگات (بەبێ ئەوەی یەكتری بناسنەوە) و شەڕ دەكەوێتە نێوانیانەوە لەئاكامدا ئۆدێب باوكی خۆی دەكوژێت، ئینجا ڕێی خۆی دەگرێت بەرەو (سیبس) بۆ ئەوەی ببێ بەپادشای ئەو مەملەكەتەو لەوێ شاژن مارەبكات (كەدایكی ڕاستەقینەی خۆیەتی ویەكتری ناناسن) كاتێك ئەستێرە ناسەكان ئەم حەقیقەتە بۆ ئۆدێب دەگێرنەوە ئەویش لەتاوا گوێردەبێت و دایكی خۆی دەكوژێت وئەو مەملەكەتە بەجێدەهێڵێت.

. ئەلێكترا: ئەم چەمكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەیەكی یۆنانی كە تیایدا باس لەچیرۆكی ئەلێكترای كچی (ئەجاممنون) دەكات ئەم كچە هانی براكەی خۆی (ئۆریستیس) دەدات بۆ كوشتنی دایكی خۆی لەگەڵ مێردە تازەكەی دایكیدا، ئەم مێردە تازەیە پێش تر دۆستی دایكی بووە، ئەم هاندانەی ئەلێكتراش تۆڵە سەندنەوەیە لە بكوژانی باوكی خۆی كەدیارە دایكیو مێردەكەی (واتا باوەپیارەكەی) بوون.

. كمال، علي (1986): الجنس والنفس في الحياة الانسانية، ط1، دار واسط، لندن، ص71.

. ئەم گرێیە لەقۆناغی ئۆدیبیدا دروست دەبێت كاتێك دایك وباوك بەبەردەوامی هەڕەشەی بڕینی ئەندامی زاووزێ لەكوڕەكەیان دەكەن، فرۆید پێی وایە منداڵ لەقۆناغی ئۆدێبیدا یاری بە ئەندامی زاووزێی دەكات وبەخەیاڵ لەگەڵ دایكیدا ڕادەبوێرێت وئەو ئەندامەی بەكار دەهێنێت. بەڕای فرۆید هەمان گرێ لەلای منداڵی كچ هەیە بەڵام بەپێچەوانەوەو بریتییە لەگرێی (نەبوونی ئەندامی نێرینەیی).

. هەمان سەرچاوەی ژماری (77) ل74

. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل271

. هەمان سەرچاوەی ژماری (1) ل78

. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل274-276

. سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئەو لقەی سایکۆلۆژیایە کەتوێژینەوە لەسەر تاك وپەیوەندیەکانی بەگروپ وکۆمەڵەوە دەکات، یاخود بریتییە لە توێژینەوەی زانستی بۆ ڕەفتاری تاکەکەس لەڕێی پەیوەندییەکانی بەکەسانیتری نێو گروپەکەیەوە، هەروەها کاریگەری ئەو پەیوەندیانە لەسەر هزرو بیری تاك ونەریت وهەست ونەست وهەڵچوون وڕەفتارو چەشنی وەڵامدانەوەکانی دەخاتە ڕوو. سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی جیایە لەسایکۆلۆژیای گشتی کە هەوڵدەدات تاکەکەس بەدەر لەیاساکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە بەو مەبەستەی بەیاسا بنچینەییەکانی ڕەفتار بگات، ئەو یاسایانەی بەسەر هەموو مرۆڤێکدا دەچەسپێت وڕاستەو ناکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگەو گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی توێژینەوە بۆ تاکەکەس دەکات لەناوەندی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان وکاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتیدا.

سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی جیایە لە کۆمەڵناسی کەهەوڵ دەدات توێژینەوە لەسەر گروپ وکەمەڵگاو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکات بەبێ ڕەچاو کردنی تاکایەتی مرۆڤ، بەواتایەکیتر بەشێوەیەکی گشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوەو، لەنێوان ئەو یاسایانادا ڕێکخستن ئەنجام دەدات کەیەکەکانی کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێیەوە. هەروەها دیاردەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە گرێ دەدات تاکو بزانێت تاچەند کاریگەرییان

لەسەر یەكتری هەیەو ئەو كارلێك كردنەش تاچەند شوێنەواری خۆی بەسەر ژیانی تاكەكانی كۆمەڵەوە بەجێدەهێڵێت.

. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل130
. هەمان سەرچاوە، ل131-132
. هەمان سەرچاوە، ل133
. هەمان سەرچاوە، ل137
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (16) ل410
. هەمان سەرچاوەی ژماری (3) ل91
. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل342-343
. هەمان سەرچاوەی ژماری (3) ل99-101
. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل174
. هەمان سەرچاوە، ل176
. هەمان سەرچاوەی ژماری (3) ل98
. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل308
. هەمان سەرچاوەی ژماری (3) ل88
. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل311
. هەمان سەرچاوەی ژماری (1) ل88
. هەمان سەرچاوەی ژماری (22) ل314
. هەمان سەرچاوە، ل317

****

بەشی دووەم

زانستی سزادان و

چاککردنی تاوانباران

سەرەتا

گەرچی بەندیخانە بە کۆنترین دامەزراوەی سزادان هەژمار دەکرێ، بەڵام مێژووی ئەم دامەزراوە لە دووسەدە تێناپەڕێت و پێشتر تاوانبار و گوناهباران لە نێو قەڵاو جێگا سەختەکاندا دادەنران و زیندانی دەکران.

ساڵی 1552 لە بەریتانیا یەکەمین دەزگای هاوشێوەی بەندیخانە دامەزرا بەناوی خانەی چاککردنەوە House of Gorrectionبۆ ئەو گوناهبارانەی مەترسی یان کەم بوو، بەڵام ئەوانەی پڕ مەترسی و ترسناك بوون دەخزێنرانە نێو ژوورەکانی قوڵایی کەشتی و پاپۆڕەکانەوە یان ڕەوانەی ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی بەریتانیا دەکران -بەتایبەتی ئوسترالیا-. ئەم ڕەفتارە سەرەکیترین شێوەی سزادان بووە، تاسەدەی هەژدەهەم و دەرکەوتن و سەرهەڵدانی زیندان لەبەریتانیاو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جیاتی ناردنیان بۆ مەنفا. بەندکراوەکان لەوسەدەمەدا لەماوەی زیندانی کردنیاندا هیچ جۆرە گرنگییەك بە کەسێتیو پێداویستییەکانیان نەدراوە (1).

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا کەنیسە بانگەشەی چاککردنی زیندانی دەست پێکرد و لە هەوڵی ئەوەدا بوو بکرێت بەخانەی چاککردن و سزادان،لەم پێناوەشدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بەند کردن با تەنهایی (انفرادی) بێت بۆ جیاکردنەوەی تاوانباران لە یەکتری.

ساڵی 1803 لەڕۆما خانەی چاککردنی منداڵ و مێردمنداڵان دامەزراو لەساڵی 1835دا بەندیخانەی ژنان دامەزراو پاش ئەوەش لە باکورو باشوری

ئیتالیا چـەندین بەندیخانـە کرانـەوە کەتـەوەری کارەکانیـان بریتـی بـوو لـە چاککردنی تاوانباران.

پەرەسەندنی سیستمی بەندیخانەکان لەسەردەمی نوێدا

پەرەسـەندنی سیسـتمی بەندیخانـەکان هاوشـانە لەگـەڵ پەرەسـەندنی زانستی سزاداندا.دوای ئەوەی تیورە نوێیەکان بانگەشەی ئەوەیان دەست پێ کرد کە سنورێك بۆ دڵرەقی سزاکان دابنرێو بەستیانەوە بـە ئامانجێکـەوە کەبریتی بوو لە داکۆکی کۆمەڵایەتیو گرنگیدان بەکەسێتی حوکمدراوەکان، لێرەوە چاککردنی سیستمی بەندیخانەکان سەریان هەڵداو هاتنە ئاراوە.

لـەمێژووی زانسـتی سـزاداندا،چـاککردنی بەندیخانـەکان پەیوەسـتە بەبزوتنـەوەی کیوکێرسـەوە Quakers لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا. لەهـەریمی پەنسلڤانیا یاسـای سـاڵی 1782 دەرچـوو کەکۆمـەڵێك بیرۆکـەی پێشکەوتخوازی لەخۆ گرتبوو وەك زەرورەتی جیاکردنەوەی مێرد منداڵ لـە گـەورەکان و، جیاکردنـەوەی ژنـان لـەپیاوان و، گۆڕینـی بەندیخانـەکان بـۆ شوێنی دابڕین وکارکردن (2).

لەپراکتیزەی ئەم هزرو بیرۆکەیەدا لەهەرێمی فیلادلیفیا بەندیخانەیەك دامـەزراو تاوانکـارە ترسـناکەکانیان لـە تاوانبـارە ناترسـناکەکان جیـاکردەوە لەمەشـدا پشـتیان بـە قـەبارەی تاوانـەکانیان بەسـتبوو، دەسـتەی یەکـەم گۆشەگیرو دابڕاو دەکران بەبێ ئەوەی هیچ کاریکیان پێبکەن، بەڵام دەستەی دووەمیـان بەکۆمـەڵ خـەریکی کـارکردن بـوون. ئـەم دابڕینـە تـەواوەتی ورەهایـەش بـووە هـۆی ڕووخـاندنی دەروون وسـایکۆلۆژیای بـەند کراوەکـەو دووری دەخستەوە لەپەشیمانی وتۆبـەکردن جگەلـەوەی تێچونێکی مـاددی

زۆریشــی دەویســـت. ئـــەم دابڕینـــە تەواوەتیـــەش لەســـاڵی 1818- 1821 پەیڕەو کراوە.

دوابەدوای ئەمەش لەساڵی 1823دا سیستمێکی تر سەری هەڵدا کەئەویش کۆکۆدنەوەی بەندیەکان بـوو نـەك دابڕینیـان لەیـەکتری، کۆکردنەوەکـەش بـۆ نـان خـواردن وکـارکردن و بـەجێهێنانی سـروتە ئایینیـەکان بـوو بەمـەرجێك بێدەنگـی تـەواو بپـارێزن و، خوێنـدن ونووسـین وبەرنامـەی ڕاهێنان وئامادەکردنیان لێ زەوت کرابوو.

گەرچی ئەمە هەنگاوێك بوو بەرەو پێشەوە بەڵام بێکەم وکورتی نـەبوو چونکە کارکردنی بـەندکراو و، بێدەنـگ بوونـی بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی جۆرێك لەدەستکەوت وقازانج بوو، بەهیچ جۆرێك جیاوازی نێوانیان ڕەچاو نـەدەکرا کەئەمــەش بـووە هـۆی دارمـانی دەرونـی ورەوشـی کۆمەڵایـەتی تاوانبـاران. بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم حاڵەتـەش سیسـتمێکیتر سـەریهەڵدا کەبەسیستمی ئێرلـەندی یـان پلـەدار ناسـراوە. لـەم سیسـتمەدا بـەندکراو بەچەند هەنگاوێك بەرەو ئازاد کردن دەچێت ئەو هەنگاوانەش درێژخایـەن بوون بەم شێوەیە:-

قۆنـاغی دابڕینـی تـەواوەتی ← کـاری بەکۆمـەڵی ← قۆنـاغی ئازادکردنی مەرجدار بەمەرجێك ئەوە بسـەلمێنرێت کـەڕەفتاری تاوانبارەکە ڕاست بۆتەوە وبەرەو چاك بوون هەنگاوی ناوە.

لەدوای ئەمەش چاککردنی مێردمنداڵان سەری هەڵدا، لەشاری نیویـۆرك سـاڵی 1825دا بۆیەکـەم جـار خانـەی چـاککردنی مـێرد منـداڵان بـۆ دوومەبەست دامەزرا کەبریتی بوون لە:-

یەکەم: دوور خستنەوەی مێرد منداڵان لەتاوانبارە گەورەو کامڵەکان.
دووەم: فێرکردنی پیشەیەك یان چاککردن وهەڵسەنگاندنیان.

لـــە ســـاڵانی 1904- 1935 دا پێشـــکەوتنێکی مـــەزن لەسیســـتمی بەندیخانـەکاندا ڕوویـدا، ئـەویش لابـردن ونەهێشـتنی سیسـتمی کـارکردنی بێدەنگ وگۆڕینی بۆ سیستمی کاری دەستەجەمعی بـوو، کـەتیایدا بـەندکراو بۆی هەبوو لەناوەوە ولەدەرەوەی بەندیخانە نامەگۆڕینـەوە ئـەنجام بـدات و، کارگێڕی بەندیخانـەش گرنگـی بـەفێرکردن و ئامـادەکردنی پیشـەیی دەدا تالـەڕووی کۆمەڵایـەتیو دەروونیـیـەوە راسـت ببێتـەوە وبـەو مەبەسـتەی هاوسۆزی بگەڕێنێتەوە بۆ نێوان تاکەکەس وکۆمەڵگە.

ساڵی 1935 گۆڕانێکی جەوهـەری ڕوویـدا کەبریتیبوولـە پۆلێـن کردنـی بـــەندکراوەکان بۆچـــەند بەشـــێك و، مامەڵـــەو ڕەفتـــارکردن لەگـــەڵیاندا بەشـێوەیەك کەلەگـەڵ هـــەرپۆلێکدا بگونجێـت. جگــە لـــەوەی پســـپۆری هەمەجۆر هێنرانە نێو بەندیخانەکانەوەو تایبەت بوون بەلایەنی پزیشکیو دەروونیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئایینیەوە (3).

سزا لەسەردەمی کۆنەوە بۆ چەرخی نوێ

بنەمای سزادانان لەچەرخی کۆندا تاکایـەتی بـوو و، ئامـانجی سـزادانیش تۆڵە سەندنەوە بووە ئینجا ئەم تۆڵە سەندنەوەیە لەوانەیـە بـۆڕازی کردنـی خواوەندەکان بو بێـت یـان بـۆ کـەفارەتی گونـاهکردن یـاخود تۆڵـە کردنـەوە بـووە لەتاوانبارەکـە. بۆیــە دەکرێـت بلێـــین ســـزادان تاکگـــەرایی بـــووەو لەئامانجیشدا ئایینی بووە.

لەگـەڵ گەشەسـەندنی کۆمـەڵگاکاندا ولەسـەدەی شـانزەهەمدا گۆڕانکـاری بـــەرچاو بەســـەر هـــزرو بـــیری کـــۆن ونـــاوەنددا هـــات و کۆمـــەڵگاش

لەدەرەبەگایەتی‌یەوە گۆڕا بۆ سەردەمی چەند دەوڵەتێکی بچوك یان دەوڵەتی گەورە، لێرەوە بیرۆکەی دەسەڵاتی گشتی وبەرژەوەندی گشتی‌و رژێمی گشتی سەریان هەڵدا کەهەموویان لەبەرژەوەندی کۆمەڵدا بوون‌و دەیانخستە سەروو بەرژەوەندی تاکەکەسەوە، بۆیە سزاش لەبنەمای تاکایەتی‌یەوە گۆڕا بۆ بنەمای کۆمەڵایەتی وئامانجی گشتی وەرگرت کەبریتی بوو لەقەڵاچۆکردنی تاوان لەکۆمەڵدا (4).

بنەمای سزادانان لەهزری نوێدا

لەسەدەی هەژدەهەمدا ئەوروپا لێشاوێك لەهزری شۆڕشگێڕی بەخۆوە بینی کەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی گرتەوەو ڕادەی ئەو ستەم وزۆرداریەیە شاراوەیەی دەرخست کەلەسیستمی کۆمەلاَیەتیو ئابوری وسیاسیو یاسایی ئەو دەمانەدا پیادە دەکران، نووسینی بیریارە شۆڕشگێڕەکانی وەك مونیسکیو و ڕۆسۆ و ڤۆلتێر، ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا وچاوخشاندنەوە بەو بنەمایانەدا کەبونیاتی ئابوری وکۆمەلاَیەتیو یاسایی زۆربەی ئەو کۆمەلگایانەی لەسەر دارێژرابوون.

سەبارەت بەزانستی تاوان وسزادانیش چەندین ڕێبازو پرۆگرامی هەمەجۆر سەریان هەلدا بەلاَم سەرەتای زانستیی ئەو ڕێبازانە پەیوەستە بەنوسراوەکانی زانای ئیتالی ((سیزاری بیکاریێ 1764)) کەپاشان بوون بەبنەمای تیوری قوتابخانەی ڕۆتینی - التقلیدیە- لەسیاسەتی سزاو سزادانندا (5).

سەبارەت بەسیاسەتی سزادان سێ قوتابخانەی سەرەکی سەریان هەلداو بریتین لە:-

یەکەم : قوتابخانەی ڕۆتینی:

بنەماکانی قوتابخانەی ڕۆتینی کەبیکاریێ دایڕشت وای بۆ دەچێت ڕێبازی چێژو لەزرەتی دەروونی بنەمایە بۆ ڕەفتاری تاکەکەس. هەرتاکێك بەرلەئەوەی ڕەفتارێك بکات ئەو لەززەت وئازارە مەزەندە دەکات ورێك دەخات کەبەهۆی ڕەفتارەکەیەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە (6).

ناوەڕۆكی ئەم تیورە بەجۆرێكە كە كاردانەوە بۆ تاوانێك پێویستە بڕێكی دیاری كراو ئازار لەخۆبگرێت بۆ تاوانبارەكەو پێیان وایە دەبێت ڕەفتارە نەشیاو نالەبارەكانی مرۆڤ بەسزادان و ئێش وئازار وەلاّم بدرێتەوەو بڕی ئازارەكەش بەشێوەیەكی ڕوون وئاشكرا دیاری بكرێت تاكو تاوانبارەكە بەتەواوەتی لەبەر چاویدا بێت وزیاتر بێت لەو لەززەتەی كەلەكردەوەیەكی تاوانباری‌یەوە تاوانبار دەستی دەكەوێت (7).

بەلای بیكاریی‌ەوە بنەمای دەسەلاّت لەسزادانەدا لەئەستۆی دەولّەتدایە ئەویش بەپێی پەیمانێكی كۆمەلاّیەتی كەلەنێوان تاكەكەسان ودەولّەتدا دەبەسترێت بەجۆرێك تاكەكەسان واز لەبڕێك ئازادی خۆیان بهێنن تالەبەرامبەردا ئارامی‌و ئاسایشیان دەست بكەوێت، هەرشتێك كەتاكەكەسان وازی لیّ دێنن لەپێناو مافی بەرگری كردن لەسەرو مالّیان، دەچێتە سەر بودجەی دەولّەت، بۆئەوەی داكۆكیان لیّ بكات بەقەد ئەو بڕەی كەداویانە بەدەولّەت. بەدەر لەم سنورو پەیمان بەستنە هیچ شتێك ناكرێت وهیچ داد پەروەرییەك بەرقەرار نابێت.

ئینجا بۆ زامن كردنی وابەستەیی دەسەلاّت بەوپەیمانە كۆمەلاّیەتی‌یەوە، بیكاریێ بانگەشەی جیاكردنەوەی دەسەلاّتەكان دەكات، واتا جیاكردنەوەی دەسەلاّتی جیّبەجیّكردن لە دەسەلاّتی یاسادانان و دەسەلاّتی قەزائی، چونكە ئەگەر هەرسێ دەسەلاّتەكە لەدەستی یەك كەسدا بێت ئەوا ستەم وزۆرداری لێدەكەوێتەوە. بەلاّم ئەگەر جیابكرێنەوە ئەوا هاوسەنگی لەنێوان ئەركی هەرسێكیاندا بەرقەرار دەبیّ وهەر یەكێكیان دەبێتە چاودێر بەسەر ئەوی تریانەوە، ئەمەش گەورەترین گرنتی‌یە بۆ پاراستنی ماف وئازادی تاكەكەسان (8).

لەدیدو بۆچوون وتێڕوانینەكانی بیكاریی‌ەوە ئەم ئەنجامانە كەوتنەوە:

1-بناغـەی سـزاو سـزادانان لـەلای یاسـادانانە (التشـريع) ودادوەر دەبێـت لەسـنوری ئەرکەکـەی خۆیـدا ئـەو سـزایانە جێبـەجێ بکـات کەدەسـەلأتی یاسادانان لەپێش ئەودا دایڕشـتوون، واتـا یاسـادانان جێگـای ئـایینی گرتـەوە بوو بەبناغەی هەموو یاسایەکی سزادانان وای لێهات هەموو سزایەك دەبێـت دەقێکی یاسایی دەستنیشانی بکات ودیاری کردبێت.

2- ئامـانجی سـزادانیش پێویسـتە لەبـەرژەوەندی کۆمەڵـە کەسـاندا بێـت، بەرژەوەندی کۆمەڵیش بەسزای توندو تیژ دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت پێوەرێکی بابەتی هەبێت بۆ ئەومەبەستەو نابێت تەماشـای تاوانبـار وڕادەی مەترسـییەکەی بکـات بـەلکو لەڕوانگەیـەکی تـرەوە تەماشا بکرێـت ئـەویش بەوەی تاچەند تاوانەکەی زیانی بەکۆمەلٚ گەیاندووە.

لـەم ڕووەوە بەسـتنەوەی سـزا بەتاوانـەوە بەئـەرك وزەرورەت دانـرا کەپێویستە سزا بەتاوانـەوە ببسـترێتەوە نـەك بـەتاوانبارەوە، ئـەم سـزایەش نابێت تۆڵەکردنەوە لەتاوانبار یاخود ئەشکەنجەدان بێت، بەڵکو دەبێـت سـزا ببێتە لەمپەرێك بۆ ئـەوەی تاوانبـار تـاوانی تـازەتر نەکاتـەوەو تـەمێ بێـت، بەواتایـەکی تـر ئـەرکی سـزادان دروسـت کردنـی لەمپـەرو ڕێگـرە: لەمپـەری تایبـەتی (بـۆ تاوانبـار) ولەمپـەری گشـتی (بـۆ تـەواوی تاکەکەسان)ئەمـەش کاتێك بەدی دێت کەئازاری سـزادانەکە گـەورەتر بێـت لـەوچێژو لەززەتـەی کەتاوانبار لەتاوانەکەیەوە پیٚ براوە.

3- بیکاریێ جەخت لەسەر بیرۆکەی ئازادی ئیرادە ولێپرسراوێتی ئەدەبی تاوانبار، دەکاتەوە، چونکە پیٚ وایە تاوانبار دڕندەو کافرو مرۆڤی نەخۆش نیـە بـەڵکو مرۆڤێکە بەهۆشـیاری خۆیـەوە سـەرپێچی کـردووە لـە پـەیمانی کۆمەلأیەتی، مرۆڤێکی ساغ ودروستەو بـەخراپی ئـازادی خـۆی بـەکارهێناوە بۆیـە بەرپرسـە لـەکردەوەکانی. بـەلأم ئەگـەر تاکەکـەس ئـیرادەی لەدەسـت

دابێ وتوانای جیاکردنەوەی نەبێت لەم حاڵەتەدا لێپرسراوێتیش لەدەست دەدات وهیچ سزایەك بۆ شێت وبچوك و کاڵفام نییە.

هەڵسەنگاندنی ئەم تیورە

گەرچی ئەو بیرو باوەڕانەی کەئەم تیورە خولقاندنی بە شۆڕشێك لەبواری سزاو سزادانندا دادەنرێن بەلاَم بێکەم وکورتی نەبوون، بۆیە ئەم ڕەخنانەیان ئاراستە کراو لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین:-

1- ئەم تیورە بەڕەوتێکی فەلسەفی دابڕاودا ڕۆشتوە وجەخت لەسەر (کردەوە) دەکات و (بکەر) ی فەرامۆش کردووە، سزای مەزەندە کردوە بۆ تاوان بەبێ ڕەچاوکردنی تاوانبار ئەمەش وای لێکردووە ئەو گریمانە بکات کەتاوانبار، یان لێپرسراوی یەکەمی تاوانەکەیەتی یاخود هیچ لێپرسراوێتی‌یەکی لەئەستۆدا نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەمرۆڤ یان هۆشیاریو ئیرادەی هەیە یان بەهیچ جۆرێك نییەتی. هیچ بوارێك لەنێو ئەو دوو ڕادەیەدا نییەو، دەکرێت بلێین سەدان وهەزاران مرۆڤ شوێن وجێگایان دەکەوێتە نێوان ئەو دوو جەمسەرەوە.

2-هەموو تاوانێکی بەسزایەکی دیاری کراوەوە بەستۆتەوە و، دادوەر بۆی نییە هیچ دەستکاریەك بکات، یان ئەوەتا هەموو سزاکە دەسەپێنێت یان بەرزی دەکاتەووە ونایدات بەسەرتاوانباردا ئەمەش بەناوی یەکسانی‌یەوە خۆی لەخۆیدا ستەمێکی گەورەیە. هیچ کەسێك ناتوانێت بلێت مرۆڤەکان لەپێکهاتندا وەك و یەك ویەکسانن، خۆئەگەر کردەوەکان وەك یەك بوون ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ناوەڕۆك وبنچینەشیان وەکو یەك وایە (9).

دووەم : قوتابخانەی ڕۆتینی نویٚ

دوابەدوای ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی تیوری ڕۆتینی کران، هەندێك لەپسپۆڕانی تایبەتمەند هەوڵیانداوە چارەسەری ئەو ڕەخنانە بکەن. ئەگەر لەپێشدا سزا لەسەر بنەمای هزرو بیرۆکەی ڕەها بوو وەك دادپەروەری ویەکسانی، ئەوا یەکەمین چاکسازی کە بانگەشەی بۆکرا بریتیبوو لە نزیك کردنەوەی ئەوبیرۆکەیە لەواقیع یان بەشێوەیەکی ڕێژەیی تەماشا بکرێت، واتە لەکەسێکەوە بۆکەسێکیتر بگۆڕێت و لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکیتر گۆڕانی بەسەردا بێت. بەم جۆرە ئامانجی سزا -لەڕوانگەی ئەم قوتابخانە نوێیەوە- لەجیاتی یەك ئامانج بوو بە دوو ئامانج و بریتی بوون لەهێنانەدی دادپەروەریو، پارێزگاری کردن لەسیستمی کۆمەڵایەتی(10).

کەواتە بناغەی سزا بریتی بوو لەهێنانەدی چاودێری وپاراستنی (قانونی) مافەکان لەکۆمەڵگەدا، واتە گێڕانەوەی ئەو سیستمەی کەبەهۆی تاوانەکەوە شێوێنراوە نەك چاککردنەوەی تاوانبار، چونکە چاککردنی تاوانبار پرۆسەیەکەو لەبازنەو سنوری یاسایی تاوانکردن دەردەچێت و لەگەڵ سزاداندا یەکناگرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئامانجی چاککردن پاکژکردنەوەو بەهێزکردن و ڕۆشنبیرکردنی تاوانبارە، واتە خێرو چاکەیە بۆ تاوانبار، بەڵام ئامانجی سزادان ئازار دان و سەپاندنی شەڕە بەسەر تاوانباردا. بەم جۆرە ئاشکرایە ئامانجی سزاو ئامانجی چاککردن یەکناگرنەوە و لەمل ملانێدان. بۆیە دەبێت ئەو ئازارەی کەتاوانبار بەهۆی سزاکەیەوە وەریدەگرێت بەهێندەی ئەو کەڵك وسودە دەبێت کەکۆمەڵگا بەهۆی سزادانی تاوانبارەوە دەستی دەکەوێت، ئەمەش ئەوکاتە دێتە دی

کەسزاکە گونجاوو هاوشانی ڕادەی لێپرسراوێتی تاوانبارەکە بێت لەوتاوانەدا کەکردوویەتیو، تاچەند پەی بردنی هەیە وخاوەنی ئیرادەیەو توانای هەڵبژاردن لەدەستی خۆیدایە(11).

بەم جۆرە ئەم قوتابخانەیە گەشتە ئەو بڕیارەی کەسزادان دەبێت نەرم ونیانی لەخۆ گرتبێ ولەونێوان هەردوو جەمسەرەکەدا بێت (ئیرادەی تەواو وبێ ئیرادەیی)

کاریگەری قوتابخانەی ڕۆتینی نوێ لەسەر یاساو تەشریعەکانی تاوان

ئەوەی ئەم قوتابخانەیە، دۆزییەوەو ڕوونی کردەوە، پشت بەستن بەوەی کەتاوانبار لە باروزروفێکی تایبەتیدا بووە کەتاوانەکەی لەسایەیدا ئەنجام داوە، بۆیە بانگەشەی ئەوەیان کرد کەچاوێك بخشێنرێتەوە بەسەر مانای دادپەروەریدا -لەسزا داندا-.

پێیان وابوو کەدادپەروەری بەوشێوەیە نایەتە دی کە یەکسانی هەبێت لەنێوان کردەوەو کردەوەو، کەسێك وکەسێکی تردا، بەڵکو بەوە دێتە دی کەیەکسانی لەسزادا هەبێت بەمەرجێك بارو زرووفەکان یەکسان بن، لێرەوە ئیتر سزا بۆ تاوانەکان یەك سزا نەبوو بەڵکو لەنێوان کەمترین ڕادەو بەرزترین ڕادەدا بوو، ئەمەوجگە لەوەی کە بارو زروفەکانی هەرتاوانێك بەجیا ڕەچاو دەکراو، دادوەریش دەسەلاتێکی نەرمی هەبوو کەدەیتوانی بەپێی باری هەرتاوانێك سزاکەی بگۆڕێت، سوکی بکات یان سزاکە قورس بکات(12).

سێیەم: قوتابخانەی واقیعی

قوتابخانەی واقیعی دەنگدانەوەی ئەو ڕەوتە زانستیە بوو کەلەسەدەی نۆزدەهەمدا باڵی بەسەر تیوری یاسادا کێشابوو، دوای ئەوەی بڕوا بەزانست هێنراو پشت بەمیتۆدی ئەزموونگەری بەسترا. بەلای لایەنگرانی ئەم ڕێبازەوە بناغەی سزادان هەمە جۆرەو دەگۆڕێت، هەربەتەنها تۆڵەکردنەوەی تاکێتی تایبەتی یان گشتی نییە یاخود بەناوی بەرژەوەندی ودادپەروەریەوە دروستکردنی ڕێگر ولەمپەر نیە، بەڵکو بەتەنها بریتییە لە: بەرگری کردن لەکۆمەڵگا. هەررەفتارێك مەترسیدار بێت ئەشێت لەداهاتوودا تاوان بەرهەم بهێنێت، ئەمەش ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی ترسناکە وپێویستە ڕێی لێبگیرێت. بۆیە جەخت لەسەر ڕێوشوێنی خۆپاراستن دەکەنەوەو دەبێت هەوڵەکان بەو ئاقارەدا بڕۆن وبەرەنگاری ئەو فاکتەرانە ببنەوە کە ڕێخۆشکەرن بۆسەرهەڵدانی دیاردەی تاوان. کەواتە دەبێت قەلاچۆی ئەو هۆکارانە بکرێن کە هەوێنن بۆدروستکردنی تاوان وەك حاڵەتەکانی: بێکاریو بێسەرپەرشتیو سەرخۆشیو نائومێدیو نەزانیو نەخوێندەواریو پەروەردەی خراپ وتێکەڵاوی لەگەڵ خراپ وبەدرەفتارەکاندا، ئەمانەو جگەلە فاکتەرە سروشتیو جوگرافیەکان کەهەموویان بەیەکەوە تاوان دەخولقێنن. ئینجا ئەگەر ئەو فاکتەرانە یەکیان گرت ورەوشەکەش لەباربوو ئەوا کەسەکە ناچار دەکەن مل بەرەوتاوان بنێت، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە تاکەکەس لێپرسراوی تاوانەکەی نیە چونکە ناچارە بەکردنی تاوان وهەردەبێت بیکات و وەك ئامێروایە بەدەست باروزروفی ورەوشەکەیەوە(13).

ڕێو شـوێنی خۆپاراســتن لــەتاوان بــۆ حاڵەتــە تاکیــەکان بریتیــە لەڕووبەڕووبونەوەی مرۆڤە مەترسیدارەکە بەرلەوەی تاوانێك ئەنجام بدات. یان لەپاش ڕوودانی تاوان کەبە ڕێو شوێنی ئاسایش ناودەبرێت بۆ لەڕیشە هەڵکێشـانی یـەکجارەکی وەك لەسـێدارەدان یـان دابریـن و بـەند کردنـی هەتاهەتایی، یان چارەسەرکردن وەك ئەوەی لە نەخۆشخانەی عـەقڵی داغـڵ بکرێ بۆچارەسەر کردن، یان کۆمەڵایەتین ئـەویش بـەزۆر نیشـتەجێ کـردن یان ناچارکردن بەئیش کردن دەگرێتەوە.

کاریگەری ئەم ڕێبازە لەبواری یاساکانی سزادا

بـەهۆی هـزرو بیرەکـانی ئـەم ڕێبـازەوە گۆڕانکـاری گـەورە لەزۆربـەی یاساکانی سزاداندا لەگەلێك ولاتی وەك بەلجیکا، ئەڵمانیا، نەمسا، بـەریتانیا، ئیتالیـا هاتنــە ئـاراوە لەســەر بنــەمای بیرۆکــەی خۆپاراســتن، ئــەویش بەگرتنەبـەری ڕێگـا بـۆ توێژینـەوە لـەدیاردەی تـاوان بەشـێوەیەکی زانسـتی وئەزموونگـەری وپشـکنینی مـرۆڤ لـەڕووی نەخۆشـی ولادان (پزیشـکیو دەروونـی وعـەقڵی) پێش دادگـایی کـردن، بـەلام لـەدوای ڕوودانـی تـاوان، ڕێوشوێنی نوێ لەسزاداندا گیرانەبەر وەك لێبوردن و، هەڵپەساردنی سـزاو، ئـازادکردنی مـەرجدارو، سـپاردن بەشـوێنی تایبـەت بۆماوەیـەکی دیـاری نەکراو(14).

لەنێوان ڕێبازی ڕۆتینیو واقیعیدا

ڕێبازی ڕۆتینی (کۆن ونوێ) ڕەفتاری تاوانکارییان ئەگەڕاندەوە بۆتاوان وتاوانباریشیان پشت گوێ خستبوو، وەك تاوانبار تەماشایان دەکرد وسزایان بەسەردا دەسەپاند، لەمەبەرامبەریشدا ڕێبازی واقیعی دیاردەی تاوانکاری دەگەڕاندەوە بۆ تاوانبارو بەبێ گوێدانە تاوانەکە و، بڕی ئەو زیانەی بەهۆی تاوانەکەوە ڕوویدەدا، لەم نێوەشدا تیمی سێیەم سەریان هەڵدا و لەهەوڵداندا بوون بۆ کۆکردنەوەی لایەنی باش و پۆزەتیفی هەردوو ڕێبازەکە لەچوارچێوەیەکی تیوریدا کەگرنگی (تاوانبار- تاوان) وڕۆڵیان فەرامۆش نەکرێت و، لێپرسراوێتی تاوان لەسەر بنەمای (مەترسی تاوانکردن) بۆ (تاوانبار و هەڵە لەتاوانکردندا) ڕەچاوبکات. و لەسیستمی سزادانانداا هەردووکیان (سزاو ڕێ وشوێنی خۆپاراستن) کۆبکرێنەوە(15).

تیوری گراماتیکا (بزوتنەوەی داکۆکی کۆمەڵایەتی)

بزوتنـەوەی داکۆکـی کۆمەڵایـەتی دەگەڕێتـەوە بـۆ پرۆفیسـۆر فیلیپـۆ گراماتیکا، میتـۆدی ئـەم بزوتنەوەیـە بریتییـە لـە هەڵوەشاندنەوەی یاسای سـزاکان و دانـانی یاسایەکی تـر لـەجێگای ئـەویش یاسـای داکۆکـی کردنـی کۆمەڵایەتییـە و گراماتیکا لەساڵی 1947دا تیۆرەکـەی لـەکتێبی (بنـەماکانی داکۆکی کۆمەڵایەتی)دا بلاّوکردۆتەوە.

ئـەم پسـپۆرە بەتـەواوی یاسـاکانی سـزاو هـزرو بیرەکـانی پشت یاسـاکانی تاوانبـارکردن هەڵدەوەشـێنێتەوەو، بـاوەڕی نییـە بەچەمکـەکانی تـاوان وتاوانبـارو لێپرسـراوێتی تـاوان وسـزای تـاوان، بەوشـێوەیەی کـەمانای بـۆ دانراوەو ڕێککەوتنی لەسەرکراوە. بەڵکو باوەڕی بەبازنەیەکی فراوانتر هەیە کەلەوانە زۆر بەرین ترەو دەڵێت:

- کـردەوەی دژ بەکۆمـەڵگا یـان ڕەفتـاری ناکۆمەڵایـەتی لـەجیاتی تاوان.
- لەجیاتی تاوانبار دەڵێت مرۆڤی خاوەن ڕەفتاری ناکۆمەڵایەتی.
- لـەجیاتی لێپرسـراوێتی تـاوان قسـە لەسـەر چـاککردن دەکـات بەشـێوەیەك کـە سـەرلەنوێ مرۆڤەکـە ڕابهێنرێتـەوە ودووبـارە لـەڕوی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا خۆی بگونجێنێتەوە.
- لـەجیاتی سـزا دەڵێـت: سـەرلەنوێ ڕاهاتنـەوەی تاکەکەسـی دژ بەکۆمەڵگا ئەمەش بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆمەڵایـەتی پێویست بەپشت

بەستن بەتوێژینەوەی زانستی ئەزموونگەری بەربلاوو گشتگیر. بەیەکێ لـەم ڕێگایانە:

- نـەخۆش دەبێـت لـەڕووی دەروونـی وپزیشـکی‌یەوە چارەسـەری بۆبکرێت.
- نەزان دەبێت ڕۆشنبیر بکرێت وفێری خوێندەواری بکرێت.
- بێکار دەبێت فێری کارکردن بکرێو کاری بۆ بدۆزرێتەوە.
- نائاسایی (شاز) دەبێت هەلبسەنگێنرێت وڕاست بکرێتەوە.
- گەندەڵ وبەد دەبێت دابڕو گۆشەگیر بکرێن.

ئەم ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتیانە -کە ئامانجیـان چاککردنـە- پێویست ناکات بەمادەیەکەی یاسایی‌یەوە سنوردار بکرێن، بەڵکو دەشێت لـەپێش یـان لەپاش ڕوودانی کردەوە تاوانباری‌یەکەدا بگیرێنە بەر(16).

ئەم ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتیانە پەیوەندیان بەسزاوەنیە بەڵکو بۆ ئاسایش و هێمنـین و دەبێت لەهــەموو شـوێن و جێگایـەکدا -جگەلـە بەندیخانـە- پراکتـیزە بکرێـن ودەکرێـت وەك نەخۆشـی هـەژمار بکرێـن، وەك چـۆن نەخۆشی عـەقڵ یـان گـەدە چارەسـەری خـۆی بۆدەکرێت، ئـەم حاڵەتانـەش نەخۆشـین و بەنەخۆشـی کۆمەڵایـەتی دادەنرێـن وبریتـین لەنـەگونجاندنی کۆمەڵایـەتی. بـەم پێیـە چـاککردنی کۆمەڵایــەتی تەنــها بەگرتنەبــەری ڕێوشـوێنی کۆمەڵایـەتی دەسـتەبەر نـاکرێت بـەڵکو پێویسـتی بەسیاسـەتی کۆمەڵایـەتی گشـتگیر هەیـە کەسیسـتمی خـێزان و ئـابوری‌و ڕۆشـنبیری‌و چاودێری تەندروستی دەگرێتەوە(17).

ناساندنی زانستی سزادان

ئاشـــكرایه تاوانناســی بــەمانا بەرفراوانەكــەی بریتیـیــە لـــەو زانســـتەی لەفاكتەرەكانی پێكهێنانی دیاردەی تاوان لای تاكەكەس وگروپەكان دەكۆڵێتـەوەو، سـەرەڕای گرتنەبـەری ڕێگای كاریگـەر بـۆ ڕوو بەڕوبونـەوەی تـاوان. بـەم مانایــە زانســتی تـــاوان چـــەندین زانســـتی ترلـــەخۆ دەگرێـــت كـــەلای خۆیانـــەوە لەگۆشەیەكەوە لەدیاردەی تاوان دەكۆڵنـەوە وەك زانستی سروشت ونیشانەكانی تاوانبـار و، سـایكۆلۆژیای تـاوان و، سوسـیولۆژیای تـاوان وزانسـتی سیاسـەتی تـاوان وزانستی سزادان. لەم ڕووەوە ئاماژە بەزانستی سزادان دەكەین:-

پێناسەی زانستی سزادان:

یەكێكـە لـە لقـەكانی زانسـتی تـاوان كەلـە -ڕووبەڕووبونـەوەی- دیـاردەی تاوان دەكۆڵێتەوە ئەویش لـەڕێی سـەپاندنی سـزا بەسـەرتاوان وگرتنەبـەری شێوازی درووست بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ تاوانباردا(18).

زانستی سزادان ویاسای سزاكان:

زانســتی ســزادان بریتیـیــە لەكۆمـــەڵێك ڕێوشــوێن وبنـــەمای گشـــتی كەبەهۆیانـــەوە دەشـێت ڕوبـەڕوی دیـاردەی تـاوان ببینـەوە بەشـێوەیەكی كاریگەر ئەویش بەگرتنەبەرو هەڵبژاردنی باشـترین شـیواز بۆدیـاری كردنـی سـزاو دیـاری كردنـی شـێوازی مامەڵـەكردن لەگـەڵ تاوانبـــاردا بـــەلاَم یاســـای سزاكان بریتـییە لەهەندێ بنەما كەتاوانەكان وسزاكان دەستنیشان دەكەن.

لێرەوە دەردەکەوێت کەجیاوازی لەنێوان هەردوکیاندا هەیە بەوەی کەیاسای سزاکان بریتیە لە کۆمەڵێ بنەمای یاسایی کەتاوانبار وسزاکان دیاری دەکات، بەلاّم زانستی سزادان بریتیە لەکۆمەڵی ڕێوشوێن وبنەما کەبەهۆیانەوە یاسادانەر سزاکەی دادەڕێژێ وشێوازی جێبەجێکردنەکەشی دەستنیشان دەکات(19).

کەواتە زانستی سزادان قانون نیە بەڵکو زانستی ڕاڤەکردنی ئەزمونگەریە ولە ڕێوشوێنەکانی سزادان وشێوازی جێبەجێکردنی دەکۆڵێتەوە، بەلاّم یاسای سزاکان سەرچاوەیەکی ڕەسمی هەیە بۆ گرتنەبەری سزادان وڕێوشوێنەکان، بەلاّم سەرچاوەی زانستی سزاکان فراوانترە ونیشتمانیو ناوچەیی ونێونەتەوەیش دەگرێتەوە.

خەسڵەتەکانی سزاکان

سزای تاوانبار پێویستە ئەم چوار بنەمایە لەخۆ بگرێت:-

- **بنەمای شەرعیەتی سزا**:

ئەم بنەمایە لەسەر ئەو سەرچاوە دەستوریە گرنگە داڕێژراوە کەدەڵێت: تاوان وسزا دەبێت لەسەر بناغەی دەقی یاسایی دەستنیشان بکرێن. ونابێت هیچ کردەوەیە بەتاوان دابنرێت ئەگەر دەقێکی یاسایی نەبێت- وەك جۆرو بڕی تاوان- دیاری نەکات. ئەم بنەمایە زۆربەی زۆری دەستورو یاسا هاوچەرخەکان بڕیاریان لەسەرداوەو بەرئەنجامی تێکۆشانی مرۆڤایەتیە دژ بەزۆرداری و ستەمی دادوەرەکان بەپێی هەوەسو ئارەزووی خۆیان تاوان وسزایان دیاری کردوە، بەپێی ئەم بنەمایە ڕۆڵی

دادوەر تەنها جێبەجێکردنی ئەو سزایەیە کەدەقێکی یاسایی بڕیاری لەسەر داوە(20).

- **بنەمای قەزائی سزا**:

مەبەستی ئەم بنەمایە ئەوەیە کەتەنها دەسەڵاتی قەزائی بۆی هەیە وتایبەتمەندە بەئیمزاکردنی سزای تاوانەکانەوە. ئەم بنەمایە بەشێوەی ڕێك وپێك لەمادەی (459) ی یاسای ڕێوشوێنەکان دیاری کراوە کەدەقەکەی دەڵێت: نابێت ئیمزای هیچ سزایەك بکرێت کە بەپێی قانون بڕیاڕی لەسەر دراوە تەنها بەپێی ئەو بڕیارە نەبێت کەدادگای تایبەت بەوکارە پێی هەڵدەستێت. بەم جۆرە ئەگەر گومانلێکراویش دان بەتاوانەکەیدا بنێت ئەوا دەسەڵاتی پۆلیس ودادوەری گشتی بۆیان نییە هیچ سزایەکی نێو یاسای سزاکان بەسەر ئەو کەسەدا بدەن بەڵکو دەبێت بەرزی بکەنەوە بۆ دەسەلاتی قەزائی تابڕیاری لەسەر بدات بەدیاری کردنی جۆرو بڕەکەی(21).

- **بنەمای کەسێتی سزا**:

بنەمایەکی سەرەکییە لەیاساکانی سزادا ودەڵێت: تەنها ئەو کەسەی حوکمی بەسەردا دراوە دەبێت سزاکە بچێژێت و وەربگرێت نەك هیچ کەسێکی تر -دوور یان یان نزیك- لەم بنەمایەدا هاتووە: ئەگەر کەسەکە - لەپێش دەرکردنی حوکمدا- بمرێت ئەوا داوانامەکە دەسوتێت، خۆئەگەر لەدوای دەرکردنی حوکم وپێش جێبەجێکردنی حوکمدا کەسەکە بمرێت ئەوا داوانامەکە بەتاڵ دەبێتەوە. بەلاّم ئەگەر لەکاتی جێبەجێکردندا بمرێت ئەوا سزاکە دەوەستێت.

- **بنەمای تاکێتی سزا**:

بەپێی ئەم بنەمایە سزا چەسپاو ونەگۆڕنییە بەڵکو لەنێوان کەمترین ڕادەو زۆرترین ڕادەدا لەگۆڕاندایە، چونکە تاوانەکان بەپێی قورسیو باروزروفی ئەنجامدانیان جیاوازییان لەنێواندا هەیە. ڕەنگە دووکەس یەك تاوان ئەنجام بدەن، بەلآم سزاکەیان وەك یەك نەبێت بەپێی گەورەیی هەڵەکانیان گۆڕانی بەسەردا بێت هەروەها بەپێی ڕۆڵ و مەترسی هەریەکێکیان سزاکەش دەگۆڕێت(22)، (23)، (24).

جۆرەکانی سزاکان:

جەوهەری سزادان - سزای تاوان لەڕووی یاساییەوە- بریتییە لەئازار چەشتن بەلآم ئەم ئازارە تەنها هەست کردن نییە بەئێش وئازارو ژان، بەڵکو مەبەست لێی زیانە، زیان لەمافەجەوهەرییەکانی تاوانبار، لەسەر ئەم بناغەیە سزا بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەکرێت:

أ- **سزای جەستەیی**:

لەسێدارەدان: بەکۆنترین سزا دادەنرێت وهەتا ئەمڕۆش پەیڕەو دەکرێت گەرچی هەندێ وولآت بەسەر تاوانباردا نایسەپێنن وەك سویسرا (1947) وئەڵمانیا(1937)و ئیسپانیاو ڕوسیاو هەندێ ویلایەتی ئەمریکاو.. تاد. ئەم سزایە توندترین سزایە چونکە مافی ژیان لەتاوانبار دەسەنێتەوە(25).

لەنێوان پسپۆرو شارەزایاندا ناکۆکی زۆر هەیە سەبارەت بەسەپاندن و نەسەپاندنی سزای لەسێدارەدان، ئەوانەی لەگەڵ سەپاندنیدان پێیان وایە

کاریگەرترین سزایە بۆ نەهێشتنی مەترسی لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی و تاقە ڕێگایەکە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تاوانی ترسناك وتاوانکاری پڕ مەترسی کەمەسەلەی چاککردن هیچ سودێکی لیّ نەکەوێتەوە لەگەڵیاندا. بەلاّم ئەوانەی لەگەڵ سەپاندنی سزای لەسێدارەداندا نین بەسزایەکی ناشەرعی دادەنێن چونکە هەموو دەروازەیەك لەبەردەمی چاککردنی تاوانباردا دادەخات کەئەمەش دژ بە ئامانجەکانی سزای تاوانە لەسیستمی کۆمەلاّیەتیدا، وهیچ سودێك بەتاك ناگەیەنێت چونکە چاککردنی تێدانییە، هەروەها بەکۆمەڵیش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەرهەم، دوای ئەوەی کارکردن لەبەندیخانەکاندا بوو بەهۆیەك بۆزیادکردنی بەرهەم لەکۆمەڵگەدا، ڕەنگە لەپاش جێبەجێکردنی دەربکەوێت کەتاوانبار بێگوناهەو لەم حاڵەتەدا بەگەورەترین هەڵە دەژمێردرێت کە دەسەلاّتی قەزائی پیّی هەڵساوە(26)، (27).

ب-سزای زەوت کردنی ئازادی:

ئەو سزایانە دەگرێتەوە کەمافی ئازادی مرۆڤ زەوت دەکات بەوەی تاوانبار بەدەزگا سزاییەکانی وەك بەندیخانە دەسپێرێت. بۆ نموونە: کاری قورس یان بەندکردن. کۆت و بەندکردنی ئازادی ڕوخسارێکی سەرەکی سیستمی سزاکانە بەلاّم هەردەم لەوێنەی سزادا تەماشا ناکرێت بەڵکو وەك ڕێوشوێنی خۆپاراستن تەماشا دەکریّو دێتە هەژمارکردن ولەم وێنانەدا دەردەکەوێت: خستنە ژێرچاودێری پۆلیسەوە، دورخستنەوە وسەپاندنی نیشتەجیّکردن لەشوێنێکی دیاریکراودا. ڕەنگە لەپێش حوکم داندا ئەنجام بدرێت وەك بەندکردنی یەدەکی ئەمەش کەرەسەیەکە بۆ خۆپاراستن لەترسی هەلاّتنی تاوانبارکراو(28).

سەبارەت بە هەمەجۆریو یەکخستنی ئەم سزایە مشتومڕێکی زۆر هەیە، هەندێك دەڵێن بەپێی گەورەییو قورسی تاوانەکە باسزاکەش هەمەجۆر بێت، بەلاّم ئەوانەی دەڵێن با یەك سزابێت بەلاّم جیاوازیەکە لەماوەی بەند کردنەکەدا بێت، ئەم دەستەیەی دووەم پشت بەبنەمای تاکێتی سزا دەبەستن و دەڵێن کاتی بەند کردنەکە جیاواز بێت بەپێی قورسی تاوانەکە بەمەش ئامانجی سزاو چاککردن هەردووکیان بەدی دەهێنن. لەزۆربەی وولاّتاندا سزای زەوتکردنی ئازادی یەکخراو کەجاران لەسێ بەش پێك هاتبوو کەئەمانەبوون: بێگار (کاری قورس لەیاسای میصریدا)، بەندکردن لەگەڵ کاری قورسدا، بەندکردن. ئەم سێجۆرە لەیەك سزادا کۆکرانەوە کەئەویش بەندکردنە بەجیاوازی کاتی بەندکردنەکە (کەم یان زۆر)(29).

ج- سزای دارایی:

ئەم سزایە چەند جۆرێکە وەك پێپژاردن (الغرامة)، دەست بەسەردا گرتن، ڕەتکردنەوە، خەرجیەکان، قەرەبووکردنەوە.

پێبژاردن: بریتییە لەبڕێك پارە ولەتاوانبار دەسێنرێت ودەخرێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە لەبری ئەو تاوانەی پێی هەستاوە.

دەست بەسەردا گرتن: واتە لێسەندنی موڵك بەزۆر وپاشان بەبێ بەرامبەر دەخرێتە سەر مولکی دەوڵەت.

ڕەتکردنەوە: گێڕانەوەی پارەو ماڵ بۆ خاوەنە ئەسڵیەکەی.

خەرجییەکان: واتا ناچارکردنی کەسی حوکمدارو بەدانی خەرجی تایبەت بەگشت پرۆسەی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن.

قەرەبووكردنـەوە: واتـا قەرەبووكردنــەوەی ئەوزیانانــەی لـە ئــەنجامی تاوانێكەوە بەكەسێك (تـاوانلێكراو) وكەسانی تـر كـەوتووە ئینجـا بـەهۆی بێكار بوونییەوەبێت (بەهۆی تاوانەكەوە) یان زیان لێكەوتنی.

پێویستە لەنێوان پێبژاردن و قەرەبووكردنەوەكەدا جیاوازی بكرێت:

مەبەست لە پێبژاردن ئازار چەشـتنە نـەك قەرەبووكردنـەوە، هەرلـەم ڕوانگەیــەوە دەبێــت بەســزای تــاوان چونكــە بەتەنــها كەرەســەیەك نییــە بۆبژاردنی زیان، وكاتێك وەك سزا هەژمار دەكرێت دەبێـت ئـەم خەسـڵەتانە لەخۆ بكرێت:

- دەبێت دادگای تاوان بەپێی بنەمای قـەزائی سـزا ئیمـزای بكات وبیسەپێنێ.
- دەبێت بـەپێی بـەندێك لەیاسای سـزاكاندا ئیمـزا بكرێـت واتـە بەپێی بنەمای شەرعیەتی تاوان وسزا.
- پێویستـە تەنـها تاوانبارەكـە بیـدات بـەپێی بنــەمای كەسـێتی سزا، ونابێت لەهیچ كەسێكی تر (وارث بۆنموونە) بسەنرێت(30).

قەرەبوو كردنەوە

بــەلام قەرەبووكردنــەوە مانــایتری هەیــەو بریتیــیە لــەناچاركردنی تاوانبار بەبژاردنی ئەو زیانەی لەتاوانەكەی كەوتۆتەوە (بیكار بوون) لێرەدا دەردەكـەوێت كەپێشـەكی نـاتوانرێت بـەپێی دەقێكـی یاسـایی دەستنیشـان بكرێــت بــەڵكو دادوەر خــۆی مــەزەندەی دەكــات بــەپێی داوای زیــان لێكەوتووەكە.

شایانی باسە (ڕەتكردنەوەو خەرجییە قەزائییەكان) لەسـنووری مانـای قەرەبووكرنــەوەدان نــەك پێبــژاردن. چونكــە ڕەتكردنــەوە (گێڕانــەوەی

شتومەكە بۆخاوەنەكەى) يەكەمين وێنەى قەرەبووكردنەوەيە. هەروەها ناچاركردنى تاوانبار بەدانى خەرجىيە قەزائىيەكان ئەويش قەرەبووكردنەوەى تێچوونەكانى داوانامەكەيە.

بەلاّم پێبژاردنەكانى (ياساكانى باج ورسوم وگومرك) بۆئەوكەسانەى سەرپێچيان دەكەن و بەپێى ياساكانى باج دەسەنرێن. ئەم جۆرە پێبژاردنانە سروشتێكى تێكەلّيان هەيە. لەڕوويەكەوە پێبژاردنن (چونكە سزاى تاوانن و ياسا دايڕشتون) لەڕويەكى تريشەوە قەرەبووكردنەوەن (چونكە زيانن ولەبەرژەوەندى خەزێنەى گشتى كەوتوون وشوێنەوارى تريان لىٚدەكەوێتەوە).

دوو ڕەخنەى سەرەكى ئاراستەى سيستمى پێبژاردن دەكرێن:

- يەكسانى نێوان تاكەكەسەكان بەدى ناهێنێت، چونكە جياوازى هەيە لەنێوان كەسەكاندا، هەندێك بەهۆى بەرزى ئاستى داراييانەوە بەئاسانى دەيدەن و بۆهەندێكى تريش زۆر قورسە.

- لەهەندىٚ حالّەتدا ئاستەمە جىٚبەجىٚ بكرێت (هەندىٚ تاوانبار لەپێش جىٚبەجىٚ كردنى حوكمدا مالّ وسامانەكەيان پەخش وبلاّوە پىٚدەكەن)

چارەسەرى ئەم دوو ڕەخنەيەش بەوەدەكرێت (وەك لەچەندين وولاّتدا كراوە) كەهاوسەنگىيەك لەنێوان حالّەتى دارايى حوكمدارو وئامانجى سزاكەدا (وەك ئازارچەشتن -سزاى تاوان-) دروست بكرێت. ئەمەش بەزيادكردنى مەوداى نێوان زۆرترين برو كەمترين برى پارەدا تا دادوەر بتوانێت برى گونجاو بەپێى دارايى تاوانبارەكە هەلّبژێرێت. يان هەموو برەكە بەيەكجار نەدرێت(بەقيست بدرىٚ) يان بگۆڕێت بۆبەندكردن ئەگەر

هیـچ چارەســەرێك نــەبوو. ئەگــەر ڕەخنــەی یەكــەم چارەســەر كــرا ئــەوا دووەمیش چاكدەكرێ وبەئاسانی جێبەجێ دەكرێت(31).

ڕێوشوێنەكانی خۆپارستن:

ئـەم كـارە یـەك یـان كۆمـەڵێ ڕێوشـوێن دەگرێتــەوە وبەســەر كەســێكدا دەسەپێنرێت كەسەلمێنرابێت مەترسی بۆسەر كۆمەڵگا هەیــە، مەبەسـت لێ ئــازار چەشــتن نییــە، بــەڵكو دروســتكردنی ڕێگــر ولەمپــەرە لەبــەردەمی كۆمــەڵگادا دژ بەومەترســیە. ئــەم ڕێوشــوێنانە ئاراســتەی مەترســـیەك دەكرێن كەلەكەسێكدا هەیە، نەك بۆ تاوانكردن، كەواتە ناوەڕۆكی سزادانانی تیـادا نییـەو بـەمانای نـاو زڕاندنیـش نایـەت بـەڵكو ئاماژەیـە بـۆ چاككردن. بۆیــە ئاراســتەكانیان ڕوو لەئاییندەیــە بــەڵام ئاراســـتەی ســـزادان بـــۆ ڕابردووە(32).

ئیمزاكردنی ڕێوشوێنەكانی خۆپاراستن بەسەر كەسێكدا لـەم حاڵەتانـەدا دەبێت:

یەكەم: پێشتر بەتاوانێك هەستابێت.

دووەم: مەترسیەك لەكەسەكەدا هەبێت لەواتایەكیتردا پێی دەوترێت مەترسی تاوانكاری.

كەرەســەكانی ڕێوشــوێنی خۆپاراســتن بریتــین لەكۆمــەڵێك شــێوازی چارەســەر كـردن وپاكژكردنـەوەو تــەمێ كـردن كـەئامانجیان ڕاهێنانــەوەی تاوانبارە یان دورخستنەوەو ڕێگرتنە لەپیادەكردنی ڕەفتـاری زیـان بـەخش. دەكرێت بڵێین ئەم ڕێوشوێنانە یەك ئامانجیان هەیە ئەویش بەرگرتنە لەو مەترســیە شــاراوەیەی لەكەســێكی تاوانبــاردا هەیــە دژ بەكۆمــەڵگا،

لەدەســـتەواژەیەکی شـــیاوتردا بریتی‌یـــە لەئاســـایش بۆیـــە ناویشـــنراوە ڕێوشوێنەکانی ئاسایش(33).

ڕاهێنانەوەی تاوانبار مانای بەستنی پەیمانێکە لەنێوان کەسی تاوانبـارو کۆمـەڵگادا بۆچارەســەرکردنی ئەگــەر نــەخۆش بێــت یــان لادەر بێــت یــان بێکـاربێت، بـەم شـێوەیە ئـەو پەیوەندی‌یـە دەپچڕێت لـەنێوان فاکتـەرەکانی تاوانکردن وکەسەکەدا وئیتر لەگەڵ کۆمەڵگاکەی خۆیدا خۆی دەگونجێت.

بەلاَم دورخستنەوە پـەیوەندی بـەجێگاو شـوێنەوە هەیـە، مەبەسـت لیَ جیاکردنەوەی تاوانبارە لەو شوێنەی کە ڕێگای تاوانی بۆخـۆش دەکات، وەك گرتنی ئەوکەسەی لەسەر تـاوانکردن ڕاهـاتووە یـان دوورخسـتنەوەی بێگانـە لەوولاَت، یان بەزۆر نیشتەجیَکردن.

بەلاَم ڕێگرتن: مەبەست لیَ دابڕینـی تاوانبـارە لەوکەرەسـە مادی‌یانـەی لەتاوانکردندا بەکاریان دەهێنێت وزیان بەکۆمەڵگا دەگەیەنێت بەمـەش وای لیَ دێت نەتوانێت تاوان بکات وەك: دەست بەسەراگرتن (المصادرە)، داخستنی دەزگاو دامەزراوەکەی، یان بخرێتە ژێرچاودێری پاسەوانی‌یەوە(34)، (35).

جۆرەكانی دامەزراوە سزاییەكان

یەكەم: دامەزراوە داخراوەكان (المؤسسات المغلقة)

ئەم دامەزراوە سزاییيانە پابەندی بیرۆكەیەكن كەبریتی‌یە لە: دابڕینی تاوانباری حوكمدارو لەكۆمەڵ بەهۆی مەترسیەكانیەوە. پراكتیزەكردنی ئەم بیرۆكەیە واپێویست دەكات چاودێریەكی توندو پتەوو تۆكمە بەسیمای دامەزراوەكانەوە دیار بێت وسڵ لەكەسی حوكمدراو بكرێت و، ڕێوشوێنی تەمێكردن بسەپێنرێت بەسەریدا، بەو مەبەستەكەی سزاكەی كاریگەرانە جێبەجێ بكرێت، جگەلە گرتنە بەری شێوازەكانی پاسەوانی ورد تائاسایش وسیستمی ناوخۆی دامەزراوەكە پارێزراوو بەرقەراربێت.

ئەم جۆرە دامەزراوانە بۆ ئەوحاڵەتانە دەگونجێت كەمەبەستی سزادان بریتی‌بێت لەبەرگرتن ودروست كردنی لەمپەر نەك چاككردن، زیاتر ئەوكاتانەش پەنای بۆدەبرێت كەسزاكە درێژخایەن بێت یاخود گوناهبار لەودەستەو تاقمانە بێت كەمەترسی‌دارن ولەسەر تاوان و گەڕانەوە بۆتاوان ڕاهاتوون(36).

دووەم: دامەزراوە كراوەكان (المؤسسات المفتوحة):

ئەم جۆرە لەدامەزراوە سزاییەكان پابەندی بیرۆكەیەكە بڕواو متمانە بەحوكمدار دەكات وپێ‌وایە هەست بە لێپرسراوێتی دەكات. لەم دامەزراوانەدا دەرگاو شوراو شیش بەندی و كلیلدان وپاسەوانی لاوازن

چونکـه حوکمدارەکـانی ناویـان مرۆڤـی چـاکن ورێـز لەسیسـتم دەگـرن ولەهـەوڵی ڕاکـردن وهـەلاَتندا نـین وباوەڕیـان بەوەیـە مانـەوەیان لـەناو دامەزراوەکەدا چاکترەو سودی لێدەبینن. ئەم دامەزراوانە زیاتر لـەدەرەوەی شارو لەگوندەکاندا دادەمـەزرێن ولەهـەندێ وولاَتـی وەك بـەلجیکاو هوڵنـداو سویسراو ئیتالیاو ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا دا پەیڕەو دەکرێن(37).

لایەنە باشەکانی:-

- حوکمدراو تیایدا سـەرلەنوێ بڕوابـەخۆی دەکاتـەوەو ئـەوەی بۆدەردەکـەوێت کۆمـەڵگا مامەڵەیـەکی دوژمنکارانـەی لەگـەڵدا ناکـات و، ئەمەش پرۆسەی گونجاندنی کۆمەلاَیەتی بۆ ئاسان دەکات.

- لەودامەزراوانـەدا حوکمـدارو ئـەو دەرفەتـەی بۆدەرەخسـێت لەکاتی گونجاودا کاری گونجاو بدۆزێتەوە وبیکات، چونکـە بـاروزروفی ژیـانی نـاو دامەزراوەکە جیـاوازی نییـە لەگـەڵ بـاروزروفی کـارکردن لـەدەرەوەی دامەزراوەکە.

- بەندکراو ئەتوانێت و بۆی هەیە سەرپەرشتی ویارمەتی دارایی خێزانەکەی بکات.

- بەندکراو دووردەکەوێتەوە لەتێکەڵ بوون ومامەڵەکردن لەگـەڵ تاونکارە مەترسیدارەکانی دامەزراوە داخراوەکان.

- دەوڵەتیش لەڕووی داراییەوە کەڵکیان لێوەردەگرێت.

لایەنە خراپەکانی:-

گـەورەترین خـەوش وناتەواوییـەك لـەم دامەزراوانـەدا ئاسـانی ڕاکـردن وهەلاَتنـە، هـەروەها کەمکردنـەوەی بایـەخی سـزادانە (بـەمانای بـەرگرتن وبێزارکردنی تاوانبار) جگەلەوەی لەگەڵ هەموو کەسێکدا ناگونجێت(38).

سێیەم: دامەزراوە نیمچـــە کراوەکـــان (المؤسســـات شـــبە المفتوحة)

حوکمـدارو لـێرەدا بەشـوێنێك ئەسـپێردرێت کەپاسـەوانی تیـایدا تونـدو تۆکمـەتر بێــت لەدامــەزراوە کراوەکــان و، ئــازادتریش بێــت لەدامـــەزراوە داخراوەکان. ئەمە ئەگەر حاڵەتەکەی واپێویسـت بکـات بڕواپێکردنـی تـەواو (لەکراوەکاندا) وسڵەمینەوەی تەواو (لەداخراوەکاندا) نەبێت وبەشـێوەیەکی مـــام نـــاوەندی مامەڵـــەی لەگـــەڵدا بکرێـــت، دەشـــێت بەندیخانەیـــەکی سەربەخۆبێت یان بەشێکی سەربەخۆبێت لـەنێو بەندیخانەیـەکی داخـراودا. زۆرجـار ئـەم جـۆرە دامـەزراوە چـەند بەشـێك لـەخۆدەگرێت ولـەڕوی پاسەوانی‌یەوە پلەپلەیە، واتا لەسـەرەتادا حوکمـدراو ولەوبەشـەدا دادەنرێت لەپاسـەوانی تیـایدا تونـدو تۆڵـە پاشـان دەگوێزرێتـەوە بـۆ بەشـێکی‌تر کەپاسـەوانی تیـایدا مامناوەندیـە ئەگـەر بـاش بوونـی ڕەفتـاری بسـەلمێنێت، لەکۆتایشـدا دەخرێتـە ئەوبەشـەوە کەپلـەی پاسـەوانی تیـایدا نزیکـە لەدامـەزراوە کراوەکانـەوە بەتایبـەتی لـەکاتی نزیـك بوونـەوەی وادەی ئـازادکردنیدا. ئـەم دامـەزراوە بەگشـتی گێڵگـەو وەرشـەو جێگـای وەرزش وخوێندنگاو بەسەربەردنی کاتی بێئیشی لەخۆ دەگرێت(39)، (40).

چەرخە هەمەجۆرەکانی پەرەسەندنی سزا

- سەردەمی تۆڵە سەندنەوەی تاکایەتی:

لەم چەرخەدا ناوکۆو مل ملانێی نێوان تاك وگروپەکان لەئارادابووە وتۆڵە سەندنەوە باووبوە وهەرکەسێك بۆخۆی تۆڵەی لەبەرامبەرەکەی کردۆتەوەو ئەمەش بۆخۆی زنجیرەیەك کێشەی لەنێوانیاندا دروست کردووە، یان لەهەندێ حاڵەتدا خوێنبایی لە پیاوکوژەکە سەنراوە(41).

- سەردەمی تۆڵەسەندنەوەی گشتی:

دوای پەرەسەندنی کۆمەڵگاو سەرهەڵدانی بەرژەوەندی هاوبەش وگشتی، ئیتر کۆمەڵگا پێویستی بەوە دەکرد داکۆکیو پارێزگاری لەقەوارەی خۆی بکات. وای لێهات تاوان بەدەستدرێژی بۆسەر تاکەکەس هەژمار نەدەکراو تۆلەسەندنەوەی تاکایەتی گۆڕرا بۆتۆڵە سەندنەوەی گشتیو، سزا لەدەزگایەکی کۆمەڵایەتییەوە دەردەچوو بەومەبەستەی خەڵکانیتر تەمێ بکات ودووربکەونەوە لەتاوان. سزاکانیش هەردەم توندو تیژو قورس بوون وەك سزای لەسێدارەدان. بەڵام ئەم سزایانە نەبوونە هۆی کەمکردنەوەی تاوان بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوانە تاوان زیادی کردو، چەندین چاکساز سەریان هەڵداو بانگەشەی چاککردن و هەلگرتنی سزای لەسێدارەدانیان دەکرد یان لەهەوڵی چاککردنی بەندیخانەکاندا بوون.

- سەردەمی بەزەیی ومرۆڤایەتی:

لەم سەردەمەدا نۆبەرەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا، لەفەرەنسا مۆنتیسکیۆو ڤۆلتێر، هیوم وسمس لەبەریتانیا، بیکاریێ لەئیتالیا

پیّ وابوو مەبەست لەسزادان گۆڕین وئەشکەنجە نییە بەڵکو مەبەستی تری هەیە وەك ڕێگرتن لەتاوانبار بۆدووبارە کردنەوەی تاوانیتر یان کەسانی تر شوێن پیّ هەڵنەگرن بۆیە هیچ سودێك لەتوندوتیژی سزا ناکەوێتەوە ولەسێدارەدانیش هیچ بەهیچ ناکات.

- سەردەمی زانستیی نویّ:

لەم سەردەمەدا لەدوای شکست هێنانی سزای قورس وتوندو وبەندیخانەی خراپەوە، ڕووکرایە چاککردن وهەڵسەنگاندن بەتایبەتیش لەدوای سەرهەڵدانی ڕێبازی واقیعی کەپیّ وایە کارە تاوانییەکان بەرئەنجامی بارو زروفی کۆمەڵایەتی دەوروبەر وشەخسی تاوانبارەکەیە بۆیە پێویست دەکات چاو بەهەموو باروزروفەکانیدا بخشێنرێتەوە وچاککردن هەبیّ وکەسەکە بگێڕدرێتەوە بۆکۆمەڵگا(42)، (43)، (44).

سەرهەڵدانی بزاڤی چاککردن

بەندیخانەی کۆن لەژێر کاریگەری ئەوفەلسەفەی سزایەدا بوو کەپێیوابوو سزا کەفارەتی گوناهکردنە واتا سزادان بەرهەمی گوناهکردنە ودەبێت گوناهبار بیچێژێت. بەلأم لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ولەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوەی چاککردندا ئیتر ئەرکی بەندیخانە گۆڕا، لەگەڵ پەرەسەندنی زانستە کۆمەلأیەتییەکاندا ئەرکی چاککردن بەرەوپێش چوو و پەرەی سەند. لەنێو بەناوبانگترین بەڕێوەبەرانی زینداندا ئەوانەیان کە بڕوایان بەچاککردن هەبوو لەجیاتی سزادا، وەك ئامانجی سەرەکی بەندیخانەکان (جورج اوبرمایر) و(الکیرنل مونتیسیون) بوون، تاوای لێهات چاککردن بووبە ئەرکێك لەبەندیخانەکاندا کەشایەنی گفتوگۆ لەسەر کردن نەبێت و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەوولاتاندا لایەنگرانی ئەم بزوتنەوە ڕوولەزیادبوون بوەو لەچەند دامەزراوێکی چاککردندا دەرکەوتن ولێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین(45)، (46).

یەکەم: سیستمی دامەزراوەی ئەلمێرای چاککردن:

سیستمی ئەم دامەزراوە نموونەیەکە بۆ پڕاکتیزەی بنەماکانی چاککردن بەپێی ڕێکەوتنی کۆنگرەی بەندیخانەکان. سیستمەکەش لەم خالأنەدا ڕووندەکەینەوە:

1-لەم دامەزراوە چاکسازییەدا زیندانییەکان بەسەر سێ پلەدا دابەشکرابوون، سەرەتا کەبەندکراو بۆیەکەمجار دەخرایە بەندیخانەوە هەتا شەش مانگ لەپلەی دووەمدا دادەنرا، ئەگەر ڕەفتاری جوانی لێ دەربکەوتایە

دەخرایە پلەی یەکەمەوە، بەلاَم لەشەش مانگی دووەمدا لەم پلەیەدا شایانی ئەوەبوو بەشێوەیەکی مەرجدار ئازاد بکرێت.

2-خۆئەگەر زیندانیەکە رەفتاری خراپ وهەلسوکەوتی ناشرینی بنواندایە ئەوا سزا دەدرا بەوەی بخرێتە پلەی سێیەمەوە.

ئەم دامەزراوە لەساڵی 1876 لەشاری نیویورک(47) لەژێر چاودێری یرگوای دا دامەزرا وهەولی دەدا لەسەربنەمای نوێ مامەڵە لەگەڵ ئەوکەسانەدا بکات کەلە یاساکان دەرچووبوون، گرنگترین ئەو بنەمایانەش کەپشتی پێبەستبووبریتی بوون لە:-

- تاوانبار کەسێکەو دەشێت هەڵبسەنگێنرێت وچاکبکرێت.
- چاککردن پێویستی تاکەکەسە وئەرکی کۆمەڵە.
- هاوکاری تاوانبار لەگەڵ کۆمەڵدا فاکتەرێکی گرنگە لەنێو فاکتەرە یاریدەدەرەکاندا بۆپرۆسەی چاککردن.
- دەبێت چاککردن پەروەردەییو ئاکاری وپاکژکردنەوەیی بێت.
- زۆر گرنگە زیندانی یەکێك لەپیشەکان فێرببێت ونابێت لەزیندان بێتە دەرەوە ئەگەر بەباشی کارێك فێر نەبووبێت کەرێ خۆشکەر بێت بۆ دوورخستنەوەی لەهەڵەو لادان وهۆیەکانی تاوانکردن.

6-دەبێت چارەسەرکردنی تاوانبار تاکایەتی بێت ولەگەڵ پێداویستیە تایبەتیەکانیدا بگونجێت تابتوانرێت سەرلەنوێ کەسێتیەکەی رێکبخرێتەوە(48).

دووەم: سیستمی ئێرلەندی چاككردن:

ئەم سیستمەی چاككردن لەساڵی 1853دا لەدوورگەی نۆرفولكی ئوسـترالیا سەری هەڵدا كەئەو دەمـە لـەژێر دەسـەڵاتی بـەریتانیادا بـوو، ئـەم سیـستمە بەو ئەزموونە دادەنرێـت كەچاكسازەكان وەك سـەرچاوەیەك بـۆ چاككردن بـۆی دەڕوانـن. تیـایدا بەندیخانـە گـۆڕرا بـۆ چاككردنی لاوان، ئامـانجی ئـەم دەزگـای چاككردنـە، ڕاهێنـانی زیندانیەكانـە بۆئـەوەی بتوانـن ڕووبـەڕووی كەرەسەكانی لەخشتەبردن و سەرنج ڕاكێش ببنەوە وڕۆنەچن بـەرەو تـاوان و، بەشێوەیەك ڕەفتار بكەن لەگەڵ بنەماكانی یاسادا بگونجێت ومـل كـەچی ببن تائەوكاتەی ئازاد دەكرێن(49).

ئـەم نموونەیـەی چـاككردن لەزانسـتی سـزای نـوێدا بـوو بەپێشـەنگ وچەندین دامەزراوی چاككردنی مێردمنداڵان ولاوان شوێن پێیان هـەڵگرت. دامـەزراوەی ئـەلمیرای چاككردنی لاوان لەسـاڵی 1877 بـەدواوە هـەمان ئـەو سیستمەی پیادە دەكرد كەسیستمی ئێرلەندی دایهێنابوو.

سێیەم: سیستمی بورستاڵی چاككردن:

پەرەسـەندنی فەلسـەفەی سـزادان وابەسـتەی هـەندێ كارتێكـەرو ڕای نوێیـە كەلـە كۆمەڵگایەكـەوە بـۆ یـەكێكی تـر دەگوێزرێتـەوە. دامـەزراوەی بورسـتاڵ لەئینگلتـەرە لەهـەرێمی بورسـتال سـاڵی 1908 سـەری هـەڵداو بۆئەوكەسە (نێر) تاوانبارانە بوو كە تەمـەنیان لـەنێوان (16-21) ساڵیدایە. دیـاری كردنـی ئـەم تەمەنـەش دەگەڕێتـەوە بۆئـەو ڕاسـتیەی كـەمرۆڤ لەوتەمەنـەدا مەترسی زیـاترە بۆتـوش بـوون وهـەڵخزان بـەرەو تـاوان. ئـەم حەقیقەتەش زاناكانی تاوان لەئەمەریكا سەلماندوویانە(50).

سیستمی بورستالی ئینگلیزی ئامانجی ئەوە بوو مێردمنداڵی تاوانبار چاك بكات، بیرۆكەی چارەسەركردنیش لەودامەزراوەدا كاتێك تاوانبار تیایدا دەمێنێتەوە بۆماوەی چوارساڵ واتە كاتی بەند كردن تەنها چوارساڵە ئیتر تاوانبار هەركەسێك بێت وتاوانەكەشی هەرچییەك بێت لەوماوەیە زیاتر لەودامەزراوەدا نامێنێتەوە وئازاد دەكرێت دوای چاككردنی.

چوارەم: سیستمی چاودێریكردن:

تازەترین سیستمی چاككردنە كەئەمڕۆ لەزۆربەی وولاَتاندا پەیڕەو دەكرێت چاودێریكردنەو، بریتییە لەوەی حوكمەكە بەسەر تاوانباردا جێبەجێ ناكرێت یاخود لەبنەڕەتدا حوكمەكە دەرناكرێت. دیارە ئەو بڕیارەش لەلایەن دەزگای قەزائییەوە دەردەچێت، تاوانبار بەپێی ئەم سیستمە ناخرێتە بەندیخانەوە بەڵكو تەنها لەژێر چاودێریدا دادەنرێت. بەتایبەتی ئەو تاوانبارانەی مێردمنداڵن یاخود سەرەتای تاوانكردنیانەو وپێشتر هیچ تاوانێكیان ئەنجام نەداوە، چاكسازە كۆمەلاَیەتییەكان گرنگی ئەم سیستمە لەوەدا دەبیننەوە كەپارێزگاریو چاودێریكردنی تاوانباری منداڵ ومێردمنداڵە، لەتوش بوون بەدژواریەكانی نێو زیندان وتێكەڵ بوون لەگەڵ گەورە تاوانبارەكاندا، بۆیە لەدەرەوەی زیندان بۆماوەیەكی دیاریكراو دەخرێنە ژێر چاودێرییەوەو ئەو ماوەیەش پێی دەوترێت ماوەی تاقیكردنەوە (الاختبار) ودەبێت مانگانە ڕاپۆرت سەبارەت بەكارەكانیان پێش كەش بكەن و، ناچاریش بكرێن قەرەبووی ئەو زیانانەش بكەنەوە كەلەخەڵكی تریان داوە بەهۆی دەستدریژی یەكانیانەوە. شایانی باسە ئەم سیستمە بۆئەو تاوانبارانەشە كەبەڕێكەوت تاوانیان ئەنجام داوە(51).

سیستمی بەندیخانەکان

مەبەست لەسیستمی بەندیخانە بریتی‌یە لەچۆنیەتی ئەو ژیانەی بەندکراوەکان لەنێو زینداندا بەسەری دەبەن وەك تەنهایی یان تێکەڵبوون لەگەڵ یەکتڕداو شێوازی پراکتیزە کردنی بەرنامەی چاککردن بەسەریاندا. لە زۆربەی وولاتاندا یەکێك یان زیاتر لەم پێنج سیستمە پەیڕەو دەکەن:

یەکەم: سیستمی کۆمەڵی

لەم سیستمەدا بەندکراوەکان شەوو ڕۆژ لەگەڵ یەکتڕدا ژیان دەگوزەرێنن، لەشوێنەکانی: کارکردن، نان خواردن، گۆڕەپان، فێرکردن...تاد، وبەشێوەی گروپ گروپ لەشوێنی گەورەو فراوان بەپێی ژمارەی بەندکراوەکان جێگای نووستنیان بۆ دابین دەکرێت و، لەیەکتری جیاناکرێنەوە، جیاکردنەوە تەنها بۆئەم حاڵەتانەیە: جیاکردنەوەی بەندکراوی پیاوان لەژنان، گەورە لەبچوك (بەپێی تەمەن)(52).

لایەنە چاکەکانە ئەم سیستمە لەوەدایە: تێچوونی کەمە، ڕێوشوێن وکاروبارەکان ئاسانن وەك دامەزراندنی بەندیخانە وبەڕێوەبردنی و، سیستمی کارکردن وفێرکردن و،کەمتریش زیان لەدروستی عەقڵ ودەروونی زیندانی یەکان دەدات.

چەندین کەموکورتی لەم سیستمەدا هەیە کەلە بنچینەوە بەهای چاککردنەکەی لەبەین دەبات. تێکەلاّو بوونی بەندکراوەکان بەشێوەیەکی

بەردەوام و بەو ژمارەیە گەورەیە بوارێکی تەواو دەرەخسێنێ بۆ تاوانبارە بچوکەکان تا بەتاوانکارە گەورەکان بگەن و فێری چەندین شێوازو هونەری تاوانکردن ببن، هەروەها دەرفەتیش دەدات بەتاوانبارە گەورەکان تابەندکراوی بچوك وساویاکە هەڵبژێرن وبیخەنە پاڵ خۆیان وگروپی تاوانکارن پێکبهێنن وئامادەیان بکەن بۆکارکردن لەگەڵیاندا لەدوای هاتنە دەرەوەیان لەزیندان(53).

هەروەها بۆتاوانکارە پڕ لەئەزمونەکانیش بوار دەرەخسێنێ تاچەندین رێکەوتن ونەخشە دابرێژن لەنێوان خۆیاندا بۆئەنجامدانی تاوانی پڕ مەترسی، ئەم دەستەو گروپانەش لەدوای ئازادکردنیان وتەواوکردنی ماوەی بەندکردنەکەیان چالاکیەکانیان دەست پێدەکەن. ئەمانەو جگەو لە دروست کردنی ڕای گشتی لەناو خۆیاندا دژ بەکارگێڕی بەندیخانەو پەك خستنی کاروبارەکانیان ورەت کردنەوەی ڕێنماییو زۆرجاریش مانگرتن ویاخی بوون.

دووەم: **سیستمی تەنهایی** :

بناغەی ئەم سیستمە بریتیە لەدابرینی تەواوەتی بەندکراوو پچڕاندنی پەیوەندی تاوانبار بە بەندکراوەکانی ترەوە. ئەم گۆشەگیر کردنە بەبەندکردنی تەواوی تاوانبار دەبێت لەشوێن وژورێکی تەنهادا تائەوڕۆژەی ئازاد دەکرێت. بەلأم بەندکراو فەرمانبەرو کارمەندی بەندیخانە دەبینێت و بەمامۆستاو پیاوی ئایینی وکەسانی پەیوەنددار دەگات. هەروەها ڕێگای پێ دەدرێت لەژورەکەیدا ئیشی دەستی بکات وبخوێنێتەوە وبنوسێت، ڕۆژانە جارێك یان دووجار بۆمەبەستی وەرزشکردن بێتە دەرەوە بەمەرجێك لەجێگایەکی دابڕاودا وەرزشەکەی بکات. بەندیخانەی تەنهایی دەبێت

چەندین ژووری بەندکردنی تیادا بێت ولەهەر یەکێکیاندا بەندکراو بواری ئەوەی هەبێت کاری ڕۆژانەی بکات، وەك کارکردن وخواردن وخواردنەوەو خۆشتن وپاك وخاوێنی وگەرماو پێشاو، وتیایدا وانەکانی ئامادەکردن وڕاهێنانەوە وچاککردن وەربگرێت(54).

مێژوی ئەم بەندکردنە دەگەڕێتەوە بۆبنەمایەکی ئاینیو، بۆیەکەم جار لەساڵی 1790دا کەنیسە لەشاری فیلادلیفیا لەویلایەتی پەنسلڤانیا پیادەی دەکرد، بۆیە بەسیستمی (پەنسلڤانی) ناو زەدکراوە، ئەمەش لەسەر ئەوبناغەیەی کەگوایە تاوانبار گوناهێکی کردووە و، بە بەپاکژکردنەوە کەفارەتی گوناهەکەی دەدات، ئەمەش تەنها بەوە دەکرێت کەلەشوێنێکی دابڕاودا بەندبکرێت تابەخۆیدا بچێتەوە تۆببە بکات وبگەڕێتەوە وخوابپەرستێت(55).

ئەم سیستمە لەزۆربەی بەندیخانەکانی پەنسلڤانیا پیادە دەکرا، پاشان لەئەوروپادا: ئینگلتەرە ساڵی 1842، بەلجیکا ساڵی 1844، فەرەنسا 1848، کۆنگرەی فرانکفۆرت ساڵی 1846 و کۆنگرەی برۆکسل ساڵی1847 بڕیارپاندا جێبەجێ بکرێت.

هێنانەکایەی سیستمی تەنهایی وپراکتیزە کردنی، کاردانەوە بوو دژ سیستمی کۆمەڵی وبۆ بەرگرتن لەخراپیەکانی تێکەڵکردنی بەندکراوەکان، زۆربەی زاناکانی سزادانیش پشتگیریان کرد وبەسزایەکی گونجاوی قورسیان دادەنا دژ بەتاوانکارە مەترسیدارەکان، هەروەها بۆگارگێڕی بەندیخانەش هەبوو کەبەتەواوی جیایان بکاتەوە لەیەکتر وهەریەکە مامەڵەی تایبەت بەخۆی لەگەڵدا بکات.

ڕەخنەو کەموکورتیەکانی ئەم سیستمە لەم چەند خاڵەدا کۆدەکرێنەوە:

- تێچوونی زۆرەو دارایی زۆری پێویستە بۆ ڕێکخستنی ژوورە تەنهاییەکان.
- ئامادەکردنی مامۆستاو پیاوانی ئایینی وچاکسازەکان بۆهەریەکێ لەبەندکراوەکان کارێکی قورس وزەحمەتە.
- دژ بەسروشتی مرۆڤایەتی‌یەو دەبێت زیندانی تێکەڵ بەخەڵکی‌تر ببێت ولەگەڵیان بدوێ.
- کاری خراپ دەکاتە سەر لایەنی ژیانی عەقڵی ودەروونی وتوش بوون بە نەخۆشی‌و تەنانەت خۆکوشتنیش یان پەکخستنی کاری چاککردن.
- لە دوای ئازاد کردن توانای تاوانبار بۆگەڕانەوەی بۆناو کۆمەڵگاو ژیانی ئاسایی کەم دەکاتەوەو نایهێڵێت.
- ڕێگرە لەبەردەم ڕێکخستنی کاری نێو بەندیخانە چونکە ڕێکخستن پێویستی بەکۆکردنەوەی بەندکراوەکانە لەشوێنێکدا(56).

سێیەم: سیستمی تێکەڵاو:

ئەم سیستمە کۆکەرەوەی هەردوو سیستمی تەنهایی وکۆمەڵی‌یە و، بۆیەکەم جار لەبەندیخانەی (ئۆبۆرن Auburn) لەویلایەتی نیویورك ساڵی 1821 جێبەجێ کراوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەم وکورتی‌یەکانی هەردوو سیستمەکەی پێشوو، تیایدا بەندکراوەکان لەڕۆژدا بۆکارکردن ووەرزش وپشوودان ونان خواردن ونوێژکردن وفێرکردن تێکەڵ دەکران بەشێوەیەك بێدەنگی تەواو بپارێزن ولەگەڵ یەکتردا ئاخاوتن نەکەن، لەشەویشدا لەیەکتری جیادەکرانەوە، لەبەر ئەوە ئەم سیستمە تێکەڵە ناونرا (سیستمی بێدەنگی)(57).

لایەنــە چاکــەکانی ئــەم سیســتمە لەوەدایــە تێچوونــی کەمــە چونکــە ژوورەکــانی تەنــها بۆمانــەوەی بــەندکراو ئامــادەدەکران وپێویســتیان بــەو کەرەســەو پێداویستیانە نــەبوو کەلــەژوری تەنــهایی دا دەبوایــە هەبونایــە، هــەروەها لــەڕووی کارگێڕیــەوە ئــەوەندە کارمــەندو مامۆســتاو ....تــاد، نەدەویست، ئەمانەو جگەلەوەی ڕێکخستنی کارکردن لەناو بەندیخانە ئاسان بوو، وەبواری بەبەندکراو دەدا تێکەڵ بەکەسانی تر ببێت(58).

بــەلاّم لایــەنی خراپی لــەوەدا بــوو کەزەحمــەت بــوو بێدەنگــی بەســەر زیندانیەکاندا بسەپێنریت وپاسەوانەکان ناچار دەبوون لێدان بەکاربهێنن وکارگێڕی بەندیخانەکەش دەبوایە سەرپێچیکەرانی سزا بدایە. بۆیە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم کێشەیەدا ڕێگاچارە دۆزرایەوە بە کەمکردنەوەی شێوازی سەپاندنی یاساکانی بێدەنگی و، وای لێهات ڕێگا بەزیندانیەکان دەدرا لەکاتی پشوودان ونــان خواردنــدا لەگــەڵ یــەکتردا بدوێــن، تەنانــەت لــەکاتی کارکردنیشدا بەمەرجێك قسەکردن کارنەکاتە سەر ڕەوتی ئیشەکەیان.

چوارەم: سیستمی پلەدار:

لێرەدا ماوەی بەندکردنەکە بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت (3-5 قۆناغ) لەقۆناغی توندوتیژی یان تۆکمەیی دابڕین وتەنهاییــەوە بۆکــەم کردنــەوەو خاوکردنەوەیو، پاشان بۆ زەوتکردنی ئازادی (بەشێوەیەکی پلەدار).

لــەقۆناغی یەکــەمدا: بــەندکراو، سیســتمی تەنــهایی بەشــەوو بــەڕۆژ بەسەردا پراکتــیزە دەکرێت، پاشان تەنها لەشەودا دابــڕاوو تەنــها دەکرێت وبەڕۆژ تێکەڵ بەبەندکراوەکانی تر دەبێت وڕێگای سەردان و چاوپێکەوتنی لێناگیرێت وبۆی هەیە نامە گۆڕینەوە بکات و، دەشتوانێت لەڕۆژدا کاربکات

(لـەدەرەوەی ژورەکـەی خـۆی) وشـەو بگەڕێتـەوە جێگـای خـۆی، لـەدوا قۆناغیشدا سیستمی ئازادکردنی مەرجداری بەسەردا پراکتیزە دەکرێت.

شایـەنی باسـە ئـەم سیسـتمە بۆیەکـەم جـار لەیـەکێ لەدورگـەکانی ئوسـترالیا (نورفولـك) سـاڵی 1840دا(59) جێبـەجێکراوە لەسـەر دەسـتی (ئەلێکسـەندەر مـاکۆنۆچی) هـەر لەبـەر ئەمەیـە پلـەدار بـە (سیسـتمی ماکۆنۆچی) ناودەبرێت وپاشان گوێزرایەوە بۆ ئینگلتەرە وئێرلەندەو دواتـر بە (سیستمی ئیرلەندی ناسرا)(60).

بڕینـی ئـەو قۆناغانـەی ئاماژەمـان بۆکـردن، پەیوەسـتە بـەڕەفتاری زیندانـی و ئـەو نمرەیـەی وەریدەگرێـت، لـەڕێگای نمرەکانیـەوە ئـەوە دەردەکـەوێت تاچـەند بەرنامـەکانی چـاککردن لـەڕەفتارەکانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە ووەریگرتـووە، هـەروەها ئـەم گواسـتنەوەیە لەقۆناغێکـەوە بۆقۆنـاغێکی تـر خـۆی لـەخۆیدا خـەڵاتکردن وپاداشـتە تـاکو بـەندکراو بەخۆیدا بچێتەوەو ڕەفتارەکانی چاك بکات.

ڕەخنەیـەك کەئاراستەی ئـەم سیستمە دەکرێت ئەوەیـە کەقۆناغـەکان بەپێچەوانەشەوە دەگەڕێنەوە بۆسەرەتا، واتا بـەند کراو بـۆ قۆنـاغی پێشـتر دەگەڕێتـەوە ئەگـەر هـاتوو نەیسـەلماند کـە چـاککردن لـەڕەفتارەکانیدا ڕوویـانداوە. هـەروەها لـەقۆناغی یەکەمیشـدا بـەندکردنی تەنـهایی بـەڕۆژو بەشـەو سـزایەکی دڵڕەقانەیـەو هیـچ پاسـاوێك نییـە بۆئـەو دابڕینە یەکجاریە.

پێنجەم: (**سیستمی چاککردن**)

بۆیەکەم جار لەشاری نیویورك لەدەزگای چاککردنی ئەلمێرا سالی 1876 جێبەجێ کراوە، بەسەر ئەوکەسانەدا کەتەمەنیان دەکەوتە نێوان 16-30 سالیەوە. لەم سیستمەدا سێپلە هەبووە بەم شێوەیە:

لەسەرەتادا کاتێك بەندکراو دەخرایەوە زیندانەوە لەپلەی دووەمدا دادەنرا، لەدوای شەش مانگ ئەگەر بیسەلماندایە ڕەفتاری خۆی چاککردووە ئەوا دەگوێزرایەوە بۆپلەی یەکەم، خۆئەگەر دەربکەوتایە ڕەفتاری خراپتر بووە ئەوا ئەخرایە پلەی سێیەمەوە، ئەوکەسەی دەخرایەوە پلەی یەکەمەوە لەدوای شەش مانگ بەسود وەرگرتن لەسیستمی (ئازادکردنی مەرجدار) لەبەندیخانە ئازاد دەکرا. ئەوکەسەی دەخرایە پلەی سێیەمەوە لەوێدا دەمایەوە تاکو ڕەفتاری خۆی چاك دەکرد وئینجا بەپلەکانی تردا تێدەپەڕی.

لەم سیستمەدا گرنگی‌یەکی گەورە ئاراستەی فێرکردن وکاری بەرهەمدار دەکرا، بەهۆی نیشانەکانی چاککردنەوە ئازادی دەگەڕێنرایەوە بۆ بەندکراو، ماوەیەکی دیاری کراو نەبوو بۆ حوکمدان وئازادکردنی مەرجدار. لەتەواوی بەندیخانەکانی ئەمەریکادا ئەم سیستمە سالی 1876 پیادەکراوە هەروەها لەئەوروپاش هەمان ڕێوشوێن پیادەدەکرا. ئەم سیستمە ناکۆکی ومەودای نێوان بۆچونی سزادان وبۆچوونی چاککردنی گەورەتر کردەوە(61).

ڕەفتارو مامەڵەکردنی سزایی

مەبەست لەمامەڵە کردنی سزایییانە بریتییە لەچۆنیـەتی ڕەفتـارکردن لەگەڵ بەندکراوەکاندا لەنێو زیندان یان لەدەرەوەیدا، بۆئەوەی سـەر لـەنوێ بۆ ژیانی کۆمەلآیەتی ڕابهێنرێتەوە.

ئــەم مەســەلەیە لەیەکــەمین گۆنگــرەی نێونەتــەوەیی کەنەتــەوە یـەکگرتووەکان لـەجنێف لەساڵی 1955دا بەسـتی بـۆ قـەلآچۆکردنی تـاوان ومامەڵـەکردن لەگـەڵ گوناهبــاراندا، وروژێـنراو باسـی لێوەکـرا، لـەکۆتایی کۆنگرەکـەدا بەیاننامەیـەکیان دەرکـرد کەلـە (94) بنـەماو پرانسـیپ پێـك هــاتبوو بـــەناوی (بنـــەماکانی لانـــی کـــەمی مامەڵـــە کـــردن لەگـــەڵ بەندکراوەکاندا)وداوا لەهەموو وولآتانی دنیاکرا ڕەزامـەندی لەسـەر بنوێنـن وهـەموویان وەلآمـی داواکارییەکـەیان دایـەوە وکـرا بەڕێبـەرێك بۆسیسـتمی چاککردن لەنێو بەندیخانەدا (بـەپێی ڕەوشـی یاسایی هەردەوڵـەتێك وبـاری ئابوورییەکـەی)(62). مامەڵـەکردنی سـزایی بەهاتنــە دەرەوەی بــەندکراو لەبەندیخانە کۆتایی نایەت بەڵکو بۆدواتریش لـەدەرەوەی بەندیخانـە درێـژە دەکێشێت بەمەبەستی بـەدوادا چونـی بەرنامـەی چاککردن وڕاهێنانــەوەی ویارمەتی دانی لەڕووی مادیو سایکۆلۆژی یەوە.

مامەڵە کردن لەناو دامەزراوە سزاییەکاندا

هــەروەك ئاشــکرایە جێبــەجێکردنی ســزا هــەردەم لەدامــەزراوە سـزاییەکاندا ئـەنجام دەدرێـت، بۆیـە بەچـەمکی نـوێی زانسـتی سـزادان لــەڕووی کۆمەلآیەتییــەوە ئــەبێ ئەومامەڵــە کردنــە لەســەر بناغــەی

پاكژكردنەوەو چارەسەر كردن وڕاهێنانەوەی بەندكراو بێت. لێرەدا ئاماژە بۆبەشەكانی ئەم مامەڵەكردنە دەكەین لەناو دامەزراوە سزاییەكاندا:

یەكەم: پشكنین:

پشكنین ڕێوشوێنێكە لەسەرەتای قۆناغەكانی جێبەجێكردنی سزادا پیادە دەكرێت، كارێكی تەكنیكییە و پسپۆڕی پزیشكیو دەروونی وكۆمەڵایەتی پێیهەڵدەستن. بەم شێوانە:

1- پشكنینی بایولۆژی: بریتییە لەپشكنینی پزیشكی گشتی بۆناسینی جەستەی بەند كراو، وتوانای جەستەیی وماسولكەییو، ڕادەی لەش ساغی ونەخۆشیەكانیو، جۆری نەخۆشییەكانیو، دیاری كردنی ڕێگاكانی چارەسەركردنی.

2- پشكنینی عەقڵی: بریتییە لەپشكنینی پزیشكی عەقڵی بۆ دەستنیشانكردنی حاڵەتی عەقڵی ودەماری (العصبی) بەندكراو، بۆدیاری كردنی نەخۆشی عەقڵی لەڕوی جۆرو پلەوە، هەروەها بۆ دیاریكردنی شێوازەكانی چارەسەر كردنی.

3- پشكنینی سایكۆلۆژی: بریتییە لە پشكنینی پزیشكی دەروونی بۆدیاری كردنی پلەی زیرەكی تاوانبار وحاڵەتی دەروونییەكەیو، نەخۆشیو گرێ دەروونییەكانی، هەروەها بۆچارەسەر كردنی پێویست.

4- پشكنینی كۆمەڵایەتی: بریتییە لەلێكۆڵینەوەی ژینگەی كۆمەڵایەتی بەندكراو: ژینگەی خێزانی، پەیوەندی بەژن (یان مێرد) و بەمنداڵ وهاوڕێو هاوكارەوەو، پیشەو پلەو ئاستی خوێندن و ئاستی ڕۆشنبیری، ئەم لێكۆڵینەوەیە درێژە دەكێشێ بۆ ڕابردووی بەندكراو (ژیانی خوێندنگاو شوێنی ئیشكردنی).

- پشکنینی ئەزموونی: ئەم لێکۆڵینەوەیە کارگێڕی بەندیخانە ناوبەناو بەسەر ڕەفتاری بەندکراوەکانیدا دەیکات بۆ دەستنیشانکردنی هەڵوێستی بەندکراو لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکەو ڕادەی هاوکاری کردنی لەگەڵیانداو پەیوەندی بەبەندکراوەکانی ترەوە، کاردانەوەی بەرامبەر بە سیستەمی تەنهایی وکۆکردنەوە وتێکەلاو، دیاریکردنی ڕادەی جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکان یان بەرنامەکانی چاککردن(63).

دووەم: پۆلێن کردن:

پۆلێن کردن بریتییە لەدابەشکردنی بەندکراوەکان بۆ چەند دەستەیەکی لەیەکچووی هاوشێوە لەڕووی ڕەگەزو تەمەن وجۆری تاوان وجۆری سزاو ماوەی سزاو حاڵەتەکانی جەستەو دەروون وعەقڵ و حاڵەتی کۆمەلایەتیو وئەگەری ڕاهێنانەوە. پۆلێن کردن ڕاستەوخۆ لەپاش پشکنینەوە دێت وپشت بەو دەرئەنجامانە دەبەستێت کەلە پشکنینەکانەوە دەکەونەوە(64).

پۆلێن کردن بەشێوازێکی بەرچاوی تاکێتی سزا دادەنرێت، چونکە دوای دابەش کردنی بەندکراوەکان، بۆهەر دەستەو گرۆپێك ڕەفتارو مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵیاندا دەکرێت کەبگونجێت لەگەڵ باروزروف وکەسێتی تاکەکاندا(65).

پۆلێن کردن دوو جۆرە:

- ئاسۆیی: بریتییە لەدابەشکردنی بەنکراوەکان بەسەر دامەزراوە سزایی جۆربەجۆرەکاندا بەپێی پسپۆڕی وتایبەتمەندێتی هەردامەزراوێك وگونجان لەگەڵیدا.

- ستونی: بریتی‌یە لەدابەشکردنی بەندکراوەکان لەنێو یەك دامەزراوی سزاییدا بەسەر چەند دەستەو گرۆپێکدا.

سێیەم: فێرکردن وپاکژکردنەوە:

لەپرۆسەی ڕاهێنانەوەدا فێرکردن وپاکژکردنەوە بەدووڕەگەزی سەرەکی دادەنرێن، چونکە بەهۆیانەوە چەندین سوودو کەڵك پێشکەش بەبەندکراو دەکرێن، لەوانە: ڕزگارکردنیان لەنەزانین ونەخوێندەواریو بەرزکردنەوەی ئاستی هزرو ڕۆشنبیرییان و، تواناکانی مێشکیان پێدەگات وگەشەدەکات وبواری کارکردنیان بۆ باشتر دەکات، هەروەها گەشە بەباوەڕی ئاکاریو بەها جوانەکانیان دەدات ولەناخیاندا بڕواو متمانە کردن بەخودو تواناکانیان زیاتر دەبێت وئەتوانن بەشێوەیەکی دروست ڕەفتار بکەن وچارەسەری کێشەکانیان بکەن بەبێ ئەوەی ڕێگای تاوانکردن بگرنەوەبەر(66).

بوارەکانی فێرکردن:-

پرۆسەی فێرکردن لەدامەزراوە سزایی‌یەکاندا سێ شێواز بەخۆوە دەبینێت کەبریتین لە:-

1- فێرکردنی گشتی: مەبەست لەو فێرکردنە ڕێکخراوو ڕێکو پێکەیە کەلەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام ئەدرێت بەمەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری وپێدانی زانست وزانیاری پێویست لەسێ قۆناغەکەی خوێندندا: سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندی. لەزانستی سزای نوێدا بەلای کەمەوە دەبێت خوێندنی سەرەتایی زەرور بێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریو دەبێت بەزۆر بێت (تەوزیمی) هەروەها لەحاڵەتی بەندکردنی ماوەدرێژدا دەبێت بەندکراو بەردەوام بێت سەر خوێندن

وقۆناغی ناوەندیو دواناوەندیش تەواو بکات. لەسیستمی سزای فەرەنسیدا ئەگەر بەندکراو بڕوانامەی دواناوەندی بەدەست هێنا ئەوا دەتوانێت زانکۆش بخوێنێت وبواری بۆ بڕەخسێنرێت بۆ هێنانەدی ئەو حەزو هیوایەی. شایانی باسە خوێندنی قۆناغی سەرەتایی وسانەوەی دەبێت هاوشانی ئەو پرۆگرام وخوێندنە بێت کەلە خوێندنگە ئاسایییەکانی تری دەوڵەتدا پەیڕەو دەکرێن(67)، (68).

2- فێرکردنی هونەری (پیشەیی): ئەو خوێندنەیە کەتیایدا بەنکراو فێری کارو پیشەیەك دەکرێت وەك ئاسنگەریو دارتاشیو بەرگدوورین وقژبڕین. ئەمڕۆ لەزانستی سزادا گرنگیو بایەخێکی تەواو بەم جۆرە خوێندنە دەدرێت بۆ ئامادەکردنی بەندکراو بۆ ژیانی پراکتیکی لەکۆمەڵگادا و، تاکو بتوانێت لەدژی بێکاری و مەترسییەکانی بوەستێت وخاوەنی پیشەیەك بێت بۆ بژێوی خۆیو خێزانەکەی(69).

3- چالاکی ڕۆشنبیری ووەرزشیو هونەری: هاوشانی خوێندنی گشتیو پیشەیی و، بۆکاملْ کردنی پرۆسەی خوێندن چەندین وانەو محازەرە بەزیندانی دەدرێت وکتێبخانەیان بۆدرست دەکرێت و کتێب وسەرچاوە لە: ئەدەب ومێژوو وکۆمەڵناسیو دەروونزانیو یاسا وئاکارو .. تاد، دەستەنەر دەکرێت سەرەڕای دابەشکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار وبلاْوکراوە ڕۆشنبیرییەکان بەسەر زیندانییەکاندا. هەروەها دەبێت گرنگی بەچالاکی وەرزشیش بدرێت ومەشق وڕاهێنانیان پێبکرێت وتیپی وەرزشییان لێ دروست بکرێت (تۆپیپێ، باسکە، تۆپی سەرمێز، بالە). چالاکی هونەریش نیگارکێشان وپەیکەرتاشین ومۆسیقا.....تاد دەگرێتەوە.

بوارەكانی پاكژكردنەوە:

1- بواری ئایینی: لێرەدا زیندانی فێری بنەماو یاساكانی ئایینی رەسمی خۆی دەكرێت، سەبارەت بەپەیوەندی مرۆڤ بەیەزدان وبنەماكانی ڕاستگۆیی وخۆشەویستی وئاسایش وئاشتیو، هانبدرێت بۆ پیادەكردنی سروتە ئایینی‌یەكان. ئەم كارەش مامۆستاو زانایانی ئایینی پێیهەڵدەستن ودەبێت ئەو مامۆستایانە سەرەڕای شارەزاییان لەبواری ئایینداا زانیاریشیان لەیاساو مەبەستەكانی جیّبەجیّكردنی سزاكاندا هەبێت وهەل ومەرجی تاوانكردن بزانن ولەبارەی كۆمەڵناسیو دەروونزانیشەوە وەكو پێویست زانیاریان هەبێت، شایانی باسە كارگێڕی بەندیخانە بۆی نیە ئایینێكی دیاریكراو بەزۆر بەسەر بەندكراوەكاندا پسەپێنێت كەئایینی ڕاستەقینەی بەندكراوەكە نەبێت وهەروەها شوێنی تایبەتی بۆمەبەستی ئەنجامدانی سروتە ئایینی‌یەكان دابمەزرێنێت(70). لەهەندێ دامەزراوی سزایی‌دا مەسەلەی پاكژكردنەوەی ئایینی وەك بەرنامەی ڕاهێنانەوە پەیڕەو ناكرێت چونكە پێیان وایە دژ بەئازادیو بیروباوەڕی مرۆڤە.

2- پاكژ كردنەوەی ئاكاری: بریتی‌یە لەپرۆسەی چاندنەوەی بەها ئاكارییەكان لەناخی زیندانی‌دا وگەشەپێدانی گیانی هاوكاری وهەرەوەزی، هەروەها فێری بنەماكانی ڕاستگۆیی ودەستپاكیو خۆشەویستی دەكرێن بۆ پاراستنی پایەكانی كۆمەڵگا. ئەم كارەش هەردەم پسپۆرانی كۆمەڵناسی ودەروونزانی پیّ هەڵدەستن لەرێی وانەو محازەرەو كۆڕو كۆبوونەوە كردن بەزیندانی‌یەكان، یان بەشێوەی تاكایەتی(71)، (72).

چوارەم: کارکردن:

کـارکردن لەبەندیخانــەکاندا گرنگــترین شــێوازی مامەڵــەکردنی ســزایە کەئـەمڕۆ لەپرۆسـەی ڕاهێنانـەوەدا پـەنای بۆدەبرێـت و، لەوکاتـەوەی کـاری پێدەکرێت وپەیوەست کراوە بەسزای زەوتکردنی ئازادیـیـەوە بـەڵام ئـەمڕۆ جۆرو وئامانجەکانی جیاوازن لەوەی جـاران، لەپێشـدا کەرەسـەیەك بـووە بـۆ ئەشکەنجەو ئـازاردان و، بــەندکراو قورســترین وســەخترین کـاری پێکــراوە یاخود ڕەوانەی (ناوچە داگیرکراوەکان) کراوە، بەڵام ئێستا لەچەمکی نوێی ســزاداندا ئــەو بیرۆکەیــە نــەماوەو کــراوە بەشــێوازێك بۆســەر لــەنوێ ڕاهێنانەوەی بەندکراو(73).

مەبەستەکانی کارکردن:

گەرچی بەپێی بەرنامەو پرۆگرامـی دامـەزراوە سـزاییەکان مەبەسـتی کارکردن دەگۆڕێت ومەرامی جیاواز بــەخۆوە دەگرێت، لێرەدا بەشـێوەیەکی گشـتی ئامـاژە بـۆ چوار لـەو مەبەســتانە دەکــەین کــەبریتین لــە: ســزادان، ڕاهێنانەوە، کارگێڕی وبەرهەم هێنان.

أ- کارپێکردن وەك سزادانی بەندکراو:

هـەتا ئـەمڕۆش لەزۆربـەی یاساکانی وڵاتـانی جیـهاندا کـارکردن بەسـزا هـەژمار دەکرێت وپەیوەسـتە بەسـزای زەوتکردنـی ئازادیـیەوە وەك: سـزای کـاری قـورس وسـەخت، یـان بـەندکردن لەگـەڵ کـارپێکردندا، لـەنێو ئـەو یاسایانەدا کەبە سزای دادەنێن یاسای میصری (مادەی 14 ی یاسـای سـزاکان) سوریا (مادەی 45 ی یاسای سزاکان)(74).

ب- كاركردن وەك ڕاهێنانەوە بەندكراو:

ئـەمڕۆ زانسـتی سـزاكان لەپرۆسـەی ڕاهێنانـەوەدا جـەخت لەسـەر ڕۆڵـی كـاركردن دەكاتـەوە، چونكـە چـەندین بەرئـەنجامی گرنگـی لیٚ دەكەوێتـەوە لەوانەش:-

1- كـاركردن مەشـق پیٚكـردن وڕاهێنـانی بـەنكراوە لەسـەر پیشـەیەكی دیـاری كـراو كەلەگـەڵ حـەزو ئـارەزوویدا بگونجێـت ویارمـەتی بـدات بـۆ دابینكردنی گوزەران وبژێوی لەدوای ئازاد بوونی‌یەوە. ئینجـا بۆئـەوەی ئـەم ئەنجامـە بەباشـترین شـێوە بـەدی بـهێنرێت پێویسـتە لەبەندیخانـەدا لیژنەیـەكی تـەكنیكی وكـارگێڕی بۆئـەو مەبەسـتە پێكبـهێنرێت بـۆ دەستنیشـانكردنی ئـەو كـارەی لەگـەڵ بەندكراوەكەدا دەگونجێـت، لێرەشـدا كارەكـان هەمـەجۆر دەكرێـن بۆئـەوەی دەرفـەتی گونجـاو بـۆ هەریـەكێكیان بڕەخسـێنرێت، جگـە لەجـەخت كردنـەوە لەسـەر بەرهـەمداری كارەكـە بەشێوەیەك وەك ئەو كارانەبێت لەكۆمەڵگای دەرەوەی بەندیخانەدا بوونیـان هەیەو تا كەسەكە لەدوای ئازادكردن كاری گونجاو بۆخۆی بدۆزێتەوە.

2- كـاركردن بـەندكراو دوردەخاتـەوە لـەوەی ببێـت بـەنێچیری بێكـاریو دەرهاویشتەكانی (وەك نەخۆشی جەستەیی وپەشێوی دەروونی).

3- كـاركردن بـڕواو متانـە لـەناخی بەندكراوەكـەدا دەچێنێتـەوە ووای لێدەكـات هەسـت بكـات ئـەندامێكی بەكـەڵك وكرێكارێكـە لـەدەزگا كۆمەلاًیەتی‌یەكاندا.

4- ئەشێت ئـەو كـارەی بـەندكراو دەیكـات ببێتـە سـەرچاوەیەكی مـاددی بۆدابینكردنـی بژێـوی خـۆی وخێزانەكـەی و، خۆئەگـەر كـرێی كارەكەشـی پاشەكەوت بكات ئەوا دەتوانێت خەرجی‌یەكانی دوای ئازاد بوونی پێیٚدابـین بكات(75).

ج- پاراستنی سیستم:

زاناكانی سزادانان پێیان وایە كاركردنی بەندكراو بەشداریكردنێكە لەپاراستنی سیستم وئاسایشی نێو دامەزراوە سزاییەكان، چونكە كاتی بێئیشی درێژخایەن پاڵ بە بەندكراوەوە دەنێ وهانی دەدات بۆبیركردنەوە لەبارو ڕەوشی خۆی وئەو نائازادییەی كەتیایدا دەژی، ئەشێت ئەو یاسایانەی لەناو بەندیخانەدا جێبەجێ دەكرێن یاخود هەڵوێستی سەرپەرشتیارو دەرگاوان (سجان) گیانی تۆڵەو ڕق وكینەو توڕەبوون لەناخیدا بچێنن ودواتریش ڕووبكەنە ئاژاوە نانەوە ویاخی بوون وسەرپێچی كردن بەتایبەتی لەوكاتانەدا كەهاوكارەكانیان هەمان هەست ووەڵام دانەوەیان هەبێت(76).

د- بەرهەم:

كاركردن لەناو بەندیخانەدا كەرەسەیەكە بۆ بەرهەم هێنان وهاوبەشیكردن لەبنیای ئابوری نەتەوەیی دا كەدەشێت بڕێك قورسایی دارایی لەئەستۆی دەوڵەت دوربخاتەوە، ئەویش بەداپۆشینی خەرجییەكانی بەندیخانە جگە لەدەستكەوتنی قازانج. ئاشكرایە گرنگترین عەیبی بەندیخانە لەوەدایە خەرجییەكانی گەورەیە بۆ بودجەی دەوڵەت، سەرباری بێكاربوونی ژمارەیەكی گەورە لە هاووڵاتییان كەبێ بەرهەمن ولەبەندیخانەدان، كاركردنی بەندكراو بۆخۆی چارەسەری ئەم عەیبە دەكات(77)، (78).

پێنجەم: چاودێری تەندروستی:-

چاودێری تەندروستی لەناو بەندیخانەدا پێویستی‌یەكی زەروری‌یە لە پرۆسەی ڕاهێنانەوەدا چونكە چارەسەركردنی نەخۆشی‌یە جەستەیی‌و عەقڵی‌و دەروونی‌یەكان وسەرپەرشتی كردنی باری تەندروستی، هەردوكیان بەشداری دەكەن لەئامادەكردنی بەندكراودا بۆ قبوڵ كردنی پەیڕەوو بەرنامەی بەندیخانەو كارلێك كردن لەگەڵیدا، هەروەها بۆفێربوون وپاكژكردنەوە وكاركردن، ئەمانەو جگە لەوەی بەندكراو وای لێدێت هەست بەوە بكات وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت وبڕواو متمانەی بەخۆی وكۆمەڵگاكەی بۆ دەگەڕێتەوە شێوازەكانی چاودێری تەندروستی بەسێ شێوە دەكرێت: خۆپاراستن، چارەسەركردن وخواردەمەنی(79).

1- خۆپاراستن:

یەكەمین مەرجی خۆپاراستن لەنەخۆشی خۆی لەبینایەی بەندیخانەدا دەبینێتەوە كەبەشێوەیەكی هونەری‌و ئەندازەیی دروست بكرێت وشوێنەكانی نوستن وكاركردن و هەوا گۆڕی تیادا گونجاو بێت وتیشكی خۆر بچێتە هۆڵەكانەوە وهەواكەی ناوی بگۆڕێ وگەرماو ئاودەستخانەكانی مەرجی تەندروستی‌یان تیا ڕەچاو بكرێت(80). دەبێ هەموو شوێنێكی ناو بەندیخانە كە بەندكراو تێدەكرێت ئەم دوومەرجەی تیادا بێت:

أ- پەنجەرەكان گەورەو فراوان بن تا ڕوناكی تەواو بێتە ژورەوە وبواری خوێندنەوە بدات وهەوای پاكیش گوزەر بكات یان هەوا گۆڕی تیادا دابنرێت.

ب-پێویستە ڕوناکی دەستکرد (گڵۆپ) وەك پێویست دابمەزرێ وئەوەندە تیشك بدات کە ڕێگا بەخوێندنەوە وکارکردن بدات وزیان لەچاوو توانای بینین نەدات.

هەروەها لەپرۆسەی خۆپاراستندا دەبێت چاودێری تەندروستی ورد بەسەر بەندکراوەکاندا بسەپێنرێت وپشکنینی پزیشکی بەردەوامیان بۆ بکرێ ونەخۆشەکان بەزوترین کات ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێن دوربخرێنەوە. جگە لەڕاگرتنی پاك وخاوێنی جل وبەرگ وپێخەف وجەستە، سەبارەت بەجل وبەرگ پێویستە هەموو بەندیەکان یەك بەرگی چون یەك بپۆشن ونابێت بەرگی تایبەتی وجیاجیا لەبەر بکەن، ودەبێت بەپێی کەش وهەوا (سەرماو گەرما) جل وبەرگیان بدرێتێ وناوبەناو بشۆرێن، وپێویستە هەر بەندکراوێك جێگاو پێخەفی سەربەخۆی هەبێ وپاك وخاوێن ڕابگرێ ولەسەر پاك وخاوێنی جێگەکەی لێ بپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت(81)، (82).

2- چارەسەرکردن:

چارەسەرکردنی نەخۆشی بەندکراو مافێکی ڕەوای خۆیەتی چونکە:

أ- ئازاد نیە سەردانی دکتۆری تایبەتمەند بکات.

ب- وەك هەرمرۆڤێکی تر مافی تەندروستی جەستەو عەقڵ ودەروونی هەیە(83).

چارەسەرکردن پێویستە بەخۆڕایی بێت ولەئەستۆی دەوڵەتدا بێت لەبەرئەوەی بەشێکە لەپرۆسەی ڕاهێنانەوەو، دووەم لەبەر باری ئابوری نزمی بەندکراو کەتوانای دانی خەرجی چارەسەرکردنی نیە. چارەسەرکردنی نەخۆشی پێویستی بەوەیە نەخۆشخانە لەنێو زینداندا

بكرێتــەوە ولەپزێشـكێك زیـاتری تێــدا بێــت (بەبــەردەوامی) ســەرەڕای دەستەبەر كردنی دەرمان وپێداویستی‌یە پزیشكی‌یەكان(84).

3- خواردەمەنی:

پێدانــی خواردەمــەنی بەبــەندكراوەكان مــافی خۆیانــە ولەئەســتۆی دەوڵەتدایەو، كارگێڕی زیندان پێی هەڵدەستێت، خواردنــی گونجـاو لـەڕووی چــەندێتی‌و چۆنیەتی‌یــەوە، خۆئەگــەر بــاری تەندروســتی بــەندكراوێكی نەخۆش پێویستی بەخۆراكی تایبەتی هەبێت پێویستە كارگێڕی بەندیخانــە بۆی ئامادە بكات (85).

دەبێـت لێپرسـراوانی ئـەم كـارە پەیوەسـت بـن بـەپاكو خـاوێنی خـۆراك وقـاپ وكەرەسـەكانی خواردنـەوە وهــەروەها لــەكاتی گونجـاودا لەشـوێنێكی تایبـەتدا (چێشـتخانەی زینـدان) بییـاندرێتێ ئەگـەر بگونجێــت، وپێویســتە ئاوی پاكی خواردنەوەیان بۆ فەراهەم بكرێت(86).

شەشەم: چاودێری كۆمەڵایەتی:

مەبەست لەچاودێری كۆمەڵایەتی، یارمەتی دانــی بـەندكراوە بـۆ ڕاهـاتن لەگــەڵ ژیــانی نــاو بەندیخانــەداو، بتوانێــت بەســەر كێشــە شەخســی‌و خێزانیـەكانیدا زاڵ بێــت و، كـاربكرێت بـۆ درێــژەدان بەپەیوەندی‌یــەكانی بەكۆمـەڵگاوە، چونكە گواستنەوە بۆكەش وهەوای بەندیخانـە كودەتایـەكی گـەورەو تـەواوە لـەژیانیدا، بەتایبــەتی ڕۆژەكـانی یەكـەم تـەواو زەحمــەت ودژوارن وپــڕن لەپەشـێوی‌و دڵـەڕاوكێ وئەشـكەنجەی دەروونــی، ئــەوەش كـەزیاتر ژیـان وكێشـەكانی سـەختر دەكات بوونـی ژن ومنداڵـە، یـان بوونــی نەخۆش وكەم ئەندام ئەوكەسانەیە لەماڵدا بەجێی هێشتوون و پێویستیان بەمـە، یــاخود كـارە بازرگانیەكەیـە كەئــەم بەرسـێوەی دەبـات، یـان ئـەو

کێشـانەیە کەئـەم بەچارەسـەرنەکراوی بـەجێی هێشـتوون. زۆربـەی ئامارەکـانی ئـەم بـوارە دەریانخسـتووە حاڵەتـەکانی خۆکوشـتن لـەنێو بەندیخانـەدا لەسـەرەتای سـزاداندا ڕوودەدەن بـەهۆی دارِمـانی دەروونـی ونـائومێد بوونـی قـورس وتوندوتیـژەوە چونکـە بـەندکراو هیـچ هیوایـەکی بـەئاییندە نـامێنێ ولەدەسـتی دەدات، بۆیـە هاوکـاری کـردن وپشـتگیری بەندکراو ودڵدانەوەی لەڕۆژەکانی یەکەمی بەندکراودا، بەشـداریەکی گـەورە دەکەن لەسەرخستنی بەرنامەکانی ڕاهێنانەوەدا(87).

شێوازەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی:-

1- توێژینەوەی باری کۆمەڵایەتی بەندکراو:

ئەم توێژینەوەیە بارو زروفی کۆمەڵایەتی وئابوری بەندکراو دەگرێتەوە لەسـەرەتای لـەدایك بوونیـەوە تائـەو کاتـەی خراوەتـە بەندیخانـەوە، ئەمـە پێویسـتی بەگرتنەبـەری چـەندین ڕێوشـوێن هەیـە وەك: چاوپێکـەوتن لەگەڵیدا بەشێوەی تەنهایی لەکەشێکی هێمـن وئـارامدا، پاشـان سـازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزان وهاوکارو مامۆستاکانی قۆناغەکانی خوێندنیـدا، هـەروەها چاوخشـاندن بەدۆسـیەی کەسـێتیدا (لێکۆڵینـەوە قەزائیـیـەکان وکارگێرییـەکان و، بەڵگەنامـەی تایبـەت بـەخێزان و کاروپیشـەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وچالاکیو پێشـینە قەزائیـیەکانی، جگـە لـە لێکۆڵینـەوەی نـوێ بـۆ دۆزینـەوەی لایەنـە شـاراوەکانی ڕابـردووی کەسـێتی. سـەرباری لێکۆڵینـەوە لەکێشـە خـێزانیو پیشـەیی وئـەو بـارە ئابورییـە کەبەسەریدا دێت لەوکاتەوەی خراوەتە بەندیخانەوە(88).

ئەم توێژینەوانەش پسپۆری کۆمەڵناسی پێی هەڵدەستێت بـەهاوکاری پسپۆرانی تـرو ڕاوێـژ پێکردنیـان، یەکـەمین ئـەرکی پسـپۆری کۆمەڵایـەتی

زامنكردنی بڕوای بەندكراوە بەقبوڵ كردنی ژیانی نوێی لەبەندیخانەدا، هەروەها بەرزكردنەوەی مۆراڵی (معنويات)، دورخستنەوەی ترس ودودڵی لێی‌و، یارمەتی دانی بۆ چارەسەركردنی كێشە هەمەجۆرەكانی بەتایبەتی كێشەی ئابوری وخێزانی دەرەوەی زیندان، هەروەها ئەركی پسپۆری كۆمەڵایەتی‌یە بەدوادا چوونی هەبێت بۆ پەیوەندیەكانی بەبەندكراوەكانی ترەوەو، ئەو گۆڕانكاری‌یە كتوپڕیانەی ڕوودەدەن، لەگەڵ هاوكاری كردنی لیژنە تایبەتمەندەكان بۆ دارشتنی پەیڕەو وپرۆگرامی سەرلەنوێ ڕاهێنانەوە یان گۆڕینی ئەو پرۆگرامە ئەگەر پێویست بكات.

2- ڕێكخستنی كاتەكانی بێئیشی:

كاتی بێئیشی بەمەترسیدارترین كێشەی بەندكراو دادەنرێت بۆیە لەنێو ڕەگەزەكانی ڕاهێنانەوەدا گرنگترینیانە، ئەبێ ئەوكاتانە بەچالاكی ڕۆشنبیری وهونەری ووەرزشی‌یەوە.... بەسەر ببرێت، لێرەدا ڕۆڵی توێژەری كۆمەڵایەتی یارمەتی دانی بەندكراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو چالاكی‌یەی لەگەڵ حەزو هیواو ئارەزوەكانی بەندكراودا دەگونجێت.

3- ڕێكخستنی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە:

دەبێت بەندكراو پەیوەندی نەپچڕێت بەجیهانی دەرەوەی زیندان، ئەم مەرجەش لەبەر دووهۆ لەپرۆگرامی ڕاهێنانەوەدا دانراوە:

أ- بەردەوام بوونی پەیوەندی بەندكراو بەخێزانەكەیەوە، ئەوهەستەی تیادا دروست دەكات كەهێشتا هەر ئەندامە تیایدا وئاگای لەكاروباریانە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەڕووی دەروونی‌یەوە ئاسودەی دەكات.

ب- لەبەر ئەوەی ڕۆژێك دادێت بەندكراو دەگەڕێتەوە بۆنێو ژیانی كۆمەڵایەتی ئاسایی، بۆیە دەبێت بۆئەو گەڕانەوەیە ئامادە بكرێت ئەویش

لـەڕێی پتـەوکردنی پەیوەندیـەکانی بـەدەرەوەی بەندیخانــەوە، بۆئــەو مەبەســتەش دەبێــت چاوپێکــەوتنی لەگــەڵ خــێزان وهاوڕێکــانیدا بــۆ سازبکرێت، ڕێگای بدرێ ئاڵوگۆڕی نامە بکـات یـاخود لـەڕێی سازدانی یـاری کردنی وەرزشی‌یەوە، (تیپی وەرزشی بەندیخانـە لەگەڵ تیپـە وەرزشـیەکانی دەرەوەدا)، هەروەها ئاهەنگ ودرامـاو چالاکی هونـەری سـاز بدرێت وتیـایدا کەسانی دەرەوەی بەندیخانە بەشداری بکەن.

هــەروەها لەهــەندێ بەندیخانــەدا ڕێگــا دەدرێــت بــەندکراوەکان لەکارەساتەکانی وەك لافاو وجەنگ وبومەلەرزە.... کاری فریاگوزاری ئـەنجام بـدەن. یـاخود لـەڕێی پێدانـی مۆڵـەت بـۆ ڕۆژێـك یـان دوو ڕۆژ تابـەندکراو بێتە دەرەوەی زیندان لەکاتی جەژندا یـاخود نەخۆشـی وهاوبەشـی کردنـی لەپرسەی کەسێکی پلە یەکی‌دا(89).

مامەڵە كردن لەدەرەوەی دامەزراوە سزایییەكان

مەسەلەی سزادان ومامەڵەكردنی بەندكراو بەگشت شێوازەكانییەوە تەنها لەناو دامەزراوە سزایییەكاندا تەواو نابێت وكۆتایی نایەت، بەڵكو چەندین شێوەی ئەو مامەڵە كردنە لەدەرەوەی دامەزراوەكاندا ئەنجام دەدرێت. پراكتیزە كردنی شێوازەكانی مامەڵەی سزایی لەدەرەوەی دامەزراوەكاندا، بەسەر كەسی بەندكراودا لەدوو حاڵەتدا دەكرێت وئەنجام دەدرێت:

یەكەم: بەبێ جێبەجێ كردنی سزادان، لەم حاڵەتەدا بەندكراو پێویست ناكات بخرێتە نێو بەندیخانەوەو، مامەڵەكردنەكە لەدەرەوەی بەندیخانەدا پرۆسەی چاككردن بەئەنجام دەگەیەنێت، نموونەی ئەم جۆرە مامەڵە كردنەش (هەڵپەساردنی سزاو تاقیكردنەوە) یە.

دووەم: لەدوای جێبەجێكردنی بەشێك یان هەموو سزاكەوە دێت، واتا دوای ئەوەی بەندكراو لەدامەزراوە سزایییەكە دێتە دەرەوە، مەبەست لەمەش تەواوكردنی بەرنامەی چاككردن ودوبارە ڕاهێنانەوەی بەندكراو یان تاوانبارەكەیە، نموونەی ئەم حاڵەتەش پارۆڵ وئازادكردنی مەرجدارو بەدوادا چوونی چاودێریكردن (الرعایە اللاحقە: چاودێری كردن لەئاییندەدا).

بەشی یەکەم: هەڵپەساردنی سزای سەپێنراو:

بریتییە لەهەڵپەساردنی جێبەجێکردنی سزا لەهەلو مەرجێکی دیاریکراودا کەقانون خۆی دەست نیشانی دەکات. ئەمەش یەکێکە لەشێوازەکانی مامەڵەکردنی سزایی ودادگا بۆسزا ماوە کورتەکان پەنای بۆ دەبات، بۆئەوەی حوکمدراو تێکەڵ بەژینگەی گەندەڵ وخراپی بەندیخانە نەکرێت، ئەگەر دادگا باروزروف وپێکهاتەی کەسێتی بەندکراوەکەی ڕەچاوکرد، ئەودەمە ئەم ڕێوشوێنە دەگیرێتەبەر، تەنها هەڕەشەی جێبەجێکردنی سزا ئەوەندەی لەباردایە کەجارێکیتر تاوانبارەکە لەماوەیەکی زەمەنی دیاری کراو بەتاوانی تر هەڵنەسێتەوە(90).

ئەم شێوازە سزاییە دوو بیرۆکەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کەبریتین لە: بیرۆکەی سزادان وبیرۆکەی پاداشت کردن، ئەم دوو بیرۆکەیە هەردووکیان بەیەکەوە هاوبەشی دەکەن لەخولقاندنی ئیرادەی چاککردن وڕاهێنانەوەی حوکمدار وگەڕانەوەی بۆ ڕەفتاری چاك لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە(91).

لێرەدا دادگا بڕیاڕی قەزائی خۆی دەردەکات بەتاوانبارکردنی تۆمەتبار بەوەی کەتاوانی ئەنجام داوە وسزاکەش دەسەپێنێت بەسەریدا، لەهەمان کاتدا ئەو بڕیارە ئەوەشی تێدایە کەجێبەجێ کردنەکەی بۆماوەیەکی زەمەنی دیاری کراو ڕابگرێت.

مەرجەکانی هەڵپەساردنی سزا:

زانستی سزاو یاساکانی سزاکان چەندین مەرجی دیاریکراویان دەستنیشان کردووە کەپێویستە لەتومەتبار وتاوان وسزاکەدا هەبن بۆئەوەی جێبەجێ کردنی سزاکە ڕابگیرێت و بریتین لەمانە:

<u>یەکەم: مەرجەکانی تایبەت بەتۆمەتبارەوە:</u>

مەرجی سەرەکی لەهەڵپەساردنی سزادا بریتی‌یە لەئەگەری بەهێز بۆسەر لەنوێ راهێنانەوەی حوکمدراو بەبێ ئەوەی پێویست بەجێبەجێکردنی سزا بکات، واتە کەسێتی حوکمدار ولەوجۆرانەیە کەدەکرێت چارەسەربکرێت بەبێ ئەوەی بخرێتە نێو دامەزراوی سزایی‌یەوە(92). لەم حاڵەتەدا دادگا بۆی هەیە بڕیاربدات سزاکەی ڕابگرێت ئەگەر بۆی دەربکەوێت ڕابردووی تۆمەتبار وئاکارو تەمەن و، ئەو باروزروفەی تاوانەکەی تیادا ئەنجام داوە، ئاماژەن بۆ سەلماندنی نەگەڕانەوەی تاوانبار بۆ تاوانکردن، ئەم مەرجەش پێویستی بەوە هەیە کە دادوەر بڕیاربدات پشکنین وتوێژینەوە بۆ کەسێتی تاوانبارو ڕەوشی ژیانی پێش تاوانکردن ودوای تاوانەکەی بکرێت، سەرباری پێشینی کردنی ئەوبارو زروفەی کەدەشێت لەماوەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی حوکمەکەدا سەرهەڵبدەن. هەروەها دەبێت حوکمدراو بەڵێن بدات کەناگەڕێتەوە بۆتاوانکردن، خۆئەگەر دادگا بەپێویستی زانی ئەوا دەبێت کەفالەتی شەخسی یان ماددی بدات(93).

دووەم: مەرجەکانی تایبەت بەتاوانەوە:

هەندێك لەیاساو تەشریعەکان بۆ هەموو تـاوانێك (ئیـتر لەهـەر جۆرێـك بێت) بڕیاڕی هەڵپەساردنی سزا بەپێویست دەزانن، بەلاّم هـەندێ یاسا ئـەم بڕیـاڕە لەتاوانـەکانی دژ بـەئاکار وئـادابی گشـتی ونـاموس وتـاوانی ئـابوریو دزینی پارە وموڵکی دەوڵەت، دووردەخەنەوەو دەڵێن نـابێت شمولیـان بکـات. لەم بڕگەیەدا جیاوازی لەنێوان یاساو تەشریعی ولاتاندا هەیە(94).

سێیەم: مەرجەکانی تایبەت بەسزاوە:

زۆربـەی یاسـاکانی وولاتـان بڕیـاڕی هەڵپەسـاردنی سـزا دەبەسـتنەوە بەسزای زەوتکردنی ئازادییەوە کەماوە زەمەنیەکەی کورت بێت. بۆنموونـە لەیاسای ئەڵمانیدا (نۆمانگ) ولەیاسـای میصـریدا (شـەش مـانگ) ولەیاسـای سوری وبەلجیکیدا (سێسالّ) ولەیاسای فەرەنسیدا (پێنج سالّ) دیـاریکراوە ئـەم یاسـایانە پێبژاردنیـش دەگرێتـەوە، بـڕی ئەوپێبژاردنـەش بـەپێی یاساکانی وولاّتان دەگۆڕێت(95).

شوێنەوارەکانی هەڵپەساردنی سزا:

یەکەم: حوکمدراو بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە:

لـەکاتی هەڵپەساردنی سـزادا، حوکمـدراو بـۆ ماوەیـەکی زەمـەنی دیـاری کراو دەخرێتە ژێر چاودێری تاقیکردنەوەوە، ئەو ماوە زەمەنییە لەهەردوو یاسای فەرەنسیو سوریدا پێنج ساڵە ولەیاسای میصـری وکوێتـیدا سێسـاڵە، لەوکاتـەوە هـەژمار دەکرێـن کەحوکمەکە دەبـێ جێبـەجێ بکرێـت (بـەلاّم جێبـەجێ کردنەکـە ڕاگـیراوە) لـەوماوە زەمەنیـیـەدا سـزاکە بەسـەر

حوكمدارەكـەدا جێبـەجێ نـاكرێت، بـەڵام هـەردەم لـەژێر هەڕەشـەی جێبەجێكردنی حوكمەكەیدا دەژی.

لەزۆربەی یاساكانی وولاتاندا حوكمدراو ناخرێتە ژێر هیچ جۆرێك لەچاودێریو ئاراستەكردنەوە وازی لێ دەهێنرێت خۆی هەوڵی چاككردنی ڕەفتارەكانی بدات بەڵام هەندێ یاسا وەك یاسای ئەڵمانی بەپێویستی دەزانێت هاوكاریيەكی پۆزەتیفانە بكرێت بۆ سەرلەنوێ ڕاهێنانەوەی حوكمدراو ئەمەش بەوەی هەندێك ئەرك ووابەستەبوون بخرێتە ئەستۆیەوە یاخود كەسێك دەسنیشان بكرێت بۆ یارمەتیدانی لەئاراستەكردن وسەرپەرشتیكردندا.

دووەم: هەڵوەشانەوەی هەڵپەساردنی سزا یاخود كۆتایی هاتنی ماوەی تاقیكردنەوەكە:

ئەگەر حوكمدراو لەكاتی تاقیكردنەوەكەدا تاوانێكی نوێ ئەنجام بدات وبەڵگەیەكی وەها بەدەستەوەبدات كەلەدەرەوەی دامەزراوە سزاییيەكاندا ڕانایەتەوە وچاك نابێت، لەم حاڵەتەدا دادگا بۆی هەیە چاو بخشێنێتەوە بەوڕوشەدا وئەتوانێت بڕیار بدات بەهەڵوەشانەوەی بڕیارەكەی پێشوی (كەهەڵپەساردنی سزاكەیە) هەروەها ئەشتوانێت هەلێكیتر بەحوكمدراو بداتەوە بۆچاككردنی ڕەفتارەكانی ئەگەر دادگا گەیشتە ئەو باوەڕەی كەئەم تاوانە نوێیە ئەوەندە ناهێنێت كە گۆڕانكاری بەسەر شێوازی مامەڵەكردنی سزاییيەكەی پێشوویدا بهێنرێت.

لەحاڵەتێكی تریشدا بڕیاری هەڵپەساردنی سزا هەڵدەوەشێنرێتەوە ئەگەر دادگا بڕیاری بەندكردنی حوكمدراو دەربكات بەهۆی تاوانێكەوە كەلەپێش بڕیاری هەڵپەساردنەوە ئەنجامی داوەو، دادگا بێئاگا بووە لێی لەكاتێكدا كەبڕیاری هەڵپەساردنەكەی دەركردوە، یاخود ئەگەر دەركەوت

کەبڕیاری بەندکردنی حوکمدراوەکە دەرکراوە لەپێش بڕیاری هەڵپەساردنی سزاداو دادگا بێئاگایە لێی.

لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەگەر دادگا بڕیار بدات بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیاری هەڵپەساردنی سزا، ئەوا حوکمدراو دەبێت سزا ڕاگیراوەکەی وسزای تاوانە نوێیەکەی بچێژێت.

خۆئەگەر ئەو ماوە زەمەنی‌یەی کەتاقیکردنەوە وئەزموونە بۆ حوکمدراوو دیاری کراوە بۆهەڵپەساردنی سزاکەو، بەشێوەیەکی ئاسایی تێپەڕی وهیچ هۆیەك نەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری هەڵپەساردنی سزا، بەواتایەکی‌تر حوکمدراو تاقیکردنەوەکەی بەسەر کەوتوویی تێپەڕاند، ئیتر هیچ بڕوبیانووپاساوێك نامێنێتەوە بۆ بەردەوام بوونی هەڕەشە لێکردنی حومکدراو بەجێبەجێکردنی ئەوسزایەی کەڕاگیراوەو، دەبێت بەهاووڵاتی‌یەکی ئاسایی(96).

بەشی دووەم: تاقیكردنەوە:

تاقیكردنەوە(97) وەك پێناسە: شێوازێكە لەمامەڵەكردنی سزایی، بەسەر تومەتبار یان حوكمدراودا جێبەجێئەكرێت، ، بەمەبەستی ڕاهێنانەوەی لەماوەیەكی زەمەنی دیاریكراودا، ئەم شێوازە پابەندە بەكۆت وبەندكردنی ئازادی ئەو كەسەی كەدەخرێتە ژێر تاقیكردنەوەوە بەڕێگایەك كەهەندیك وابەستە بوون بخرێتە ئەستۆیەوەو(98)، كەسێك ڕادەسپێردرێت سەرپەرشتی بكات ویارمەتی بدات، خۆئەگەر ئەوماوە دیاریكراوەی تێپەڕاندبوو ئەستۆ پاكی دەرخست لەوابەستەبوونەكانیدا، ئەودەمە تۆمەت یان حوكمەكەی هەڵدەوەشێتەوەو هەڵدەگیرێت، بەڵام ئەگەر لەوماوە دیاری كراوەدا نەیتوانی ئەستۆپاكی خۆی بەرامبەر بەو وابەستەبوونانە بسەلمێنێت ئەوكاتە دادگا بۆ پراكتیزە كردنی داوانامەكە ئازادی لەكەسەكە دەسەنێتەوە یاخود بڕیاردەدات بەجێبەجێكردنی ئەو حوكمەی كە ڕایگرتووە ونەیهێشتووە جێبەجێ بكرێت، واتە ئەو بڕیارەی كەپێشتر دەری كردووە جێبەجێی دەكات(99).

ئەم سیستمە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لەئەنجامی ئەزموونەوە سەری هەڵداو بەسیستمی ئەنگلوسەكسۆنی ناسراوە، لەساڵی 1878دا ویلایەتی ماساشۆستس پیادەی كردو دواتر بەهەموو ولایەتەكانی تریشدا بڵاوبۆوە، بەڵام لەبەریتانیا ئەم سیستمە وەك نەریتێكی قەزائی لەسەدەی نۆزدەوە هاتۆتە بوون ولەساڵی 1907دا پیادە كراوە بە ناوی (یاسای تاقیكردنەوەی بەریتانی بۆ گوناهباران) ولەساڵی 1948دا خرایە سەر یاسای قەزائی تاوان(100).

زۆربەی یاسای وڵاتانی ئەوروپا ئەم سیستمەیان وەرگرت وپیادەیان کرد لەپێشیانەوە وڵاتانی بەلجیکاو ئەڵمانیاو فەرەنساو هوڵندە، ئەمڕۆ لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا کاری پێدەکرێت وشوێنێکی تایبەتی هەیە لەنێو سیاسەتی تاواندا وەك چارەسەرێکی گونجاو وشیاو بۆ ڕاهێنانەوەی تۆمەتبار یان حوکمدراو بێئەوەی پێویستی بەوە بکات لەخێزان وکۆمەڵگا دور بخرێتەوە وبخزێنرێتە زیندانەوە.

بەراورد کردن لەنێوان (تاقیکردنەوەو هەڵپەساردنی سزا) دا:

گەرچی لەنێوان هەردوکیاندا لێکچون هەیەو، لەهەردوو حاڵەتەکەدا سزاکە بۆمایەکی دیاری کراو ڕادەگیرێت و، حوکمدراو دەخرێتە ژێر ئەزموونەوەو بەکۆتایی هاتنی ئەو ماوە دیاری کراوە حوکمەکە یان هەڵپەساردنی سزاکە هەڵدەوەشێنرێتەوە، بەلام لەسێ خاڵدا جیاوازی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت کەبریتین لە:

1- لەسیستمی (هەڵپەساردنی سزادا) بڕیار دەدرێت بەتاوانبارکردنی تومەتبار وسەپاندنی سزای تاوان، بەلام لە (تاقیکردنەوە) دا ئەشێت بەرلەدەرکردنی بریاڕی تاوانبارکردن پراکتیزە بکرێت، یان لەدوای دەرکردنی بڕیاڕی تاوانبارکردن وسزاوە پراکتیزە بکرێت.

2- لەسیستمی (هەڵپەساردنی سزادا) پێویست ناکات ئازادی حوکمدراو زەوت بکرێت بەڵکو وازی لێدەهێنرێت خۆی خودی خۆی چاك بکات، بەلام لەسیستمی (تاقیکردنەوەدا) تومەتبار ئازادییەکەی کۆت وبەند دەکرێت وهەندێك وابەستە بوونی بەسەردا دەسەپێنرێت و، کەسێکیش ڕادەسپێردرێت چاودێریو سەرپەرشتی بکات ویارمەتی بدات(101)، 102).

3- هەڵوەشاندنەوەی (ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا) بەندە بەوەوە کەحوکمدراو لەوماوە دیاری کراوەدا تاوانێکی نوێ ئەنجام بدات، بەڵام لەتاقیکردنەوەدا هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە پەیوەندی نییە بەکردنی تاوانی نوێوە، ئەوەندە بەسە کەتۆمەتبار سەرپێچی بکات لەو وابەستەبوونانەی خراونەتە ئەستۆیەوە یاخود بەد ڕەفتارییەك ئەنجام بدات.

وێنەکانی تاقیکردنەوە:-

لەهەموو قۆناغەکانی داوانامەدا (الدعوى) ئەشێت ئەم سیستمە پیادە بکرێت، یان لەدوای دەرکردنی حوکم وجێبەجێکردنیەوە بێت (لەقۆناغی تاوانبارکردندا) یان لەقۆناغی دادگاییکردندا، بەشێوەیەکی گشتی دوو وێنەی باوی تاقیکردنەوە هەیە کەبریتین لە: تاقیکردنەوە لەپێش تاوانبارکردندا و، تاقیکردنەوە لەپاش تاوانبارکردن.

یەکەم: تاقیکردنەوە لەپێش تاوانبارکردندا:-

دیارترین شێوەی تاقیکردنەوە ئەوەیە کەلەقۆناغی دادگاییکردندا پراکتیزە دەکرێت، دوای ئەوەی کەتاوانەکە بەسەر کەسی تۆمەتباردا ساغ دەبێتەوەو ئەچەسپێت، بەر لەوەی حوکمی تاوانبارکردنی دەربچێت. لەم حاڵەتەدا ئەگەر دادگا بارو زروف وکەسێتی تۆمەتباری ڕەچاوکردو، گومانی نەما لەوەی کەتاوانەکەی ئەنجام داوەو، ئەگەر گەیشتە ئەو بڕوایەی کەپێویست ناکات ئەم کەسە بخرێتە نێو زیندانەوە لەم حاڵەتەدا دادگا فەرمان دەدات کەبخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە(103)، (104).

دووەم: تاقیکردنەوە لەدوای تاوانبار کردنەوە:-

لەم شێوەیەدا تاقیکردنەوە لەدوای دەرکردنی حوکمی تاوانبارکردن وسزادانەوە پراکتیزە دەکرێت، واتا بەندە بەفەرمانی دادگاوە کەجێبەجێکردنی سزاکە رابگرێت وتاوانبار بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە. ئەم سیستمەش پێی دەوترێت ((هەڵپەساردنی سزاو تاقیکردنەوە)) ئەم سیستمە لەئەڵمانیاو فەرەنساو پۆڵۆنیا، باوەو پەیرەو دەکرێت(105)، (106).

مەرجەکانی تاقیکردنەوە:-

1- مەرجەکانی تایبەت بەتۆمەتبارەوە:-

سیستمی تاقیکردنەوە تەنها بەسەر دەستەو گروپێك لەتۆمەتبارو حوکمدراودا پراکتیزە دەکرێت، بەو مەبەستەی سەرلەنوێ بۆناو کۆمەڵگا بگەرێنەوە بەپشت بەستن بە بەرنامەو پرۆگرامێکی پۆزەتیف وپاریدەدەر، لێرەدا تاقیکردنەوە پێویستی بەوەیە پشکنین بۆ تۆمەتبار بکرێت ولەکەسێتی و زروف وژینگەکەی بکۆڵرێتەوە، بۆ دڵنیا بوون لەوەی مامەڵە کردن لەگەڵ تاوانباردا لەدەرەوە باشترە نەك لەناو زینداندا. لەیاسای هەندێ وولاتدا وەك فەرەنسا سیستمی تاقیکردنەوە لەگەڵ تاوانباری سیاسی وئەوکەسانەدا بەکارنایەت کەپێشتر خراونەتە ژێر تاقیکردنەوەو شکستیان لەو ئەزموونەدا هێناوە.

یاسای هەندێ ولاتیش وەك ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم سیستمەی بەستۆتەوە بەرەزامەندی تۆمەتبارەوە، واتا دەبێت ئەویش پێی رازی بێت، ئەمەش لەبەر ئەو هۆیەی کەراهێنانەوە بەندە بەئیرادەی کەسەکەوە و دەبێت هاوکاری پاریدەدەرەکانی بکات وقبوڵیان بکات و

ئارەزوویەکی بێگەردی هەبێت بۆ وابەستە بوون بەو شتانەوە کەلەماوەی تاقیکردنەوەدا دەسەپێنرێت بەسەریدا.

2- مەرجەکانی تایبەت بەتاوانەوە:-

لەزانستی سزاداندا سیستمی تاقیکردنەوە بەهیچ مەرجێکەوە نابەسترێتەوە کەتایبەت بێت بەتاوانەوە بۆئەوەی دادوەر بواری ئەوەی بدرێتێ کەگرنگی بەکەسێتی تاوانبار بدات و، بایەخی ئەم سیستمەش لەبەر چاو بگرێت بەبێ ئەوەی ڕادەو قەبارەی تاوانەکە لێکبداتەوە. بەلاَم هەندێ یاسا تاوانە گەورەو قورسەکان دوردەخەنەوە لەو تاوانانەی کەسیستمی تاقیکردنەوە دەیانگرێتەوە. یاسای ئینگلیزی وئەمریکی ئەو تاوانانە دور دەخەنەوە کەسزاکەیان لەسێدارەدان یاخود بەندکردنی هەمیشەییە ، بەلاَم یاسای فەرەنسی ئەو تاوانانە دوور دەخەنەوە کەسزاکەیان لەپێنج سالْ وزیاترە(107).

لەماوەی تاقیکردنەوەدا چەندین وابەستەبوون دەسەپێنرێت بەسەر ئەو کەسانەدا کەخراونەتە ژێر تاقیکردنەوە بەگشتی لەدووپۆلدا کۆدەبنەوە:

وابەستە بوونە پۆزەتیفەکان:

چەند جۆرێکن وەك: بەزۆر نیشتەجێکردن لە شوێنێکی دیاری کراودا و، بەدوادا چوونی بەرنامەی تایبەت بەفێرکردن وپاکژکردنەوەو بەسەربردنی کاتی بێئیشییەوە، هەروەها مەشقی پیشەیی یان ئیش پێکردن لە سەرپیشەیەکی دیاری کراو، خستنە ژێر پشکنینی پزیشکی وجەستەیی وعەقڵیو دەروونی، یان چارەسەر کردن لەنەخۆشخانەدا (بەتایبەتی بۆ ئالوودەبوانی کحول ومادە سڕکەرەکان). وهاوبەشی کردن لەخەرجی خێزان وقەرەبووکردنەوەی زیانەکانی تاوان.

وابەستە بوونە نێگەتیفەکان:

وەك: قەدەغەکردنی لێخوڕینی هەندێ ئۆتۆمبێل و، ڕێگرتن لەچوون بۆ قومارخانە ومەیخانە وبەدخانە وشوێنی پێشبڕکێ، ڕێگرتن لـە بـەکارهێنانی مـادە سـڕکەرەکان، یـان زیـاد ڕەوی لەخواردنـەوەی مـەی، ڕێگرتـن لەتێکەڵابوونی تاوانبـار یـان کەسـانی گومـانلێکراو، یـان میوانـداری کـردن لەهەندێ کەسی گومانلێکراو لەناو ماڵدا. لەهـەموو حاڵەتـەکاندا دادگا بـۆی هەیە ئەم وابەستە بوونانە بسەپێنێت (ئەگەر بەپێویستی بزانێت) بەسـەر کەسێکدا کەدەخرێتە ژێـر تاقیکردنـەوەوە وەهـەروەها بـۆی هەیـە لـەماوەی تاقیکردنەوەکەدا گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنێت وڕاستیان بکاتەوە(108).

پارۆڵ Parol

پارۆل لەبناغەدا ووشەیەکی فەرەنسی‌یە و، بەشێوەی خواستن لەجیّی ووشەی ئابڕوو (الشرف) بەکاردەهێنرێت. بیرۆکەی پارۆل دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئینگلیزی سزادان (الکسندر ماکونۆچی) وبۆیەکەم جار لەسی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بانگەشەی بۆکردووەو، لەساڵی 1840لەدورگەی (نورفۆلك) ی‌ئوسترالیا پیادەی کردووە. وەك یاساش ویلایەتی ماساشوستس یەکەمین یاسای تایبەت بەپارۆڵی لەساڵی 1837دا دەرکردووە وپاشان بەشێوەی پلەپلە هەموو ویلایەتەکانی‌تر هەمان یاسایان دەرکردووەو پیادەیان کردووە. ئەمرۆ لەووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەشێوەیەکی بەرفراوان جیّبەجیّ دەکریت وسەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوەو زاناکانی سزادانیش پشتگیری لیّدەکەن(109).

پێناسەی پارۆڵ: یان (ئازاد کردن بەگفتی ئابڕوو یان شەرەف) شێوازێکی مامەڵەکردنی سزایی‌یە، لەم شێوازەدا بەندکراو لەدوای تەواوکردنی بەشێك لەسزاکەی کەزەوت کردنی ئازادی‌یە، ئازاد دەکرێت و بەڵێن دەدات لەدوای بەربوونی لەزیندان مل کەچ بێت بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆمەڵایەتی‌و پارێزگاری کردنی ڕەفتاری باش وپۆزەتیف و، نابێت سەرپێچی لەو بەڵێننامەیە بکات هەتا ماوەی سزاکەی کۆتایی پێدێت(110).

ئەم سیستمە پشت بەبیرۆکەیەك دەبەستێت کەبریتی‌یە لە: دەستکردن بەڕاهێنانەوەی بەندکراو لەناو دامەزراوە سزایی‌یەکەدا تائەو کاتەی

دەردەکەوێت (واتا پاش تەواوکردنی بەشێك لەسزاکەی) پێویست بەوە ناکات کە ماوەی درێژتر لە زینداندا بمێنێتەوە، دەسەڵاتی تایبەتمەندو پەیوەندار بۆیان هەیە ئازادی بکەن بۆ ئەوەی بەجۆرێکی تر ولەنێو کۆمەڵگادا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت(111).

بەراورد کردنی پارۆل لەگەڵ تاقیکردنەوەدا:

ئەم دووسیستمە لەدوو ڕووەوە لەیەك دەچن کەبریتین لە:

1- هەردوکیان یەك شێوازی ڕاهێنانەوەن وپشت بەچاودێری کۆمەڵایەتی وڕاهێنان لەسەر ژیانی شەرەفمەندانە دەبەستن. لەهەردوو حاڵەتەکەدا سەرپەرشتیاران هەمان پسپۆری وئەرکیان هەیە یاخود زۆر لەیەکتریەوە نزیکن.

2- لەجەوهەری سزاییدا یەکدەگرنەوە، چونکە لەهەردوکیاندا ئازادی کەسی حوکمدراو کۆت وبەند دەکرێت ومل کەچ دەکرێت بەسەرپەرشتی شەخسیو، پەیمان دەدات وابەستەبێ بەو بڕیارەوە کەدەسەڵاتی پەیوەندیدار دەریکردووە بۆی.

<u>بەلاّم سیستمی بارۆڵ بەم چەند خاڵەدا لەسیستمی تاقیکردنەوە جیادەکرێتەوە:</u>

أ-لەسیستمی بارۆڵدا دەبێت حوکمدراو بەشێك لەسزاکەی لەنێو دامەزراوی سزاییدا جێبەجێبکات، بەلاّم لەسیستمی تاقیکردنەوەدا تۆمەتبار ناخرێتە هیچ دەزگایەکی سزادانەوەو، تێکڕای بەرنامەکانی ڕاهێنانەوە لەنێو کۆمەڵگادا پراکتیزە دەکات.

ب- ئەو کەس و گروپانەی سیستمی پارۆڵیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت جیاوازن لەوانەی سیستمی تاقیکردنەوەیان بەسەردا جێبەجێ

دەكرێت، لەپارۆڵدا دەسەلاَتی قەزائی بەپێویستی دەزانێت ئازادی ئەو كەسانە زەوت بكرێت، پاشان ئەوەش دەسەلمێنرێت كەسودیان لەو مامەڵەیەی نێو زیندان وەرگرتووە، دواتر ئەو زەرورەتە نامێنێت كەلەزینداندا بمێننەوە بۆیە وابەباش دەزانرێت ئازاد بكرێت ولەنێو كۆمەڵدا چاودێری ڕاهێنانەوەیان بكرێت(112). بەلاَم سیستمی تاقیكردنەوە بەسەر ئەو كەسانەدا پراكتیزە دەكرێت كە دەسەلاَتی قەزائی پێی باشە ئازادییان لێزەوت نەكرێت وهەرلەسەرەتاوە لەنێو كۆمەلگادا دەست بەڕاهێنانەوەیان بكرێت.

ج- پارۆڵ پەیوەستە بەبەردەوام بوونی جێبەجێكردنی سزاوە بەلاَم تاقیكردنەوە پەیوەستە بە خودی بنەمای جێبەجێ كردنی سزاوە، كەواتە دەكرێت بوترێت: كاردانەوەیی سزایی بۆتاوان لەپارۆڵدا زاڵە بەسەر كاردانەوەی چاككردن وچاكسازیدا، بەلاَم لەتاقیكردنەوەدا كاردانەوەی چاككردن وچارەسەری تاوان زاڵە بەسەر كاردانەوەی سزاییدا (واتە پارۆڵ زیاتر سزایە بەلاَم تاقیكردنەوە زیاتر چاككردنە)

د- پارۆڵ سیستمێكی كارگێڕییە، واتا لەدەسەلاَتی ئەو كارگێڕییەدا كەسزاكە جێبەجێدەكات، بەلاَم تاقیكردنەوە سیستمێكی قەزائییە وتایبەتە بەدەسەلاَتی قەزائییەوە، بۆیە نانراوە تاقیكردنەوەی قەزائی(113).

شوێنەوارەكانی پارۆڵ:

ئەگەر هاتوو ئەو كەسەی مل كەچی سیستمی پارۆڵە سەرپێچیكرد لەو مەرجانەی بەسەریدا سەپێنراوە، ئەوا سەر لەنوێ دەگەڕێنرێتەوە بۆ زیندان، ئەمەش لەكاتێكدا دەكرێت كەسەرپەرشتیارە كۆمەلاَیەتییەكەی

ئاگـــاداری دەســـتەی پـــاڕۆڵ بکاتـــەوە لـــەو ســـەرپێچی‌یەی کـــەحوکمدراو کردووەیەتی، ئەوکاتە فەرمانی گرتن وگێڕانەوەی بۆزیندان دەردەکریت ئەم بڕیارەش دوا بڕیارەو هەڵناوەشێتەوە(114).

ڕەنگە کەسەکە بخرێتـەوە زینـدان بـەبێ ئـەوەی سـەرپێچی مەرجـەکانی پاڕۆڵیشی کردبێت ئەمەش لەم حاڵەتانەدا: ئەگەر حوکمدراوەکە خۆی حەز بکات بگەڕێتەوە نێو زیندان بەو بیـانووەی کـەناتوانێت ئیشێك بدۆزێتـەوە لەدەرەوەی زینـدان، یـان حـەزبکات پرۆگرامـی ڕاهێنانـەوەی پیشـەیی لـەنێو زینداندا تەواو بکات، یاخود سەرپەرشـتیارە کۆمەڵایەتی‌یەکـەی بەپێویسـتی بزانێت بۆمەشق کردنی زیاتر یان چاودێری پزیشکی جارێکی‌تر بخرێتـەوە زینــدان. خۆئەگـەر حوکمدراوەکـە لـەماوەی ســزادانەکەیدا هیــچ جــۆرە سەرپێچی‌یەك لە سیستمی پاڕۆڵ نەکات ئەوا سزاکەی هەڵدەوەشێتەوە، ئـەو ماوەیەش کەحوکمدراو دەبێت مل کەچی سیستمی پـاڕۆڵ بێت مـەرج نییـە لەهەموو ولاتێکدا تاکۆتایی مـاوەی سـزادانەکەی درێـژە بکێشێت، بۆنموونـە لەهــەندێ ویلایــەتی ئەمــەریکادا دەســتەی پــاڕۆڵ مــافی دیــاری کردنــی ئەوماوەیـەیان هەیـە بەمـەرجێك ئـەو ماوەیـە زیـاتر نـەبێت لـەماوەی ئـــەو سزایەی کەبەسەریدا سەپێنراوە(115).

ئازادكردنی مەرجدار (الافراج الشرطي)

ئـازادكردنی مــەرجدار يەكێكــە لەشــێوازەكانی مامەڵــەكردنی ســـزايی، بەپیێ ئەم شێوازە حوكمدراوەكە ئازاد ئەكرێت بەر لەوەی ماوەی سـزاكەی لەزيندانـدا تـەواو بكات، بەمەرجێك لەوماوەيــەدا كەماويـەتی مـل كـەچ بێـت بۆئەو وابەستە بوونانەی دەخرێنە ئەسـتۆيەوە(116)، لـە حاڵـەتێكدا ئەگـەر سەرپێچی بكات جارێكی تر دەگەڕێنرێتەوە بـۆ نێـو دامـەزراوە سـزاييیەكە، مێژووی ئەم شێوازە مامەڵـە سـزاييیە دەگەڕێتـەوە بۆسـاڵی 1790و لـەوڵاتی فەرەنسا كـاتێك مـــيرابۆ (Mirabeau) ڕاپۆرتێكـی بـۆ كۆمەڵـەی نيشـتمانی بــەرزكردەوەو تيــايدا داوای كردبــوو ئـــەم سيســـتمە بخرێتـــە نێـــو ياســـا ســـزاييیەكانی فەرەنســـاوە، وەك كەرەســـەيەك بـــۆ چـــاككردنی سيســـتمی بەنديخانـــەكان وســـاڵی 1874 دادوەری بـــەناوبانگی فەرەنســـی بۆنفيـــل دو مارسـاينی (Bonneville de Marsangy) دەسـتی دايـە بانگەشـەكردن بۆئـەم سيستمەو بەهەموو شێوەيەك تێدەكۆشا بۆدارشتنی ياسايەك لـەم بارەيـەوە، ئەم هەوڵەی مارساينی بەردەوام بوو هەتا ئەوكاتەی كۆمەڵەی نيشتمانی لـە 1885/2/14 بەشـێوەيەكی ياسـايی سيسـتمی ئـازادكردنی مـەرجداری قبـوڵ كردو تێكەڵ بەياسا سزاييیەكانی فەرەنسای كرد(117).

لەئـازادكردنی مـەرجداردا، سـزادان كۆتـايی پێنايـەت بـەڵكو شـێوازی جێبـەجێكردنی سـزاكە ڕاسـت دەكرێتـەوەو وێنەيـەكی تـری زەوت كردنـی ئازادی بەخۆوە دەگرێـت، ئـەم ڕاسـتكردنەوەيەش پەيوەسـتە بەئامانجـەكانی ڕاهێنانەوەی كۆمەڵايەتیيەوە، چونكـە حوكمـدراو ئەگـەر بەشـێكی گـەورەی سـزاكەی لـەنێو دامـەزراوە سـزاييیەكە بەسـەربەرێت ئـەوا مەرامـەكانی

ڕاهێنانــەوە بەیــەکجاری لەبــەین دەچێــت بۆیــە باشــتر وایــە ئــازادبکرێت وبگەڕێنرێتەوە نێو کۆمەڵگا بۆ بـەدواداچوون وچـاودێری کردنـی پرۆسـەی ڕاهێنانەوەکەی(118).

هــەروەك ئاماژەمــان بۆکــرد ئــەم سیســتمە ســزایەیە لەبنچینــەدا فەرەنسی‌یەو وەك پاداشتێك لەبری چاکبوونی ڕەفتاری حوکمدراو لـەنێو بەندیخانـەدا، پێشکەشـی دەکرێـت، پاشـان وردە وردە گـۆڕرا بـۆ سیسـتمی ڕاهێنانــەوە. لەلایەکــەوە حوکمدراوەکــە هــاندەدات بــۆ پــەیڕەوکردنی بەرنامەیەك تاڕەفتارەکانی لـە نێـو بەندیخانـەدا ڕاسـت بکاتـەوەو پەیوەسـت بێـت بەیاسـاو سیسـتمەوەو ڕەوشـێکی وا بخولقێنێـت تـاکو بەرنامــەکانی ڕاهێنانــەوەی بــەجۆرێکی مــاقول بەســەردا جێبــەجێ بکرێــت. لەلایــەکی تریشەوە ئەو دەرفەتەی بۆدەرەخسێت لـەدەرەوەی دامـەزراوە سـزایی‌یەکەدا، چاودێریو بــەدوادا چوونــی ڕاهێنانەوەکــەی بۆبکرێــت ولەگــەڵ کۆمــەڵگا ڕابێتەوە ورێگاش خۆش بکات بۆئەوەی بەیەکجاری ئازادبکرێت(119).

بەراورد کردنی ئازادکردنی مەرجدار بەسیستمی پارۆڵ:

ئەگــەر بگەڕێینــەوە بــۆ پێناســەی ئــازادکردنی مــەرجدار دەبینــین لەسیستمی پارۆڵەوە زۆرنزیکە و، ئـەتوانین بڵێین لــەدووخاڵی ســەرەکیدا وەکویەك وان:-

1- لەهــەردوو سیســتمەکەدا، بەندکراوەکــە لــەدوای تــەواوکردنی بەشــێك لەسزاکەی لەنێو دامەزراوە سزایی‌یەکاندا، ئازاد دەکرێت.

2- ئەو کەسانەی مل کەچی پارۆڵ وئازادکردنی مەرجدار دەبن وسودیان لێ وەردەگرن، دەبێت بخرێنە ژێر چاودێری کردنـەوەو یارمـەتی بدرێـن یـان

هەندێك وابەستەبوون بخرێتە ئەستۆیانەوە و، ئەگەر سەرپێچی بکەن ئەوا سەرلەنوێ دەگەڕێنرێنەوە بۆ نێو دامەزراوە سزاییەکان(120).

بەلاّم ئازادکردنی مەرجدار لەوێنە ڕۆتینیەکەیدا، لەم دوو خاڵەدا جیاوازە لە پاڕۆڵ:-

یەکەم: پێوەری ئازادکردنی مەرجدار بریتییە لەچاك بوونی ڕەفتاری بەندکراوەکە لەنێو بەندیخانەدا، بەلاّم پێوەری پاڕۆڵ بریتییە لەڕادەی پێداویستی بەندکراوەکە (بەپێی کەسێتی وباروزروفەکەی) بەمانەوەی لەبەندیخانەدا یاخود بەچاودێری کردنی پرۆسەی ڕاهێنانەوە لەدەرەوەی بەندیخانە.

دووەم: سیستمی ئازادکردنی مەرجدار ڕۆڵی نێگەتیف دەگێرێت لەمامەڵەکردنی سزاییدا چونکە واز لەحوکمدراوەکە دەهێنرێت خۆی خودی خۆی چاك بکات وبرێك وابەستە بوونیش دەخرێتە ئەستۆیەوە، بەلاّم پاڕۆڵ ڕۆڵی پۆزەتیف دەگێرێت چونکە سەرپەرشتیاری (کەسێکی پسپۆڕ) بۆ دەستنیشان دەکرێت بۆئەوەی یارمەتی بدات لەگەڵ کۆمەڵگادا خۆی بگونجێنێت(121).

بەکورتی: سیستمی ئازادکردنی مەرجدار بەچەمکە ڕۆتینیەکەی جیاوازە لەپاڕۆڵ، بەلاّم بەچەمکە نوێیەکەی (واتا دوای ئەوەی بوو بەسیستمی ڕاهێنانەوە) زۆرجیاوازی نییە لەپاڕۆڵ تەنها لەهەندێ وردەکاری تیوری وپراکتیکیدا نەبێت و، ئەوەندەش هەیە سیستمی ئازادکردنی مەرجدار پەیوەندی بەیاسای سزاکانی فەرەنساوە هەیە وپەیوەستە پێوەی، بەلاّم پاڕۆڵ پەیوەستە بە سیستمی یاساکانی ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە.

کۆڵەکە بنچینەیی‌یەکانی سیستمی ئازادکردنی مەرجدار:

ئەم سیستمە لەسێ‌هەنگاوی سەرەکی ڕێکخراو پێك دێت کەیەك لەدوای یەك ڕیزبەندی کراوەو لەیەکتر جیانابنەوەو بریتین لە:

- ئامادەکردن.
- هەڵبژاردن.
- سەرپەرشتی کردن (لەدوای ئازاد کردنەوە)(122).

ئامادەکردن:

هەر حوکمدراوێك لەڕێی ئازادکردنی مەرجدارەوە بەر ببێت پێویستە ئەو ماوەیەی کەلەناو دامەزراوە سزایی‌یەکەدایە بەشێوەیەکی ڕاست ودروست ئامادە بکرێت، ئامادەکردنیش دەبێت پشت بەسیستمێك ببەستێت ونەخشەو پلانی بۆ کێشرابێت بەمەبەستی چارەسەرکرن وچاککردنەوەی زیندانی‌یەکە لەلایەن دەستەیەك کارمەندی تەکنیکی لێپرسراوەوە. ئەگەر بەم جۆرە بەڕێوە نەچێت ئەوکاتە ناتوانین بڵێین ئازادکردنی مەرجدار سیستمەو کاریگەری هەیە لەپرۆسەی ڕاهێنانەوەو چاککردنی زیندانی‌یەکان وگەڕانەوەیان بۆژیانی گشتی سەربەست لەنێو کۆمەڵگادا.

هەڵبژاردن:

ئەو ماوەیەی کەپێویستە زیندانی‌یەکە لەنێو دامەزراوە سزایی‌یەکەدا بەسەری بەرێت بایەخێکی مەزنی هەیە لەشکست پێهێنانی پرۆسەی چاککردندا. بۆیە لەکاتی هەڵبژاردنی ئەو زیندانی‌یانەی کەئەم سیستمە دەیانگرێتەوە پێویستە پشت بەشیکاری وردی سەرجەم ڕاپۆرتەکان ببەسترێت کەتایبەتن بەزیندانی‌یەکەوە پێش ئەوەی بێتە زیندانەوە

ولەوکاتانەشدا کەپرۆسەی چاککردنی بەسەردا جێبەجێکراوە لەنێو دامەزراوە سزاییەکە ڕاپۆرتەکانیش بریتین لە:-

- ڕاپۆرتی کۆمەڵایەتی، ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن دادگای پەیوەندداره‌وە ئامادەدەکرێت.
- ڕاپۆرتی دەستی پۆلێن کردن.
- ڕاپۆرتی بەجێهێنەرانی پرۆگرامی چاککردن بەشێوەیەکی گشتی.
- ڕاپۆرتی ئەو کارمەندەی بەپرۆسەی چاککردنەکە هەڵساوە، هەروەها ڕاپۆرتی ئەو زیندانیانەش کەبەبەردەوامی لەگەڵ زیندانییەکەدا ژیاون.
- ڕاپۆرتی کارمەندی ڕاژەی کۆمەڵایەتی کەلەدوای ئازادکردنی بەندکراوەوە دەبێتە سەرپەرشتیاری‌و چاودێری دەکات.

لێرەدا چەند هۆکارێکی پۆزەتیف هەیە کەبەشداری دەکەن لەئازادکردنی بەندکراوەکەدا وەك:-

- گوێڕایەڵی وسەرپێچی نەکردنی کارمەندی چاککردن وسەرپەرشتیارە کۆمەڵایەتییەکان.
- دەرکەوتنی گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانی بەندکراوەکەدا بەرامبەر بەئیش کردن وچەمکی تاوان.
- گۆڕانکاری لەدیدو بۆچوونی بەندکراوەکەدا سەبارەت بەیاساو وەڵامدانەوەی بۆ ئەوکردەوانەی کەیاسا حەرامی کردووەن.

بەڵام ئەو هۆکارە نێگەتیفانەی کەدەبنە لەمپەڕ لەبەردەمی ئازادکرنی حوکمدراوەکەدا ئەمانەن:

- بوونی هەست وبیرکردنەوەی شەڕانگێزی.

- باری كۆمەلایەتیو خێزانی ناجێگیر.
- پچڕانی پەیوەندی یان نەمانی پەیوەندی بەخێزانەوە.
- ئـەوە دەربكـەوێت كەبەندكراوەكـە كـاری دەسـت ناكـەوێت لەدەرەوەی زینداندا.
- بسەلمێنرێت كەئالودەیە بەمەی ومادە سڕكەرەكانەوە(123).

مەرجەكانی ئازادكردنی مەرجدار:

- سـەبارەت بەگەورەكان لـەچوار بەشی مـاوەی زیندانـی كردنەكـە بەشێكی بـەر ئـەم سیستمە دەكەوێت، بـەلام بـۆ مـێردمندالْ (نەوجـەوان) لەسێبەش، یەك بەشی بەر ئەم سیستمە دەكەوێت.
- ئەگەر دادگا دلْنیابوو لەباش بوونی ڕەفتارەكانی كەسی حوكمدراو بەپشت بەستن بەڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار لە كارگێڕی دامەزراوەكەدا.
- پێویستە ئـەو ماوەیـەی كەبـەندكراو لـەزینداندا بەسـەری دەبـات كـەمتر نـەبێت لەشـەش مـانگ. بـەلام ئەگـەر چـەند سـزایەكی (یـەك لەدوایەك) بەسەردا درابوو لەوحالْەتـەدا ماوەكە لەسـەر بناغـەی تێكڕای سزاكان هەژمار دەكرێت وئەوماوەیەش كەلـەدەزگاكانی گرتـن وگواسـتنەوەو (توقیف وتسفیر) دا بەسەری بردووە بەهەمان شێوە دێتە هەژمار كردن.
- ئەگـەر بەشـێك لەسـزاكەی بـەر لێبووردنـی گشـتی یـان تایبـەتی بكـەوێت، لـەم حالْەتـەدا، لەوبەشـەی كەماوەتـەوە بـەندی یەكـەمی ئـەم مەرجانە حساب دەكرێت(124).

سودەکانی ئازادکردنی مەرجدار:

یەکەم: سەبارەت بەکۆمەڵگا:

1- دەسەڵاتی دەزگای چاککردن بۆی هەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەزیندانییەکەوە بکات، دواتریش چاکیبکات وئاراستەو ڕێنمایی بکات بەتایبەتی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ ئازادکردنی مەرجدار ئامادەکردووە ئەمەش وایان لێدەکات پرۆگرامەکانی چاککردن قبوڵ بکەن و زیاترگوێڕایەڵ بن.

2- ئەوکەسەی بەشێوەیەکی مەرجدار ئازاد دەکرێت وبۆماوەیەك سەرپەرشتی دەکرێت، ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی کۆمەڵگا لەڕوودانی هەر تاوانێکی نوێ لەکاتێکدا کەسەکە بەوپەڕی ئازادییەوە دەگەڕێتەوە کۆمەڵگاو هیچ کۆت وبەندێکی لەسەرنییە.

3- جیاوازی نێوان ئازادکردنی مەرجدارو ئازادکردنی بێمەرج ماوەیەکی زەمەنییەو تیایدا بوار دەڕەخسێ تاکو کەسەکە بیر لەژیانی سروشتی بکاتەوە.

4-کەڵك وەرگرتن لەو کەسانەی سوودیان لە سیستمی ئازادکردنی مەرجدار وەرگرتووە وەك هێزی کار بۆ خزمەتی ئابوری نیشتمانی بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە پێویستیان بەهێزی کار هەیە.

5- ئەم سیستمە ئاسانکاری بۆ دەسەڵاتی پەیوەندندار دەکات بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی کەسەکە بۆبەشی چاککردن لەکاتێکدا بەڵگەی خراپی ڕەفتارکردن لەکەسەکەدا دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکرێت تاکو تاوانی نوێ ئەنجام بدات.

6- سیستمی ئازادکردنی مەرجدار وەك پردێك وایە کـەژیانی ناسروشـتی ناو زیندان بەژیانی سروشتی کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە چونکـە لەوماوەیـەدا کەسـەکە دەبێـت ڕەفتارەکـانی بـاش بکـات و بـەردەوامی وەربگرێـت لـەو ڕەفتارکردنـەدا وبیکـات بەنـەریت بـۆ ئـەو زەمەنـەی دەکەوێتـە دوای ئازادکرکدنی بێ مەرجەوە.

سەبارەت بەکارگێری بەشی چاککردن:

گەرچی پراکتیزە کردنی ئـازادکردنی مـەرجدار ئـەرکێکی قورسـەو کات ومـاندووبوونی زۆری دەوێـت بۆئاراسـتەکردن وچـاودێری وڕێکخسـتنی ڕاپۆرتـەکان... تـاد، بـەلام لەهـەمان کـاتدا سـوودێکی زۆر بەدامـەزراوی چاککردن دەگەیەنێت وەك:

- ئـەم سیسـتمە هـانی بـەندکراوەکان دەدات زیـاتر گوێڕایـەڵ و وابەسـتەبن بەیاسـاکانی نـاو زینـدان و دوربکەونـەوە لەسـەرپێچی کـردن چونکە زیانیان لێدەدات و پرۆسەی ئازادکردنیان دور دەخاتەوە.

- ئـەم سیستمە ئەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی قـەرەباڵغی لـەنێو دامەزراوە سزاییەکاندا.

- ئەم سیستمە یارمـەتیدەرە بـۆ کـەم کردنـەوەی خـەرجی لـەنێو دامەزراوە سزاییەکاندا.

- پاڵ بـەکارگێڕی بەشـەکانی چاککردنـەوە دەنێت بۆبایـەخ دانـی زیاتر بەپرۆسەی پۆلێن کردنی بەندکراو وجیاکردنەویان(125).

لەم حاڵەتانەدا دادگای پەیوەنددار چاوەخشێنێتەوە بەسەر بڕیارِی ئازادکردنی مەرجداردا:-

- ئەگەر ئازادکراوەکە سەرپێچی کرد لەمەرجەکانی ئازادکردنی مەرجدار ئەوا دادگا ئەم ڕێگایانە دەگرێتە بەر:

أ- بانگهێشت کردن وئاگادارکردنەوە.

ب- هەربڕیارێك کەگونجاو بێت بەلای دادگاوە، دەردەکرێت.

ج- هەڵوەشانەوەی بڕیاری ئازادکردنی مەرجدار.

2- ئەگەر دادگا داوانامەی ئازادکردنی مەرجدار ڕەفز بکات ئەوا: لەدوای بڕیاری ڕەفز کردنەوە، هەتا سێمانگ داوا نامەی لەو جۆرە نابێت بۆ دادگا لەلایەن هەمان کەسەوە بەرز بکرێتەوە.

3-دادگا بڕیاری ئازادکردنی مەرجدار هەڵدەوەشێنێتەوە ئەگەر هاتوو کەسە ئازادکراوەکە لەلایەن دادگاوە سزا بدرێت وسزاکەش زەوت کردنی ئازادی بێت بەمەرجێك لەسی (30) ڕۆژ کەمتر نەبێت لەو کاتەدا کەلەژێر ئەزموونی مەرجداردایە.

4- ئەگەر کەسەکە ماوەی ئەزموونەکەی تەواو کردوو لەوماوەیەدا دادگا هیچ بڕیارێك دەرنەکات سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی ئازادکردنی مەرجدار، لەم حاڵەتەدا هەموو ئەو سزایانەی کەڕاگیراون هەڵدەوەشێنەوە(126).

ئەم حاڵەتانە بڕیاری ئازادکردنی مەرجدار نایانگرێتەوە:

حاڵەتی یەکەم:

- تاوانباری گەڕاوە بۆتاوان.

- دەرچونی بڕیار بەکاری قورس بەسەر دزێکدا یان بڕیاری بەندکردن بەسەر دزیەکی تریدا تەنانەت ئەگەر ماوەی سزاکەشی لەزینداندا تەواو کردبێت.

- دەرچوونی بڕیار بەسەر تاوانی دزینی سامانی گشتی، بەکاری قورس یان بەندکردن لەکاتێکدا ئەم تاوانبارە پێشتر هەمان سزای بۆ هەمان تاواندا بەسەردا درابێت تەنانەت ئەگەر تێکڕای ماوەی سزاکەشی لەزینداندا بەسەر بردبێت.

حاڵەتی دووەم:

- تاوانەکانی دژ بەئاسایشی دەرەکی دەوڵەت یان ساختەکردنی دراو (العمله) یان پوول وبەڵگەنامە دارایی‌یە حکومی‌یەکان.

حاڵەتی سێیەم:

- تاوانی سێکسی بەرامبەر هەمان ڕەگەز یان ڕەگەزی مێ، لەڕێگای بەکارهێنانی هەڕەشەو ترساندنەوە یان بەبێ ڕەزامەندی لەگەڵ ئەوتەمەنانەی دەکەونە خوار هەژدەساڵەوە، یان هاندان وڕێ خۆشکردن بۆ ئەم جۆرە تاوانانە(127).

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی دووەم:

. الدورى، عدنان (1989): علم العقاب ومعاملة المذنبين، ط1 دار ذات السلاسل، الكويت، ص198.

. فوكو، ميشيل (1990): المراقبة والمعاقبة (ولادة السجن) ترجمة على مقلد ومطاع صفدي، مركز الانماء القومي، بيروت، ص144.

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل 43.

. ابو عامر، محمد ذكي (1981): دراسة في علم الاجرام والعقاب، دار الجامعة، بيروت، ص183-188.

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (4) ل204.

. السراج، عبود (1985): علم الاجرام وعلم العقاب، ط3، الكويت، ص403.

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل48.

. ——(ب،ت): علاج المجرمين، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ص5.

. ابو عامر، محمد ذكي وثروت، جلال (1983): علم الاجرام والعقاب، دار الجامعة، بيروت، ص260- 261.

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (4) ل210

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (8)، ل5

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (9) ل263

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (8) ل6

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (9) ل268

. هەمان سەرچاوە ل269

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (1) ل245-249

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (10) ل224- 226

. هەمان سەرچاوە ل188

. العاني، محمد شلال وطوالبة، علي حسن (1998) علم الاجرام والعقاب، ط1، دارالمسيرة، عمان، ص225.

. العبودي، جاسم (1990) :التجريم والعقاب في اطار الواقع الاجتماعي، دار الحكمة، جامعة صلاح الدين، اربيل، ص68.

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (6) ل403

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (20) ل68-69

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (9) ل286- 289

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (6) ل403-404

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (9) ل255

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (19) ل254-258

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (9) ل290-292

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (1) ل198

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (9) ل293-295

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (1) ل290- 291

. هەمان سەرچاوەی ژمارەی (19) ل278

. هەمان سەرچاوە ل289

. عقيـدة، محمـد ابـو العـلا، (1995): اصـول علـم العقـاب، دار الفكـر العربي، القاهرة، ص198

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (9) ل306-313

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل187-191

. طـالب، حسـن (1997): علـم الاجـرام- الجريمـة، العقوبــة والمؤسسـات الاصلاحية، دار الفنون، بيروت ص176

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (36) ل177

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل388

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (36) ل178

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل444

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (36) ل170

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (8) ل7-8

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (36) ل178

. هەمان سەرچاوەی ژمارە 019) ل236

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل161

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل87

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل348

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (8) ل20

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل218-220

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (8) ل21

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل502

. عبـدالله، محمـد معـروف (1990): علـم العقـاب، دار الحكمــة، بغـداد، ص25

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (36) ل179
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل332
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل26
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل333
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (2) ل240
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل217
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل290
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل331
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (8) ل20
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل445
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل447
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل332
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل353
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (9) ل340-344
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل345
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل355
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل346
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل90
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل361
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل91
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل322-324
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل73
. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل459

- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل460
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل324-328
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل95
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (9) ل236-240
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل463
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل364
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل78
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل464
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل370
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل79
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل366
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل374-377
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل383
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل469-471
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل406
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل144
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل125
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل410
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل477
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل126
- . هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل411-413
- . ئەم سیستمە لەوولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەری هەڵدا بەهۆی ئەزمونێکەوە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، لەسەرەتادا سیستمی

تاقیکردنــەوە لــەولاّتانی (ئــەنگلۆ سکۆســنیە، سیســتمی ئەنگلۆسەکســۆنی) بەرئـەنجامی ئـارەزووی دادگـای قـەزائی بـوو لەجیّبەجیّنـەکردنی سـزاکاندا بەســەر هــەندیّ گوناهبــاردا کــەبارو زروفەکــەیان ئــەوەی پیشــاندەدا کــە پیّویستیان بەو سزایە نیەو باشتر وایە لەدەرەوەی دامـەزراوە سـزاییەکاندا چارەسەر بکریّت، ئەم حەزەش هـەندیّ کەسـی خۆبـەخش یـاریدەدەر بـوون لەجیّبـەجیّ کردنیـدا، ئـەو کەسـە خۆبەخشانە ئامــادەبوون سەرپەرشـتیو یارمەتی ئەوکەسانە بدەن کـەدادگا حـەزی دەکـرد ئازادیـان بکـات، یەکـەمین خۆبەخشیش (جۆن ئۆگەستس) ی وەستای دروستکردنی پیّلاّو بوو لەشـاری (بۆسـتن) کەلەسـالّی 1841حوکمدراویّکـی بـەتاوانی سەرخۆشـی لـەخۆگرت وچاودیّری دەکـرد، پاشـان ئـەو حوکمـدارە بـوو بەهاوولاّتیـەکی چـاك وبـیّ کیّشـەو ئاسـایی، پـاش سـەرکەوتنی ئـەم ئەزموونـە، ئۆگسـتس لــەماوەی حەڤدەسـالّدا 1152 کـورو 794 کچـی (تۆمــەتبارو گوناهبـــاری) لــەخۆگرت وچاودیّری کـردن ویارمـەتی مـادیو مەعنـــەوی دان. لـیّرەوە ژمـارەی ئـەو خۆبەخشانە زیادیکردوو ناونران (ئەفسەری تاقیکردنەوە) بەر لـەوەی یاسا سیستمی تاقیکردنەوە بەڕەسمی بناسیّت.

. هەمان شەرچاوەی ژمارە (33) ل413.

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل128

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل480

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (47) ل129

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل481

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل418

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل482

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل419

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل482

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل483-484

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل422

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل488

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل442

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل348

. هەمان سەرچاوە ل348

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل490

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل446

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل492

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل344

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (33) ل434

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) ل421

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل493

. العطار، محمد سلمان، (1965): الاجرام والمؤسسات العقابية، ط2، دار التضامن، بغداد ص70

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل494

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (8) ل73

. هەمان سەرچاوە ل75

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (19) ل345

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (6) ل498

. هەمان سەرچاوەی ژمارە (8) ل75

. هەمان سەرچاوە ل74

نووسەر لەچەند دێڕێکدا:

★ ساڵی 1966 لە سلێمانی لەدایك بووە.

★ بەشی پەروەردەو ★ سایکۆلۆژیای لەزانکۆی موسڵ بەپلەی یەکەم تەواو کردووە.

★ لەزانکۆی بەغدا ماستەری لەسایکۆلۆژیای (کەسێتیو درووستی دەروون) دا وەرگرتووە.

★ ئەم کتێبانەی بەچاپ گەیاندووە:

- سایکۆلۆژیای خەوتن وخەوبینین. 1997 (نووسین)
- خەواندنی موگناتیسی. 1997 (نووسین)
- خۆشەویستی لەنێوان دڵ ودەماغدا. 1998 (وەرگێڕان)
- دەربارەی هونەری سەرکردایەتی کردن. 2001 (وەرگێڕان)
- سۆسیۆلۆژیای خێزان. 2002 (وەرگێڕان)

• ئادەمیزاد لەنێوان ڕواڵەت وجەوهەردا. (وەرگێڕان) لەژێر چاپدایە.

• دەیان ووتارو لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژیو پاراسایکۆلۆژی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاّو کردۆتەوە.

• ئێستا مامۆستای یاریدەدەرە لە بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان لە زانکۆی سلێمانی.